
## بەڕێوەبەری پاڵاوگەی نەوت:

# پاڵاوگەیەکی مۆدێرن لەکەرکوک دروستدەکرێت کە ڕۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت



دیداری: فەرهاد حەمزە محەمەد

پاڵاوگەی نەوتی کەرکوک کە ساڵانێکی دووردرێژە دروستکراوە خزمەتێکی بێوێنەی دانیشتووانی هەموو عیراقی کردووە ، بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئیشوکارەکانی ئەو کۆمپانیایە، بەچاکمانزانی سەردانی بەڕێوەبەرەکەی بکەین، کاتێک چووین بۆ سەردانی لەکۆبوونەوەدا بوو ئەگەر پێشتر بەڕێوەبەرم نەناسیایەو هاوڕێیەتیم لەگەڵیدا نەبوایە ئەوا بەڕێوەبەرو کارمەندو کرێکارەکانم لێک جیانەدەکردەوە، چونکە بەڕێوەبەریش وەك کرێکارەکانی تر لەکاتی دەوام بەدلەیەکی کارکردنی لەبەردایە.

ئەوەی زیاتر هانیدام چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندازیار عومەر محەمەد ساڵح بکەم ئەوەیە چەندجارێك لەشەودا تەلەفۆنم بۆیکردووە کەچی ئەو لەناو پاڵاوگەکە چاودێری کارەکانی کردووە، سەرەتا لەبارەی دامەزراندنو ناساندنێکی پاڵاوگەکە، وتی: ئەم پاڵاوگەیەی کۆنترین، پاڵاوگەیە لەعیراقدا کە تائێستا مابێت و بەرهەمی هەبێت، ئەگەر باس لەمێژووی دامەزراندن بکەین لەوەی کەرکوك کۆنتر هەیە وەك خانەقین، بەڵام ئەوانە ئێستا نەماون، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە، ئەم پاڵاوگە کۆنە وزەی بەرهەمهێنانمان ١٠٠%ەو، لەساڵی ١٩٧٢ ئەم پاڵاوگەیە دامەزراوە، بەڵام لەمۆدێلدا مۆدێلی چلەکانە، لە سێ یەکە (unit) پێکهاتووەو وزەی بەرهەمهێنانی هەریەکەیان ١٠ هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا.

***ئەو بەروبوومە نەوتیانە چین کە بەرهەمی دەهێنن؟**

-ئەو بەروبوومانەی ڕۆژانە بەرهەمیدەهێنن بریتین لە: یەکەم: نەفتە کە مادەیەکی بنەڕەتییە لەدروستکردنی بەنزین، دووەمیان، یرۆسین، واتە نەوتی سپی کە بۆ بەکارهێنانی ماڵان دەشێتو سێیەمیانیش گاز، ئەوەی دەمێنێتەوە (فیرۆیل) واتە نەوتە ڕەشەکە، سەبارەت بە(فیرۆیل)ەکە دەخرێتە ناو بۆری نەوتی عیراق-تورکیایەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت.

بۆ زانیاریتان لەهەر بەرمیلێك نەوتی خاودا نزیکەی نیوەی دەبێت بە نەفتەو گیرۆسین و گاز، نیوەکەی تری نەوتی ڕەشە.

***بڕی هەریەکە لەو بەرهەمانە چەندن؟**

- ١٨% نەفتە، ١٩%- ٢٠% گیرۆسین، ١٤% گاز، ٤٨% فیرۆیل، ئەگەر ئەمانە بکرێنە ژمارە بەم چەشنە دەردەچێت ٥٤٠٠ بەرمیل نەفتە، ٦٠٠٠ بەرمیل گیرۆسین، ٤٢٠٠ بەرمیل گاز ١٠٦٠٠ بەرمیل فیرۆیل. گرنگترین خاڵ هەرچەندە کەرەستەکانی بەردەستمان زۆر کۆنن، بەشانازییەوە مواسەفاتی بەرهەمە نەوتییەکانمان ١٠٠%.

***ئایا لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە، گۆڕان بەسەر بەرهەمی پاڵاوگەکەتاندا هاتووە؟**

- پرۆژەمان زۆرە، بەڵام لەناو ئەم (unit)ە کۆنانە بەڕاستی ناتوانرێ شتێکی وەها بکرێت، پرۆژەی نوێمان بریتییە لەپاڵاوگە تازەکەی کەرکوك کە لەسەر ڕێگای کەرکوك- دوبز بەبڕی ١٥٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا بەرهەمیدێتی کە نەك تەنها بەشی کەرکوك دەکات، بەڵکو بەشی شارەکانی تری کوردستانیش دەکات.

***هەیکەلی ئیدارێتان چۆنە؟**

-هەیکەلی ئیداریمان دەقاودەق هەیکەلی ئیداری پاڵاوگەی بێجییە، لەڕووی خزمەتگوزارییەوە لەڕووی دەرامەتەوە وەك یەکین، لەداهاتووشدا پاڵاوگە تازەکەی کەرکوکیش تەواودەبێت هەمان هەیکەلی ئیداری دەبێت.

***بەرهەمەکانتان ڕەوانەی کوێ دەکەن؟**

-تاقە شوێنێك کەبەرهەمەکانمانی بۆ دەنێرین گەنجینەی حوزەیرانە (مستودع حزیران) کە بەبۆری ئەنجامدەدرێت. کاتێك من پۆستی بەڕێوەبەری ئەم پاڵاوگەیەم گرتە دەست هیچ ژمێرەرێکی (عداد) تێدانەبوو، نەوت بەفیڕۆ دەڕۆیشت، بەڵام من لەڕێگەی سەرووی خۆمەوە داوای (عداد)م کرد، ئێستا بۆ هەر جۆرە بەروبومێك (عداد)ی خۆیم بۆ داناوە.

***پاڵاوگە تازەکەتان گەیشتۆتە کوێ؟**

- پاڵاوگە تازەکە چەند هەنگاوێك چووەتە پێشەوە، بەڵام ئیش و هەوڵی دەوێت، ئێستا لەوەزارەتی نەوت بەرنامەی سێ پاڵاوگەیان بەدەستەوەیە کەرکوك- میسان- ناسریە، ئەوەی کەرکوك و میسان هەریەکەیان ١٥٠ هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا، ئەوەی ناسریەش ٣٠٠ هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا. پاڵاوگەی کەرکوك پێشتر هەندێ کێشەی بۆ دروستکرا کە دواتر بەیارمەتی دڵسۆزان لەشارەکە چارەسەرکرا، دوا هەنگاویش کە نرابێت ئەوەیە ئەرکی دروستکردنی پاڵاوگەکە بەکۆمپانیایەکی ئەمریکی سپێردراوە، ئێستا لەسەر وەزارەت ماوە هەنگاوەکانی تر بنێت.

دواجار لەبارەی ژمارەی کارمەندانی پاڵاوگەکە، وتی: لەڕاستیدا کارمەندمان زۆرکەمەو لە ٣٠٠ کارمەند کەمترە، کەچی پاڵاوگەی نەجەف لەوەی ئێمە بەرهەمی کەمترەو قەبارەیشی بچوکترە کەچی ژمارەی کارمەندەکانی ٨٠٠ کەسە.

کوردستانی نوێ ژمارە (٤٦٧١) لە ٢٠٠٨/٩/٢٨

# نرخی نەوت



■ فەرهاد حەمزە محەمەد*

لای هەموو لایەك روونە نرخی هەر کالایەك خستنەروو و داواکردن(عرض و طلب) پێوەریەتی و لەو روانگەیەوە دەتوانین نرخەکەی دیاری بکەین، تەنها نەوت نەبێت لەم یاسایە بەدەربووە، لەوکاتەوەی نەوت دۆزراوەتەوەو بەمەبەستی بازرگانی بەکاردەهێنرێ، حەوت کۆمپانیای جیهانیی کەچواریان ئەمریکی و سیانیان ئەوروپی بوون کۆنترۆلی نرخی بازاری نەوتیان کردبوو، ئەم کۆمپانیایانە یەکیان گرتبوو بە(کارتل) ناسرابوون. تا سالانی حەفتاکان ژمارەیەك نرخ بۆ نەوت لەئارادابوو هەریەکەو لەخزمەتی یەکێك لەو کۆمپانیایانە بوو. لەسەرەتادا نرخی نەوت(٢) دۆلار بوو، بەلام دوای دۆزینەوەی نەوت لەئەمریکا نرخی نەوت لەدەیەی شەشەمی سەدەی نۆزدە دابەزییە سەر(١٠) سەنت. ئەم کۆمپانیایانە هەمیشە نرخی نەوتی ولاتانی رۆژهەلاتیان بەکەمی دانابوو لەچاو نرخی نەوتی مەکسیکەوە. گومانی تێدانییە هەموو ئەم ناعەدالەتییانەو بەتالانبردنی نەوتی ولاتانی بەرهەمهێن بوو پالی بەژمارەیەك ولاتەوە نا رێکخراوی ئۆپیك دابمەزرێنن تا نرخی نەوت لەدەست ئەو کۆمپانیایانە دەربهێنن و بیگەرێننەوە بۆ خاوەنی شەرعی خۆی، نرخی نەوت لەمێژوودا بەچوار قۆناغدا تێپەربووە لەوانە:

قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە لەسەرەتای دۆزینەوەی نەوتەوە تا سەرەتای سالانی حەفتاکان درێژەدەکێشێ، لەسیفەتەکانی ئەم قۆناغە تەواوی بازاری نەوت لەلایەن کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانەوە کۆنترۆل کرابوو.

قۆناغی دووەم: لەسەرەتای حەفتاکانەوە درێژەی هەیە تا سەرەتای هەشتاکان لەم قۆناغە نووزەی نارەزایی هەندێ ولاتی ئەندام لەرێکخراوی ئۆپیك دەرکەوت دژ بەسیاسەتەکانی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکان لەدانانی نرخی نەوتدا، هەروەها پەنابردنیان بۆ دیاریکردنی سەقفی بەرهەمی هەر ولاتێکی بەرهەمهێن، سەرەرای ئەمانە هەندێ ولاتی خاوەن نەوت دەستیانکرد بەخۆمالیکردنی نەوت و سامانی ولاتەکەیان لەدەست کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان دەرهێنا.

قۆناغی سێیەم:(١٩٨٤-١٩٩٨) لەم قۆناغەدا دەسەلاتی رێکخراوی ئۆپیك دای لەکزی و نرخی نەوت بەجۆرێك دابەزی کە لەئەنجامدا جارێکیتر ولاتانی بەکاربەر(مستهلك) کۆنترۆلی بازاریان کردەوە.

قۆناغی کۆتایی(١٩٩٩) تائەمرۆ: لەم قۆناغەدا ئۆپیك زۆر لەدەسەلاتەکانی بۆ گەرایەوەو تیایدا هاوسەنگییەك لەنێوان هێزی بەکاربەر(مستهلك)و بەرهەمهێن پەیدابوو بەجۆرێك هیچ لایەك نەتوانێت بەرژەوەندی بەرامبەرەکەی فەرامۆش بکات.

ئەوەی زیاتر ئەم قۆناغەی هێنایە پێشەوە سەرهەلدانی گۆرانی بنەرەتی بوو لەسەر داخوازی لەسەر نەوت، ولاتانی وەها هاتنە مەیدانەوە کە لەقۆناغەکانی پێشوودا فرۆشیاری نەوت بوون، بەلام لەم قۆناغەدا نەوتەکەی خۆیان بەشیانی نەکردووەو ناچار دەستیان کردووە بەنەوت کرین و گرنگترین ئەم ولاتانە چین و هیندە.

لەلایەکیتریشەوە هەموو هەولی زانایان بۆ گەیشتن بەئەلتەرناتیڤێك بۆ نەوت ئامانجی خۆی نەپێکاوەو دەتوانین بلێین شکستی هێنا، بۆیە رۆژبەرۆژ نەوت بەنرخ دەبێت و خەریکە وەك کالاکانیتر پرەنسیپی(خواستن و داواکردن)ی بەسەردا ساغ دەبێتەوە. بەرامبەر ئەم بەرزبوونەوەیەش ولاتانی بەکاربەر زۆر کۆشش دەکەن بۆ داگرتنی نرخی نەوت ئەویش لەرێگەی گوشار خستنەسەر ولاتانی بەرهەمهێن بۆ زیادکردنی بەرهەم، سەردانەکەی ئەم دواییەی جۆرج بوش بۆ شانشینی سعودیە یەکێك بوو لەو هەولانە، بەلام کاریگەرییەکەی لەسەر داگرتنی نرخی نەوت لەچەند رۆژێك بەولاوە درێژەی نەکێشا.

* ئەندازیاری
جیۆلۆجی لەکەرکوك.



پالاوتگەیەکی نەوت لەعیراق

کوردستانی نوێ (٤٩٤٨) لە ٢٠٠٩/٨/١٣

# ئایا سەدەی بیست و یەك دەبێتە سەدەی غازی سروشتی؟

■ فەرهاد حەمزە محەمەد

ئاشکرایە ڕۆژانە وڵاتانی جیهان بڕێکی زۆری نەوت بەکاردەهێنن کەئێستا خەرجی لە٨٤ ملیۆن بەرمیل دەدات، ساڵ لەدوای ساڵیش لەزیادبووندایە، زانایان لەو بڕوایەدان ڕۆژێك دادێت ئەو نەوتەی ئێستا هەیە زوو لەکەمبوونەوە دواتر نەمان بکات.

سەدەی ڕابردوو واتا سەدەی بیست، سەدەی نەوت بوو، بەو هۆیەوە چەندین شەڕوشۆڕی لەپێناودا بەرپاکراو سەری چەندین تەرمانڕەوایش خوارد.

ماوەی چەند ساڵێك دەبێت جیهان سەرنجی بەلای غازی سروشتیدا دەڕوات بۆ بەکارهێنانی لەبوارە جیاجیاکاندا لەساڵی ٢٠٠١ دا ٢٦٪ی وزەی بەکارهاتوو لەغازی سروشتییەوە بووە، ئەگەر بڕوانینە یەدەکی غاز لەجیهاندا کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە دەبینین زۆرینەی غازی سروشتی جیهان لەڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆبووەتەوە.

ئەمریکای باکوور ٥٪

ئەمریکای ناوەڕاست و باشوور ٤,٦٪

ئەوروپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ٣٪

ڕوسیا و ئەو وڵاتانەی لێی جیابوونەتەوە ٣٦٪

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٣٦,٢٪

ئەفریقیا ٧,٢٪

کۆی یەدەکی جیهان لەغازی سروشتی ٥٤٥٧,١ تریلیۆن/ پێ سێ جایە کەدەکاتە ١٥٠تریلیۆن/ مەتر سێجا.

کەم بەکارهێنانی غاز لەڕابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەختی و گرانی لەگواستنەوەو هەڵگرتنیدا، بەڵام پاش پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا توانرا بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵبن و ئێستا دەکرێت لەژێر پەستانی بەرزدا شلبکرێتەوەو لەڕێگەی لوولە یان بەتانکەر بۆ شوێنێتر بگوازرێتەوە.

سەبارەت بەعیراقیش ئەوەی تائێستا لەبارەی یەدەکی غازی سروشتییەوە زانراوە ١١٠ تریلیۆن/ پێ سێجایە یان ٣ تریلیۆن/ مەتر سێجا کەدەکاتە ٢٪ی یەدەکی جیهان.

ڕوسیا بەیەکەم وڵاتی جیهان دەژمێرێت لەهەناردەکردنی غازی سروشتیدا کە لەڕێگەی دوو لوولەوە غاز هەناردەی ئەورووپا دەکات، ئێستاش سەرگەرمی ڕاکێشانی لوولەی سێیەمە بەناوی south stream.

دووەم وڵاتیش ئێرانە. سێیەمیش قەتەرە کە لەساڵی (١٩٩٧)ەوە غازی سروشتی ڕەوانەی دەرەوە دەکات.

هەرچەندە ئێران دووەمین وڵاتی جیهانە لەیەدەکی غازی سروشتیدا، بەڵام بەهۆی ئەو ئابلوقەیەی ئەمریکا خستویەتییە سەری نەیتوانییەوە هەنگاوی گەورە بهاوێت لەبواری ناردنە دەرەوەی غازدا، بەڵام لەم دواییەدا بەنیازە کار لەو بوارەدا بکات، لەوانە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ تورکیا بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتی ئێران بۆ ئەورووپا لەڕێگەی تورکیاوە بۆ یۆنان - ئیتاڵیا لەوێشەوە بۆ چەند وڵاتێکی ئەورووپی کەدرێژی ئەو بۆرییە ١٧٤٠ کیلۆمەترە، بڕی غازی هەناردەکراویش دەکات ٢٠,٤ ملیار مەتر/سێجا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ تایلەندیش ئارەزووی خۆی دەربڕی لەسوودوەرگرتن لەلوولەی غازی سروشتی ئێرانی، هەروەها لەبەرنامەی حکومەتی ئێراندایە بۆرییەکی غاز بەرەو سوریاش ڕابکێشێت. هەر لەبواری گرنگی غازی سروشتیدا لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ حکومەتی جەزائیرو نایجیریا پرۆتۆکۆلێکیان ئیمزاکرد بەمەبەستی هەناردەکردنی غازی سروشتی بۆ ئەورووپا.

بەڵام لەعیراقدا زۆر بەکەمیی سوود لەغازی سروشتی وەرگیراوە بەمەبەستی هەناردەکردن، ڕۆژانە ملیۆنان مەتر سێجا غاز دەسوتێت و بەفیڕۆ دەڕوات، ئەوەی تائێستا کراوە ئەو ڕێککەوتنەیە کەوەزارەتی نەوت لەگەڵ کۆمپانیای (shell) هۆڵەندی ئیمزایکرد بۆ بەرهەمهێنانی ٧٠٠ ملیۆن پێ سێجا لەغازی سروشتی، بەکۆتاییهاتنی ئەم پرۆژەیە دەتوانرێت بەسەر کێشەی کارەبادا زاڵبن.

لەساڵی پاردا گرنگی غازی سروشتی وای لەڕوسیاو ئێران و قەتەرکرد کەڕێکخراوێکی وەك ڕێکخراوی ئۆپێك دابمەزرێنن تایبەت بەو وڵاتانەی غازی سروشتی هەناردە دەکەن، ئەوەتا ئەلیکس میلەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای (غاز برۆم)ی ڕوسی دەڵێت: لەبەرئەوەی ڕوسیاو قەتەرو ئێران خاوەنی ٣/٥ی یەدەکی غازی سروشتی جیهانن، بۆیە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی هەردەم ئاگاداری یەکتربین و پەیوەندی هەمیشەییمان پێکەوە هەبێت، بەشێوەی دەوریش کۆبوونەوە ئەنجامبدەین.

ئەمریکاو وڵاتە ئەورووپاییەکان ئەم هەنگاوەی ئەو سێ وڵاتە زۆر نیگەرانیکردن و ڕێگری و کۆسپی تەواویان دروستکرد لەبەرئەنجامدانی کارێکی وەهادا.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی/ کەرکوك



٢٠١٠/٣/٢٨ ١٩

# کێڵگە نەوتە هاوبەشەکانی نێوان عیراق و دراوسێکانی

فەرهاد هەمزە محەممەد*

عیراق بەم سنوورەی ئێستایەوە لەساڵی ١٩٢٥دا دروست بووە و چواردەور دراوە بەچەند وڵاتێک کەهەمووی سنووری وشکانی لەگەڵدایە. لەگەڵ هەریەک لەئوردن و سعودیەو سوریاو تورکیا، هیچ کێشەیەکی سنووری بەرچاو ڕووینەداوەو لەئێستاشدا هیچ کێشەیەکی نەوتی لەنێوان عیراق و ئەو وڵاتانەدا نییە، ئەوەی هەیەو لەئارادایە تەنها لەگەڵ ئێرانەو ئارادیەکی کەمیش لەگەڵ کوێت.

## سنووری عیراق ئێران

ئێران: عیراق و ئێران سنوورێکی دوورو درێژی ١٥٠٠ کیلۆمەتری لەنێوانیاندایە زۆربەی کات ئەم سنوورە نا ئارام بووە، هۆیەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەچەسپاندنی سنووری لەنێوان ئەم دوو وڵاتە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو. پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق چەند ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا ئیمزاکراوە، بەڵام سنوورەکان هەر بە ناجێگیری ماونەتەوە.

لە ساڵی ١٩٢١ کە دەوڵەتی عیراق دامەزرا حکومەتی ئێران دانی پێدانەنا کێشەی سنووری نێوان هەردوولا دەستی پێکردەوە، لەساڵی ١٩٣٧ پەیماننامەی سەعد ئاباد لەنێوان هەردوولادا بەسترا، بەگوێرەی بەندێکی ئەم پەیماننامەیە دەبوایە لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوولا پێکبهێنرێ بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوولا، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانەوە نەیانتوانی کارەکانیان تەواو بکەن و کێشەکە وەک خۆی مایەوە. لە ئازاری ١٩٧٥ کاتێک ڕێککەوتننامەی جەزائیر بەستراو بەشێک لەخاکی عیراق درا بەئێران، بەڵام لەساڵی ١٩٨٠ سەدام حسێن ئەم ڕێککەوتننامەیەی دڕی و بەهەڵوەشاوەی لە قەڵەمدا، دوای پرۆسەی ئازادیش ئێران داوادەکات بگەڕێنەوە سەر ڕێککەوتننامەی جەزائیر.

## دە کێڵگەی نەوتی دۆزراونەتەوە

ئەم سنوورە دوورو درێژەی لەنێوان عیراق و ئێراندایە ١٠ کێڵگەی نەوتی بەرهەم هێنراوو دۆزراوەو ١١ تەرکیبی هەڵنەکەنراوی تێدایە، کێڵگەی (فەککە) یەکێکە لەکێڵگە بەرهەمهێنەکان و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری عیمارەوە لەسەر سنووری عیراق ئێران، لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە کۆمپانیایەکی فەرەنسی ژمارەیەک بیری تێدا هەڵکەندووەو تا ئێستا ٢٤ بیری تێدا هەڵکەنراوە، ٩ لەم بیرانە دەکەوێتە ناو خاکی عیراقەوە، ئەوانیتریش دەکەونە سەر شریتی سنووری نێوان هەردوو وڵات. یەدەکی کێڵگەی فەککە نیو ملیار بەرمیل نەوتە بیری ژمارە ٤ بەم دواییە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن ئێرانەوە داگیرکرار کێشەیەکی زۆری لێکەوتەوە، هەرچەندە ئەم بیرە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هەڵکەنراوەو لەکاتی شەڕی ئێران و عیراقدا لەبەرهەم هێنان وەستاوە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئامانجی سیاسی لەپشتەوەبوو زیاتر نەک خودی بیرەکە.

## کێڵگەی فەککە دەخرێتە موزایەدەوە

کێڵگەی فەککە لە خولی یەکەمی گرێبەستەکاندا لەسەرەتای حوزەیرانی ساڵی پاردا خرابووە بەردەم موزایەدەی کۆمپانیا بیانیەکانەوە، بەڵام هیچ کۆمپانیایەک وەرینەگرت.

کێڵگەی نەفتخانەش یەکێکترە لەو کێڵگانەی لەنێوان عیراق و ئێراندا هاوبەشەو لەدیوی ئێراندا پێی دەڵێن: (نەفت شاه)، زیاتر لە نیوەی دەکەوێتە دیوی ئێرانەوە لەدیوی عیراق درێژیەکەی ١٦ کیلۆمەترەو پانییەکەشی ٣ کیلۆمەتر.

نەوت لەم کێڵگەیە لەمێژوو کۆنەوە هاتۆتە سەر زەوی و خەڵکی بەشێوەیەکی سادە بەکاریانهێناوە تەنانەت لەسەردەمی مەدحەت پاشادا لەساڵی ١٨٧٢بۆ ١٨٦٩ ویستویانە بەیارمەتی ئەڵمانەکان پاڵاوگەیەک لەبەعقوبە بۆ پاڵاوتنی ئەو نەوتەی نەفتخانە دابمەزرێنن، بەڵام بەلاچوونی لەسەر حوکم پرۆژەکە شکستی هێنا. لە ٢٦ /٥/ ١٩٢٣ یەکەم بیری تێدا هەڵکەنرا، لەساڵی ١٩٢٥ کۆمپانیایەک بەناوی کۆمپانیای نەوتی خانەقین دامەزرا کە لقێکی جیاوەبوو لەکۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی- فارسی بۆ دەرهێنانی نەوت لەکێڵگەی نەفتخانە. لەساڵی ١٩٢٦ شۆڕشێکی ناوخۆ دژ بەشای ئێران بەرپابوو، ئینگلیزو ئێران ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئێران دان بەعیراقیێتی کێڵگەی نەفتخانەدا بنێت بەرامبەر یارمەتینەدانی ئۆپۆزسیۆنی دژ بەئێران.




بەهۆی ململانێی سیاسییەوە عیراق بەدەیان کێڵگەی نەوتی لێ زەوت دەکرێت

## نەوتی خانەقین باشترینە

نەوتی دەڤەری خانەقین جۆرێکی چاکەو سووکە گۆگردیشی زۆر کەمە لەبەر چاکی جۆری نەوتەکە حکومەتی عیراق سەرەتا لوولەیەکی نەوتی ١٢ ئینجی لە نەفتخانەوە بۆ بەغدا بەدووری ١٣٠ کیلۆمەتر ڕاکێشا کە ڕۆژانە ١٦ هەزار بەرمیل نەوت لێوەی ڕەوانەی پاڵاوگەی دۆرە لە بەغدا دەکراو بەنزینی فڕۆکەی لێدەردەهێنرا.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٥١ حکومەتی عیراق کۆمپانیای نەوتی خانەقینی کڕییەوە، پرۆسەی هەڵکەندی بیری نەوت لەکێڵگەی نەفتخانە تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بوو ئەو کاتەی شەڕی عیراق و ئێران هەڵگیرسا، لەو کاتەدا کۆمپانیای نەوتی باکوور سەرقاڵی هەڵکەندی بیری ژمارە ٣٨ بوو، لەبەر نزیکی ناوچەکە لەمەیدانی شەڕەوە کارکردن تێیدا وەستا تا ساڵی ٢٠٠٠ جارێکیتر دەست کرایەوە بە بیرهەڵکەندن و تا ژمارەیان گەیشتە ٤٢ بیر. لەدوای پرۆسەی ئازادیشەوە عیراق هیچ چالاکییەکی نەوتی لەو کێڵگەیەدا نییەو ئێران بەئارەزووی خۆی نەوت دەردەکات.

لەدوا هەنگاویشدا بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی باکوور بەفەرمانی کارگێڕی ژمارە ٦٦٧١ لە ٢٠١٠/١/٢٠ هەرچی کارمەندی هۆبەی نەفتخانە هەیەکە ژمارەیان ٢٥٥ کەس بوو لەسەر میلاکی کۆمپانیای نەوتی باکوور گواسترانەوە بۆ سەر هۆبەی بەرهەم هێنان لەکۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پچڕاندنی کێڵگەیەکی نەوتیە لە جەستەی خاکی کوردستان.

## کێڵگە نەوتییە عیراقییەکان لە خاکی کوێتدا


کوێت: کێشەی نێوان عیراق و کوێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کوێت لەعیراق دابڕاوە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتییەوە هەر لەسەردەمی عبدالكريم قاسمەوە عیراق هەوڵی گێڕانەوەی کوێت دەدات تا لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا لە ئابی ١٩٩٠ عیراق بەیەکجارەکی کوێتی داگیرکردو هەموو کێڵگە نەوتییەکانی کوێتی بۆ خۆی زەوتکرد، پاش پرۆسەی گەردەلولی بیابانیش هێزەکانی عیراق لەکوێت وەدەرنراون و ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئیمزاکرا، بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە عیراق ١٠ کیلۆمەتر لەسنووری پێش داگیرکردن هاتەدواوە، لەئەنجامی ئەمەشدا بەشێکی کێڵگەی نەوتی ڕومیلە کەوتە خاکی کوێتەوەو لەوکاتەوە کوێت بەئارەزووی خۆی نەوت دەردەکات، دوور نییە لەئاییندەدا ئەم کێشەیەش سەر هەڵبداتەوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی کەرکوک

کوردستانی نوێ ژمارە (٥١٦٥) لە ٢٥/٥/٢٠١٠

## بەڕێوەبەری کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەنەوتی باکوور:

# ئامادەین لە هەرێمی کوردستان بیری نەوت هەڵبکەنین



**دیداری:**

**فەرهاد هەمزە محەمەد**

کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری نەوتی باکوور بۆ بیست ساڵ دەچێت ئەرکی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکانی کۆمپانیای نەوتی باکووری گرتووەتە ئەستۆو ژمارەیەکی زۆر ئەندازیارو کرێکار لەو کۆمپانیایەدا کاردەکەن، لەبەر گرنگی ئەرکی ئەو کۆمپانیایە سەردانی (کازم خەنجەر) بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەمان کردو چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

**+ئایا دەکرێت کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بەکۆمپانیاکەتان بخەنەڕوو؟**

-کۆمپانیاکەمان لەساڵی ١٩٩٠ دامەزراوە لەدوو لق پێکدێت، لقی باشوورو باکوور، یەکەمیان ئەرکی هەڵکەندنی بیرە نەوتەکانی بەشی باشووری عیراق لەئەستۆ دەگرێت، هەرچی لقی باکووریشە کە لقەکەی ئێمەیە ئەرکی هەڵکەندنی بیرەکانی باکووری عیراق جێبەجێ دەکات، بەڕێوەبەری گشتیش لەبەغدا کارەکان بەڕێوەدەبات، لەساڵی ٢٠٠٩دا دوای بەرفراوان بوونی کارەکان گۆڕا بۆ دەستە عیراق کرا بەپێنج دەستەوە، کە ئێمە (دەستەی عەمەلیاتی دوو) پێکدەهێنین.

**+ پێش ساڵی ١٩٩٠ کە کۆمپانیاکەتان هێشتا دانەمەزرابوو کێ بیرە نەوتەکانی هەڵدەکەند؟**

- پێش ئەو مێژووە بەشی هەڵکەندن (قسم الحفر) لەکۆمپانیای نەوتی باکوور خۆیان ئەو ئەرکەیان جێبەجێ دەکرد.

**+ژمارەی کارمەندەکانتان چەند دەبن؟**

-زیاتر لە ١٦٠٠ کارمەند.

**+ ژمارەی ئەو تاوەرانەی لەکاردانتاندا هەیە چەندە؟**

-تاوەرە کۆنەکان ژمارەیان ٧ دانەیە، تاوەرە تازەکانیش کە لەئیتالیاوە بۆمان هاتووە ژمارەیان دوو دانەیە یەکەمیان لە ١٧-١٢-٢٠٠٩ گەیشتە دەستمان ئەوی تریشیان لەسەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ وەرمانگرتووە، بەڵام ئەوەی بۆ سەرانسەری عیراق هاوردەکراوە ٢٤ تاوەرە نرخی هەر یەکێکیان ٢٥ملیۆن دۆلارە.

**+سنوری کارکردنتان کوێ دەگرێتەوە؟**

-لەشاری بەغداوە تا هەموو ناوچەکانی باکوور دەگرێتەوە.

**+شێوەی کارکردنتان لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوور چۆنە؟**

-کۆمپانیاکەمان کۆمپانیایەکی فیدرالیە بەشێوەیەکی رۆژانە کاردەکەین رۆژانەی تاوەرەکانمان ٢٥ ملیۆن دینارەو هێنانی کەرەسەکانیتری وەک بۆریو ناوپۆش کردن (CASING)و کەرەسەکانیتر لەسەر ئێمە نییە، ئەرکی ئێمە تەنها هەڵکەندنە.

پلانی ئەمساڵیشمان هەڵکەندنی ٢٥ بیرە بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور بەبڕی ٥٠ ملیار دینار لەکێڵگەکانی بای حەسەنو خەبازو عەجیلو (جمبور) چەمبور. هەر بیرێکیش نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن دیناری تێدەچێت.

**+ئەگەر حکومەتی هەرێم داوای هەڵکەندنی بیرتان لێبکات جێبەجێی دەکەن؟**

-بەڵێ هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیاکەمان نووسینگەیەکی لەشاری هەولێر کردووەتەوە.

No: 4641 Monday 4/8/2008
ساڵی هەشتەم - ژمارە (٤٦٤١) دووشەممە ٢٠٠٨/٨/٤
کوردستانی نوێ

# پاڵاوگەی ئەڵوەند لەگەڵ زەویدا تەختکرا

■ فەرهاد هەمزە محەمەد*

ناوچەی خانەقین کۆنترین ناوچەیە لەعیراقدا، کەتیایدا هەوڵی گەران و پشکنین بەدوای نەوتدا درابێت، لەساڵانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەڵمانەکان پێش هەموو شوێنێک لەناوچەی خانەقین سەرقاڵی گەران و پشکنین بوون بەدوای نەوتدا، پێش ئەوەی بیری زانایان بەلای کەرکوکدا بچێت خەیاڵیان چووە سەر ناوچەی(چیا سورخ )ی سنووری، ئەوەبوو لەساڵی(١٩٠٣) یەکەم بیری نەوتیان تێدا هەڵکەند، دوا بەدوای ئەوە چەند بیرێکی تری بەدواوە هات، بەڵام بەهۆی کەمی نەوتەکەوە رووودانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەو بیرانە فەرامۆشکران و چیتر ئەڵمانەکان بەو ناوەدا نەهاتنەوە. ناوچەی خانەقین ژمارەیەک کێڵگەی نەوتی تێدایە، بەڵام تەنها لەم سێ شوێنەدا بیر لێدراوە:

١- نـاودومـان، نـەوتـەکـەی نەوتێکی جۆری نایابە لەساڵی (١٩٧٩)کۆمپانیایەکی رووسی دوو بیری تێدا هەڵکەندووە.

٢- جربیکە، ئەمیش تەنها دوو بیری تێدا هەڵکەندراوەو نەوتەکەی جۆرێکی چاکە.

٣- نەفت خانە ئەمەیان گرنگترین کێڵگەیەو درێژییەکەی( ١٦کم ) ربانییەکەی( ٣کم )دەبێت.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا زیاتر باسی لێ بکەین کێڵگەی سێیەمیانە، چونکە سیفەتێکی تێدایە جیاوازە لەوانی تر. ئەم کێڵگەیە بەشێکی دەکەوێتە خاکی ئێرانەوەو پێی دەڵێن نەفت شا، بەشەکەی تری دەکەوێتە خاکی عیراقەوەو بە(نەفتخانە) ناسراوە، لەسەردەمی بەعسدا لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی عیراق - ئێران ناویان گۆڕی بۆ( نفط صدام )

لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئینگلیزەکان بەهۆی دەرپەڕینی نەوت لەسەر زەوی بەشێوەیەکی سروشتی و بەبێ دەستوەردانی مرۆڤ هەستیان بەبوونی نەوت لەناوچەکەدا کردبوو، هەربۆیە کۆمپانیای نەوتی خانەقین لەساڵی(١٩١٩) دەستیان بەهەڵکەندنی یەکەم بیرکرد، بەهۆی بوونی کۆمەڵێک کێشەی میکانیکییەوە کارەکە دواکەوت تا(١٩٢٣/٥/٢٦) کەیەکەم بیری تێدا هەڵکەندرا. ئەم بیرە بەهۆی هەندێ هەڵەوە گڕی گرت کەدواتر کوژاندیانەوە، بەڵام بەرژمارەی(٩) مانگ نەوتی لێ دەڕژی بەبڕی (١-٠,٥)ملیون گالۆن لەرۆژێکدا.

نەوتی دەڤەری خانەقین جۆرێکی چاکەو سووکە گۆگردیشی کەمە. لەبەر چاکی جۆری نەوتەکە حکومەتی عیراق سەرەتا لوولەیەکی نەوتی(١٢) ئینجی لەنەفتخانەوە بۆ بەغدا بەدووری(١٣٠) کیلۆ مەتر راکێشا کەرۆژانە(١٦) هەزار بەرمیل نەوت لێوەی رەوانەی پاڵاوگەی دۆرە لەبەغدا دەکراو بەنزینی فڕۆکەی لێدەردەهێنرا.

لەساڵی(١٩٦٥) یش پەرە بەو هێڵەدرا و توانرا بڕی نەوتی گواستراوەی خانەقین بۆ بەغدا بگەیەنرێتە(٢٥) هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا. جگە لەمە سوودێکی تری لێ دەبینرا ئەویش بەتێکەڵکردنی لەگەڵ نەوتی کێڵگەی (شرق بغداد ) کەنەوتەکەی قورس و بێکەڵک بوو.

لەکانونی یەکەمی(١٩٥١)دا حکومەتی عیراق کۆمپانیای نەوتی خانەقینی کڕییەوە، لەساڵی(١٩٥٨) یشەوە ئەندازیاری عیراقی ئەو پاڵاوگەیە دەبات بەڕێوە.

پرۆسەی هەڵکەندنی نەوت تاساڵی(١٩٨٠) بەردەوام بوو ئەوکاتەی جەنگی عێراق - ئێران دەستپێکرد، لەو کاتەدا کۆمپانیای نەوتی باکوور سەرقاڵی هەڵکەندنی بیری ژمارە(٣٨) بوو، لەبەر زۆر نزیکی ناوچەکە لەسنووری ئێرانەوە بیرەکەیان داخست و کارکردن تێیدا وەستێنرا، لەساڵانی(٢٠٠٠) یشدا جارێکی تر دەستکرایەوە بەبیر هەڵکەندن و تاژمارەیان گەیشتە(٤٢) بیر. ئەوەی لێرەدا بەپێویستی دەزانم بیلێم ئەوەیە دوا بەدوای پرۆسەی ئازادی بەرهەمهێنان لەو کێڵگەیە بەتەواوی وەستاو ئێرانیش بەئارەزوی خۆی بەرهەمدەهێنێ بێئەوەی گوێ بداتە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بەشە نەوتی هەردوو دیو بۆ خۆی دەبات و حکومەتی عیراقیش هیچ هەڵویستێکی لەم بارەیەوە نییە. ئاشکرایە لەساڵی(١٩٢٧)بەدواوە خانەقین پاڵاوگەی تێدا بوونیادنراوە بەناوی( پاڵاوگەی ئەڵوەند )ەوە کەچی لەئێران لەساڵی( ١٩٣٥ ) پاڵاوگەی کرمانشا دامەزرا. لەسەرەتادا بەرهەمی ئەوپاڵاوگەیە(٤-٧) هەزار بەرمیل بوو لەرۆژێکدا، بەڵام دوای بەرزبوونەوەی پێویستی ناوخۆیی بۆ سووتەمەنی، بۆرییەکی(١٠) ئینجی لەنەفتخانەوە بۆ پاڵاوگەی ئەڵوەند راکێشرا.

لەساڵی(١٩٧٧) هەندێ گۆڕانکاری هونەری لەو پاڵاوگەیەدا کراو بەرهەمی بەرزکرایەوە بۆ(١٢,٥ )هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا، لەکاتی خۆشیدا(٣) هەزار کرێکار لەو پاڵاوگەیە کاریاندەکرد.

لەساڵی(١٩٨٠) کەشەڕی عیراق- ئێران هەڵگیرسا ئەم پاڵاوگەیە بەهۆی نزیکییەوە لەمەیدانی شەڕەکە زیانی لێکەوت و بە یەکجاری لەکارکردن وەستا. بەکۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی عیراق- ئێران، حکومەتی بەعس لەموزایەدەیەکدا پاڵاوگەکەی بە(٥٥٠) ملیون دینار فرۆشت و شوێنەکەشی لەسەر نەخشە سڕییەوە.


لەدوای پرۆسەی ئازادیداو لە(٧/٧/٢٠٠٥) لیژنەیەک پێکهێنرا بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی خانەقین بەناوی(لیژنەی نەوت) بۆ تاووتوێکردنی بارودۆخی نەوت لەخانەقین.

ئەم لیژنەیەو چەندین لایەنی تر داوایان لەوەزارەتی نەوت کرد بۆ دامەزراندنی پاڵاوگەیەک لەو ناوچەیە، بەڵام حکومەت هەموو رەتی دەکردەوە. دواجار حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت لەبەردەم پەرلەمانی عیراقدا راشکاوانە پاساوی ناراستی هێنایەوە گوایە بەرهەمی کێڵگەکانی خانەقین کەمەو پێویستی بەپاڵاوگە نییە.

لەراستیدا بەرهەمی کێڵگەی نەفتخانە کەم نییە بەو رادەیەی شەهرستانی باسی لێوەدەکات، بەڵکو فاکتەری سیاسی هەیە پاڵیان پێوەدەنێت پاڵاوگە لەخانەقین نەکەنەوە کەسەرئەنجام ئێران سوودمەند دەبێت ئەو نەوتە ژێر بەژێر بۆخۆی دەبات.

ئەرکی حکومەتی عیراقە پەلە بکات لەدامەزراندنی پاڵاوگەیەک لەخانەقین، چونکە مافێکی مێژوویی زەوتکراوەو شارەکەش لەرووی ئاسایشەوە ئارامە کەئەوە خۆی لەخۆیدا هاندەرە بۆ کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنان لەو شارەدا کەدەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆی بەرووبوومە نەوتییەکان لەبری ئەوەی لەدەرەوە بهێنرێت

* ئەندازیاری جیۆلۆجی/کەرکوک




کارکردنی دوو کرێکار لە کۆمپانیایەکی نەوتیدا

# کەرکوکی سەر دەریای نەوت و کێشەی پالاوگە

No: 4629 Monday 21/7/2008
ساڵی هەشتەم-ژمارە (٤٦٢٩) دووشەممە ٢٠٠٨/٧/٢١

■ فەرهاد هەمزە محەمەد

پێش چەند مانگێک یادی هەشتا ساڵەی دۆزینەوەی نەوت لەکەرکوک کرایەوەو بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی گەورە ئەنجامدرا.
پالاوگە یەکێکە لەدامەزراوە گرنگەکانی کەرتی نەوت، بەلای پسپۆڕانەوە راچاکە هەمرو پالاوگەیەک نزیک سەرچاوەی نەوت بێت تا بەکەمترین خەرجی(Cost) نەوت لەبیرەکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ پالاوگەکان. ئینگلیزەکان لەساڵی(١٩٦٠-١٩٧٠) سێ یەکە(Unit)ی پالاوتنی نەوتیان بۆ کەرکوک هێنا کە لەبنەڕەتدا مۆدێلی(١٩٤٠) بوو، لەوساتەوە تائێستا کاردەکات و بڕی بەرهەمەکەی بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ ناگونجێ، لەرۆژێکدا توانای لە(١٠) هەزار بەرمیل سووتەمەنی بەنەوت و گازو بەنزینەوە. زیاتر نییە کەئەمە ناتوانێت پێویستی شارەکە دابینبکات. لەساڵانی هەشتاکاندا حکومەتی بەعس وای بەچاکزانی چەند پالاوگەیەکی مۆدێرن بۆ پالاوتنی نەوتی کەرکوک بهێنێت، بەعسییەکان بۆ دانانی شوێنی پالاوگەکە سیاسییانە روانییانە مەسەلەکە نەک هونەریی و زانستییانە، لەجیاتی ئەوەی لەنزیک سەرچاوەی نەوتەکە دایبمەزرێنن کەکەرکوکە، هەڵسان گواستیانەوە بۆ شارۆچکەی بێجی سوننەنشین، کەبەوهۆیەوە ئاوەدانی و گەشەسەندنێکی وەها کەوتە ئەوشارەوە کەئەمڕۆشی لەگەڵدابێت ئەم شارە سوودێکی زۆری لەو پالاوگەیە بینیوە. لەدوای پرۆسەی ئازادی کەقەیرانی سووتەمەنی سەرانسەری عیراقی گرتەوە بەشاری کەرکوکیشەوە ئیدارەی کەرکوک بە بەردەوامی داوای لەوەزارەتی نەوت دەکرد کەپالاوگەیەکی نوێ لەکەرکوک دابمەزرێنێت، بەلام حکومەتی بەغدا هەرسستی و تەمبەڵی لێدەکرد، تادواجار لە(٢٠/ ١/ ٢٠٠٧) رەزامەندییان دەربڕی لەسەر دامەزراندنی پالاوگەیەک لەشارەکە بەبڕی(١٥٠) هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا. ئێستا وا لەمانگی تەمموزی ساڵی(٢٠٠٨)داین خەڵکی کەرکوک هەرچاویان لەو پالاوگەیەیە کەدابمەزرێت. لێرەوە بەحوکمی کارکردنم لەکۆمپانیای نەوت هەندێ زانیاری نوێ دەخەمە بەردەست. هەرلەدوای دەرچوونی رەزامەندی لەسەر ئەو پالاوگەیە ماوەی ساڵێک کێشە دروستبوو لەسەر شوێنی پالاوگەکە تادواتر لەسەر رێگەی(قوشقایە-دووبز) گیرسایەوە، رووبەری ئەم پالاوگەیە(٣٢٠٠م) درێژی و(٢٠٠٠م) پانیەتی(١٥کم) لەسەنتەری کەرکوکەوە دوورە. وا بۆ ساڵ و نیوێک دەچێت هێشتا بەردی بناغەی دانەنراوە، حاڵی حازر لەقۆناغی یەکلاییکردنەوەی زەوییەکەدان کە(٨٠٪)ی موڵکی کۆمپانیای نەوتەو لە(٢٠٪)یشی موڵکی خەڵکە، ئەگەر بەم میکانیزمەی ئێستا کاربکرێت بۆ کۆتایی ساڵی(٢٠١٠) تەواودەبێت، ئەگەر لەمەزیاتر سستی تێدا بنوێنرێت ئەوا ئاسۆ رووننابێت. ئەوەندە دەڵێم ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی ئەم حکومەتە نوێیەی عیراقدا هەیە، ئەزموونی دواخستن و پەکخستنی هەردوو پالاوگەی بازیان و کۆیە چاکترین سەلمێنەری قسەکانمن، خەڵکی کەرکوکیش هەرچەندە لەسەر دەریایەک نەوتن، بەلام نە لەسەردەمی بەعس و نە لەسەردەمی حکومەتی نوێدا تێریان لەبەرووبوومی سروشتی خۆیان نەخوارد.



* ئەندازیاری جیۆلۆجی- کەرکوک.
Fhm_k2003@yahoo.com

No: 4569 Monday 12/5/2008
ساڵی حەڤدەهەم-ژمارە (٤٥٦٩) دووشەممە ٢٠٠٨/٥/١٢

# بۆچی نرخی نەوت لەبەرزبوونەوەدایە؟

■ فەرهاد حەمزە محەمەد*

بۆ ساڵێك دەچێت دەبینین نرخی نەوت هەر لەبەرزبوونەوەدایەو هەرچەندە جاری واهەیە چەند سەنتێك یادۆلارێك دێتەخوارێ، بەڵام ئەو راستییە ناگۆڕێت کەنەوت لەبەرزبوونەوەی بەردەوام دایە.

ئەوکاتەی نەوت گەیشتە(١٠٠)دۆلار جیهان تووشی شۆك و سەرسوڕمان بوو کەبۆ یەکەجار لەمێژوودا نرخی بەرمیلێك(١٥٩) لتر، نەوت بگاتە ئەو ژمارە پێوانەییە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد(١٠٠) دۆلاریشی تێپەڕاندو گەیشتە(١٢١) دۆلارو سەرووتر.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ ئەویش ئەوەیە: ئەم بەرزبوونەوەیە تاکەی و چ شوێنەوارێك لەسەر ئابووری جیهان بەجێدەهێڵێت، ئایا چیکراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بەرەنگارییە گەورەیە.

زۆرن ئەوانەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەگێڕنەوە بۆ قەیرانە سیاسییەکانی وڵاتانی بەرهەمهێن بۆ نموونە پێش ماوەیەك بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیان گێڕایەوە بۆ مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیاکانی نیجیریا بەرپێیەی نیجیریا یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە لەکیشوەری ئەفریقیا، بەڵام دەبینین مانگرتنەکە کۆتایی پێهات کەچی نرخی نەوت نەهاتە خوارێ.

یانەوەتا ڕووداوێکی کتوپڕی وەك تەقەکردنی کەشتییەکی ئەمریکی لەکەشتییەکی ئێرانی، ئەمانەو چەندین ڕووداوی سیاسی تر کەهەندێك لەشارەزایان بەفاکتەری سەرەکی بەرزبوونەوەی نەوتی دەژمێرن.

ئەوانەی ئەم چەشنە رایەیان هەیە لەسەر بناغەی قەیرانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بیردەکەنەوە ئەوکاتە وڵاتانی عەرەب لەئەنجامی شەڕی تشرینی(١٩٧٣)ی عەرەب- ئیسرائیلەوە نەوتیان لەو وڵاتە ڕۆژئاواییانە بڕی کەیارمەتی ئیسرائیلیان دابوو، لەئەنجامدا نرخی نەوت بەرزبۆوەو قەیرانی سووتەمەنی سەرتاپای ئەو وڵاتانەی گرتەوە، بۆیە ناچاربوون چەندین ملیار دۆلار سەرف بکەن بۆ گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی نەوت وەك غازی سروشتی و هێزی ناوکی.

ڕۆژنامەی(Indepent)ی بەریتانی لەیەکێك لەژمارەکانی کۆتایی مانگی رابردوودا توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (نەوت توانای شۆك دروستکردنی هەیە) هۆیە ڕاستەقینەکانی دیاردەی بەرزبوونەوی نەوت دەخاتەڕوو ئاماژە بەم خاڵە گرنگانە دەکات:


١- هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت هاتنی بەکاربەری زەبەلاحە بۆ نێو گۆڕەپانەکە وەك چین و هیند. نووسەری توێژینەوەکە دەڵێت: لەحەفتاکانی سەدەی رابردوو(٣) ملیار کەسی کیشوەری ئاسیا کەهیچ قورساییەکیان پێکنەدەهێنا ئێستا هاتوونەتە مەیدانی ململانێکردن لەسەر وزە، مەبەستیش لەو ژمارە گەورەیە دانیشتوانی هیندو چینە کەبەمدواییە بوونە دوو وڵاتی پیشەسازی زەبەلاح بەجۆرێك بەرهەمەکانیان بازارەکانی هەموو جیهانیان داگیرکردووە.

٢- داخوازی و خستنەڕوو(عرض وطلب).

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەئەنجامی پێشکەوتنی وڵاتە پیشەسازییەکان داخوازی لەسەر نەوت زیاددەکات، ئەمە لەکاتێکدا هیچ زیادبوونێك لەخستنەڕوو لەئارادا نییە، تاقە وڵاتێك بتوانێت بەرهەمی نەوتی خۆی زیادبکات سعودیەیە کەحالی حازر نزیکەی لە(١٠٪)ی پێویستی جیهان بەرهەم دەهێنی کە(٨٥) ملیۆن بەرمیلە لەڕۆژێکدا.

بەکورتی خستنەڕوو(عرض) لەئاست داخوازی(طلب)دا نییە، بۆیە ڕۆژبەڕۆژ داخوازی لەسەر نەوت لەبەرزبوونەوەدایە بەرامبەر ئەوەش نرخەکەی لەهەڵکشاندایە.

* ئەندازیاری جیۆلۆجی.



بەهۆی ئەو بەکارهێنانە زۆرەی نەوت هەیەتی لەجیهاندا، ڕۆژبەڕۆژ نرخی لەبەرزبوونەوەدایە

No: 4605 Monday 23/6/2008
ساڵی حەڤدەهەم-ژمارە (٤٦٠٥) دووشەممە ٢٠٠٨/٦/٢٣

کوردستانی نوێ


# عیراق و نەوت و سیاسەت

■ فەرهاد حەمزە محەمەد*

پەیوەندی نێوان نەوتی عیراق و سیاسەت، دیاردەیەکی نوێ و لەدایکبووی رۆژگاری عەولەمە نییە، بەڵکو تەمەنێکی هەشتا ساڵەی هەیە، بەجۆرێك هەندێ لەمێژوونووسان جەختدەکەنەوە کە لەکێشانی نەخشەی نوێی عیراقدا پشت بەنەخشە نەوتییەکان بەستراوە، یا ئەوەتا بەجۆرێکیتر بڵێین نەخشە نەوتییەکان بناغە داڕێژەری نەخشەی ئێستای عیراقە.

بەکۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، عیراق بووە مەیدانی ململانێی وڵاتانی زلهێزو براوەی جەنگ، بەریتانییەکان بەشی شێریان لەنەوتی عیراق بەرکەوت و کۆمپانیای نەوتی عیراق(IPC)یان دامەزراند بۆ گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوتی عیراق، بەرامبەر ئەوەش ئەمریکییەکان هەلپەی بەشی خۆیاندەکرد.

بەروودانی شۆڕشی(١٤)ی تەمموزی ساڵی(١٩٥٨) سیستمی پاشایەتی لەعیراق کۆتاییهات، لەهەمانکاتدا کۆمپانیا نەوتییەکان ترس دایگرتن کەبەرژەوەندییەکانی ئەوانیش بەرمەترسی بکەوێت، بەڵام سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە لەچەند کۆبوونەوەیەکیاندا گەیشتبوونە ئەو راستییەی بیرۆکەی خۆماڵیکردنی نەوت عەمەلی نییەو دوورنییە عیراق بەدەردی ئەزموونە سەرنەکەوتووەکەی ساڵی(١٩٥٣)ی موسەدەق بچێت، هەر بۆیە سیاسەتی نەوتی داهاتوویان لەسەر ئەو بناغەیە داڕشت کەدانوستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان ئەنجامبدەن بۆ داواکردنی بەشی زیاتر لەنەوتی عیراق کەبەرژەوەندی راستەقینەی خەڵکی عیراقی تێدا بەرجەستە ببێت، نەك پەنا بۆ رێگەچارەی رادیکاڵانەی وەك خۆماڵیکردن ببرێت. لەهەمانکاتدا حکومەتی تازە دامەزراو بۆ دوورخستنەوەی پەلاماری دەرەکی بەیاننامەیەکیان دەرکردو ئاشکرایانکرد کەپابەندی هەموو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەبن، لەوانە رێککەوتننامە نەوتییەکان، جیهانیشیان دڵنیاکردەوە لەبەردەوامی رۆیشتنی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان. بیست و هەشت خولی گفتوگۆ لەماوەی سێ ساڵدا ئەنجامدرا، بەڵام بێسوود بوو. تادواتر حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ناچاربوو یاسای ژمارە(٨٠)ی ساڵی(١٩٦١) دەربکات کەبەو پێیە ناوچەی ئیمتیازاتی کۆمپانیا نەوتییەکان تەسککرایەوەو دیاریکرا. بەرامبەر ئەم هەنگاوەی حکومەتی نوێی عیراق کۆمپانیاکان هەوڵیاندا جیهان بکەن بەگژ ئەم حکومەتەدا، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا نامیلکەیەکیان دەرکردو تیایدا ناڕەوایی ئەو یاسایەیان ئاشکراکرد. جگە لەرێگەی دیپلۆماسی ویستیان رێگەچارەی هێزیش بگرنەبەر، ئەوەبوو هێزێکی گەورەی سەربازییان لەناوچەی کەنداو دابەزاندو هێزی تریشیان رەوانەی ئوردون کرد. بێگومان یاسای ژمارە(٨٠)ی ساڵی(١٩٦١) زیانێکی گەورەی بەکۆمپانیا نەوتییەکان گەیاند، هەر لەبەر ئەم هۆیە ژێربەژێر داویان بۆ حکومەتەکەی قاسم دەنایەوە تادواجار بەیارمەتیدان و پشتوانیکردن لەبەعسییەکان توانییان دەست لەحکومەتەکەی قاسم بوەشێنن و بیڕوخێنن. ئەوەی سەیرو پێویستە لێرەدا بووترێ ئیمزاکردنی ئەم یاسایە بەهۆی دانوستانی بەردەوامی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاکان هەر دوادەکەوت تا ئەوەبوو رۆژی(٦)ی شوباتی(١٩٦٣) ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەو لەرۆژی(٨)ی شوباتی(١٩٦٣) چەند سەعاتێك پێش کودەتای بەعسییەکان عەبدولکەریم قاسم یاساکەی ئیمزاکرد، بەڵام هەر بەمەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە.



نەوت، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دیاریکردنی سیاسەتی وڵاتان هەیە

*ئەندازیاری جیۆلۆجی، کەرکوك.
Fhm_k2003@yahoo.com

کوردستانی نوێ ژمارە (٤٥٨١) لە ٢٦/٥/٢٠٠٨

No: 4581 Monday 26/5/2008
ساڵی حەڤدەهەم ژمارە (٤٥٨١) دووشەممە ٢٦/٥/٢٠٠٨

# پڕۆژەی بایۆفیوڵ و قەیرانێکی تری جیهانی



فەرهاد هەمزە محەمەد*

وا بۆ چەند دەیەیەك دەچێت وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان لەترسی داچۆڕان و کۆتاییهاتن بەنەوتی ژێرزەوی لەکۆششدان بۆ گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤێك بۆ نەوت، چونکە نەوت بڕبڕەی پشتی ئەو هێزە زەبەلاحانەیەو خوێنی شادەمارەکانیانە، هەرکاتێك نەوتیان لێبڕا ئەوا ژیان لەو وڵاتانە دەوەستێت، بۆ ئەم مەبەستە پارەیەکی زۆریان خستووەتە بەردەستی زاناکانیان، تائێستاش هەوڵی زۆر لەمبوارەدا دراوە، بەڵام بێ ئەنجامبووە.

بایۆفیول، واتە دەرهێنانی سووتەمەنی لەڕووەك، بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە لەساڵی(١٩٩٠)ەوە سەریهەڵداوە، بەڵام لەم دواییەدا وڵاتانی ئەوروپا کەلەهەموو وڵاتانی تر زیاتر تینووی نەوتن بەهاوکاری بەرازیل گورووتینێکی چاکیان بەم پڕۆژەیە داوەو سەرقاڵن پێوەی.

ئەوروپییەکان پلانێکیان لەبەردەستدایە بۆ سەرخستنی پڕۆژەکەیان، بەگوێرەی ئەو پلانە تاساڵی(٢٠٢٠) لە(١٠٪)ی سووتەمەنی بۆ ئیشپێکردنی ئۆتۆمبێلەکان لەوجۆرە نوێیەی سووتەمەنی بێت، بەنیازن لە(٢٧) هکتار زەوی کشتوکاڵیدا چەوەندەری شەکر بچێنن کە(١٥٠) ملیۆن لیتر سووتەمەنییان لێدەستدەکەوێت و تایبەت دەبێت بۆ بازاڕەکانی سوید، بەرازیلیش لەبەرنامەیدایە پڕۆژەیەکی زەبەلاحی چاندنی چەوەندەری شەکر لەوڵاتی غانا لەکیشوەری ئەفریقیا ئەنجامبدات.

گومانی تێدانییە پڕۆژەیەکی وەها لایەنگرو دژیشی دەبێت، ئەوەتا ئالان گارسیای سەرۆکی پیرۆ دەڵێت: بەرهەمهێنانی ئەم چەشنە سووتەمەنییە دەبێتە هۆی تەرخانکردنی رووبەرێکی فراوانی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ ئەم مەبەستە، کەئەمەش هەژاران برسیدەکات. سەرۆکی ڤەنزویلاش پێیوایە، ئەم پڕۆژەیە قەیرانێکی مەترسیداری خۆراکی بەدواوەدەبێت.

هەرچی سەرۆکی بەرازیلیشە بەگەرمی پشتیوانی لەم پڕۆژەیە دەکات و ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە کەبەرزبوونەوەی نرخی خۆراك پەیوەندی بەبایۆفیولەوە هەبێت، لەوتەیەکیدا بەرامبەر نەتەوەیەکگرتووەکان دووپاتیکردەوە، کەبایۆفیول ئەو ئەهریمەنە نییە هەڕەشە لەئاسایشی خۆراك بکات. ئەڵمانیاش هەنگاوی باشی لەمبوارەدا ناوەو بڕیارە لەساڵی (٢٠١٣)دا کارگەیەکی گەورەی دروستکردنی بایۆفیول کۆتایی پێبهێنێت.

نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەراپۆرتێکی خۆیدا باسی لەدەرەنجامە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەم پڕۆژەیە کردووە، بەپێی راپۆرتەکە لەئاکامی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەدا دارستانێکی زۆر لەناودەچێت و نرخی خۆراك بەرزدەبێتەوە، بەڵام لایەنێکی چاکی ئەم پڕۆژەیەش ئەوەیە کەبەدڵی گرووپی ژینگەپارێزەکانە، چونکە لەکاتی بەکارهێنانیدا بۆ سووتەمەنی ئۆتۆمبێل و گەرمکردنەوەدا بڕێکی کەم لەگازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی لێ پەیدادەبێت کە سەرەنجام ژینگە بەپاکی دەمێنێتەوە.

بێگومان نەوت ئەو کاڵا ستراتیژییەیە کەدەیان ساڵە بەسیاسەتەوە لکاوەو چارەنووسی خەڵکانێکی زۆری بەرەو هەڵدێر بردووە، لەچەندین وڵاتیشدا بووە مایەی ئاشووبنانەوە، ئێستاش بەم پڕۆژە نوێیەی ئۆپلێیت مرۆڤایەتی دووچاری قەیرانێکی نوێ بێتەوە.

*بایۆفیوڵ(BioFuel) ئەو نەوتە یان سووتەمەنییەیە کە لەڕووەکەوە بەدەستدەهێنرێت.
* ئەندازیاری جیۆلۆجی لە کەرکوك.

# جۆرەکانی گرێبەستە نەوتییەکان

■ فەرهاد حەمزە محەمەد*

دوابەدوای گەڵاڵەکردن و پێشنیازکردنی یاسای نەوت و گاز بۆ پەرلەمانی عیراق لەدوو ساڵی رابردوودا، مقۆمقۆیەکی زۆری لێکەوتەوەو بەشێك لەئەندام پەرلەمانەکان نارازیبوون لەسەر دەرچوونی یاساکە بەوشێوەیەی کە نووسرابۆوە، بەو بیانووەی سامانی ئابووری عیراق دەخاتە ژێردەستی کۆمپانیا بیانییەکانەوە. لەلایەکیتریشەوە کێشەو گرفت کەوتە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لەسەر ئەو گرێبەستانە(bond)ی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ ژمارەیەك لەکۆمپانیا بیانییەکان ئیمزای کردبوو. لەم وتارەدا دەمەوێت بەکورتی خوێنەر ئاشنابکەم بەجۆرەکانی گرێبەستە نەوتییەکان کە لەجیهاندا باوون تا خۆیان سەرپشکبن کام جۆرەیان بۆ وڵاتەکەیان گونجاوەو سامانی ژێرزەوییانی تێدا بەفیڕۆناچێت بەکاریبهێنن.

**١- گرێبەستی پەرەپێدانی بەرهەم**(development and production)

ئەمجۆرە گرێبەستە پەیوەستە بەکێڵگە دۆزراوەکانەوە ئەوانەی بەرهەمیان مسۆگەرە، لەم چەشنە گرێبەستە کۆمپانیای بیانی وەبەرهێنەر هەڵدەستێ بە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکە بۆ ماوەی(١٠- ١٢) ساڵ. حکومەتی وڵاتەکەش بەشداری سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە دەکات. ئەو نەوتەی بەرهەمدەهێنرێ بەشێکی دەدرێت بەکۆمپانیاکە، کاتێك ماوەی گرێبەستەکە کۆتاییدێت دەتوانێت بۆ ماوەی(١٥) ساڵ لەکارکردن بەردەوامبێت، بەڵام نەك بەو گرێبەستەی پێشوو، بەڵکو بەگرێبەستی خزمەت کە هەرکاتێك گرێبەستەکە کۆتاییهات هیچ کەلوپەلێك لەگەڵ خۆیدا ناباتەوەو بۆ حکومەتی ئەو وڵاتەی بەجێدەهێڵێ.

**٢-گرێبەستی خزمەت** service contract

ئەمجۆرە تارادەیەك لەوەی پێشوو دەچێت، بەڵام لەکێڵگە نەدۆزراوەکاندا ئەنجامدەدرێت، لەمجۆرە گرێبەستەدا کۆمپانیای بیانی خۆی سەرمایەی پێویست دابیندەکات بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆژەکە، کاتێك پرۆژەکە هاتەبەرهەم لەسەرەتادا دەوڵەت ئەو پارەیە دەداتەوە بەکۆمپانیاکە کە خەرجیکردووە، بۆ هەر بەرمیلە نەوتێکی بەرهەمهێنراویش کرێیەك بۆ کۆمپانیاکە دیاریدەکرێت، لێرەدا کۆمپانیاکە دەتوانێت لەرێی زیادکردنی بەرهەمەوە قازانجی خۆی زیاتر بکات.

لەمجۆرە گرێبەستەدا فاکتەری موجازەفە رۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە دوورنییە دوای هەموو خەرجکردنی ئەو پارەیە نەوت نەدۆزرێتەوە، ئەوسا زەرەرمەند تەنها کۆمپانیاکە دەبێت. جەزائیر یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەمجۆرە گرێبەستەی تێدا پیادەکراوە.

**٣-گرێبەستی کرینەوەی فرۆشراوەکان** buyback contract

ماوەی ئەم گرێبەستە(٣-٥) ساڵە لەبەرهەمهێنانی نەوت، دوای کۆتاییهاتنی ماوەی گرێبەستەکە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کێڵگە نەوتییەکە وەردەگرێتەوەو هەموو کەلوپەلەکانی کۆمپانیاکە بۆ دەوڵەت دەبێت، مافی کۆمپانیاکەش بەنەوت دەدرێتەوە نەك بەپارە، لەم چەشنە گرێبەستەدا فاکتەری موجازەفەی تێدایەو کۆمپانیاکە خۆی بەرپرسیارە لەنەبوونی یان کەمی نەوت.

**٤-گرێبەستی ئیمتیاز** concession contract

ئەم چەشنە زیاتر لەسەردەمی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکاندا باوبوو، لێرەدا ئیمتیاز دەبەخشرێتە کۆمپانیایەك یان کۆمەڵە کۆمپانیایەك(کونسورتیۆم). بەپێی ئەم ئیمتیازە کۆمپانیای وەبەرهێن مافی تەواوی پرۆسە نەوتییەکانی بەدەستەوە دەبێت(رووپێو، گەران و دۆزینەوە، دەرهێنان، ناردنەدەرەوە، فرۆشتن)، تەنانەت هەندێجار پیشەسازییە نەوتییەکانیش. بەرامبەر ئەمەش کۆمپانیاکە باج دەدەن و قازانجێك کەپێشتر رێککەوتوون لەسەری دەدەن بەدەوڵەت، ئێستا لەم چەشنە گرێبەستە زۆر کەمبووەتەوە.

عیراق بەم چەشنە گرێبەستەدا تێپەربووەو لەساڵی(١٩٢٥) ئیمتیازی گەران و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت درا بەکۆمپانیای(ipc) ئینگلیزی و بەرامبەر هەر بەرمیلە نەوتێکی فرۆشراو چوار(شلن)یان دەدا بەحکومەتی عیراق.

**٥- گرێبەستی هاوبەشیکردن لەبەرهەمهێنان** sharing agreement production

لەمجۆرە گرێبەستەدا نەوتەکە ئەوکاتە موڵکی دەوڵەتە کە هێشتا لەژێر زەویدایە، کە هاتە وادەی بەرهەمهێنان تەنها بەرووکەش دەوڵەت خاوەنێتی، بەڵام کۆمپانیاکە پشکی تێدا هەیە. کۆمپانیای وەبەرهێن خۆیان بەگشت پرۆسەیەکی نەوتی هەڵدەستێت هەر لەدابینکردنی پارەی پرۆژەکە تا فرۆشتنی نەوتەکە، دوای بەرهەمهێنان کۆمپانیای بەرهەمهێن هەموو خەرجییەکی خۆی لەنەوتەکە وەردەگرێتەوەو بەو نەوتە دەووترێت(نەوتی تێچوو) دوای گەرانەوەی پارەی خەرجکراو بۆ کۆمپانیاکە، ئەو نەوتەی لەوە بەدوا بەرهەمدەهێنرێ پێیدەوترێت نەوتی قازانج، ئەم قازانجەش دابەشدەکرێت لەنێوان دەوڵەت و کۆمپانیاکە بەوپێیەی لەگرێبەستەکەدا لەسەری رێککەوتوون، واش باوە کۆمپانیاکە لەپشکەکەی خۆی باج بەحکومەت بدات. لەرەشنووسی یاسای نەوت و غازی عیراق-دا زیاتر بایەخ بەجۆری پێنجەم دراوە کە ناوێکی تریان لێناوە ئەویش(گرێبەستی دابەشکردنی بەرهەم)ە. لەو یاسایەدا هاتووە کە کۆمپانیاکان ماوەی(٣-٤) ساڵ مافی گەران و دەرهێنانی نەوتیان هەیە، دوایئەوەی خەرجییەکەیان وەردەگرنەوە رێژەیەکیش لەقازانجی نەوتی فرۆشراو بۆخۆیان هەڵدەگرن.

*** ئەندازیاری جیۆلۆجی- کەرکوک**

کوردستانی نوێ ژمارە (٤٨١٠) لە ٢٠٠٩/٣/٧

# کۆمپانیای نەوتی باکوورو مادەی (٢٣)

فەرهاد هەمزە محەمەد
ئەندازیاری جیۆلۆجی/ کەرکوک

لای هەموو لایەك روونە یەکێك لەبڕگە گرنگەکانی مادەی (٢٣) دابەش کردنی پۆستە ئیدارییەکانی شاری کەرکوکە بەرێژەی ٣٢٪ بەسەر پێکهاتەکانی شارەکەدا.

وا بۆ چەند مانگێك دەچێت لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکان چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە بێ ئەوەی بگەنە هیچ رێککەوتنێك.

دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان لە هەموو فەرمانگەکانی کەرکوك لە بەڕێوەبەرەوە تا دوا کارمەند، تا رادەیەك دەکرێت جێبەجێ بکرێت ئەگەر حکومەتی فیدراڵی مەیلی لێ بێت تەنها لە کۆمپانیای نەوتی باکووردا نەبێت کە حاڵەتەکە لەوێدا تا رادەیەك جیاوازەو ئەو سیستەمەی لە سەری بنیات نراوە لە هی فەرمانگەکانی تر ناچێت.

هەر لە ساڵانی حەفتاکانەوە وەزارەتی نەوتی عیراق کێڵگە نەوتییەکانی عیراقی دابەشکردووەتە سەر دوو کۆمپانیا، کۆمپانیای نەوتی باکوورو کۆمپانیای نەوتی باشوور، سنووری یەکەمیان لە زاخۆوە تا پارێزگای کوتە دووەمیشیان لە پارێزگای کوتەوە تا سنووری عیراق - کوێت، سەبارەت بە یەکەمیان حکومەتی بەغدا پێیوایە هەموو دانیشتوانی عیراق لە زاخۆوە تا کوت بۆیان هەیە لەو کۆمپانیایە دابمەزرێن، چونکە دامەزراوەکانی ئەو کۆمپانیایە بە هەموو ئەو شوێنانەدا بڵاوبوونەتەوە، ئێستاش ئەم حاڵەتە بووەتە گرێ کوێرەو یەخەی مادەی ٢٣ی گرتووە،

بۆ زانیاری خوێنەر وا لە خوارەوە دوا ئاماری پۆستە ئیدارییەکانی ئەو کۆمپانیایە دەخەینە روو :

١-ژمارەی بەڕێوەبەری دەستەکان (الهیئات) ١٠ پۆستە بەم چەشنەش دابەش بووە خشتەی ١

**خشتەی ١**

| عەرەب | کورد | تورکمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٤ | ٣ | ٣ | ----- |

٢-ژمارەی بەڕێوەبەری بەشەکان ٤٨ دانەیە خشتەی ٢

**خشتەی ٢**

| عەرەب | کورد | تورکمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ١٩ | ٦ | ١٩ | ٤ |

٣-پێنج بەش هەیە راستەوخۆ بەبەڕێوەبەری گشتییەوە بەستراون خشتەی ٣

**خشتەی ٣**

| عەرەب | کورد | تورکمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | ١ | ١ |

ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لەو بەڕێوەبەری دەستەو بەشانەی بەر کورد کەوتوون لە ئاستێکی وەها گرنگدا نییەو بەشە زۆر گرنگ‌و هەستیارەکان بەدەستی عەرەب‌و تورکمانەوەیە.

خاڵێك هەیە بە گرنگی دەزانم باسی بکەم ئەویش ئەوەیە پۆستی یاریدەری بەڕێوەبەری گشتیی بەدەستی کەسێکی کوردی کەرکوکەوەیەو دەسەڵاتێکی فراوانیشی هەیە.

سەبارەت بە ئاماری ژمارەی فەرمانبەرو کرێکاریش ئێستا حاڵی حازر گەیشتووەتە(١١٥٠٠)کەس

کە ژمارەی کورد تیایدا لە ٨٥٠ فەرمانبەر تێپەر ناکات.

وا بۆ دوو ساڵێك دەچێت کۆمپانیای نەوتی باکوور خەڵکانێکی زۆری خاوەن بڕوانامەو بێ بڕوانامەی بە سیفەتی کاتیی دامەزراندووەو ژمارەیان گەیشووەتە زیاتر لە ٣هەزار کەس کە پشکی کورد لە میشیاندا هەر کەمەو ١٥٪ تێپەر ناکات.

سەبارەت بە کۆمپانیای غازی باکووریش بەڕێوەبەری گشتیی‌و بەڕێوەبەری ئیدارە کوردن،

دابەش بوونی ڕێژەی فەرمانبەرو کرێکارانیش بەم چەشنەن: خشتەی ٤

**خشتەی ٤**

| عەرەب | کورد | تورکمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٢٩٪ | ٢٠٪ | ٤٨٪ | ٣٪ |

ئەمە لە کاتێکدا سەرجەم ژمارەی کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە ٢٠٧٥ فەرمانبەرن.

لە بارەی بەشەکانی ئەو کۆمپانیایەشەوە ژمارەی بەشەکان ١٧ بەشن کە بەم شێوەیە دابەشی سەر پێکهاتەکانی کەرکوك بوونە: خشتەی ٥

**خشتەی ٥**

| عەرەب | کورد | تورکمان | مەسیحی |
|---|---|---|---|
| ٢ | ٦ | ٨ | ١ |

دەتوانین بڵێین کێشەی سەرەکی ماددەی ٢٣ زیاتر لە کۆمپانیای نەوتی باکوورەو جیاوازی نێوان کوردو نەتەوەکانی تر زۆرە، بەڵام ئەم فەرمانبەرو کرێکارانە هەمووی لە ناو شاری کەرکوك دانەمەزراون، بەڵکو دابەشی سەر تەواوی دامەزراوەکانی کۆمپانیاکە کراون لە زاخۆوە تا کوت، ئەوەی لە سنووری شاری کەرکوکدا دامەزراوە (٧٩٠٠) فەرمانبەرو کرێکار دەبن.

دوا زانیاریش لە لیژنەی مادەی ٢٣ وادەگەیەنێت کە بە نیازن دابەشکردنی ڕێژەی فەرمانبەرو پۆستەکان لەسەر ئەو ژمارەیە بێت کە بەر کەرکوك دەکەوێت کە بەجێبەجێ بوونی ئەمیشیان کورد سوودی باش دەبینێ‌و پۆستێکی زۆری بەردەکەوێت‌و ژمارەیەکی بەرچاو فەرمانبەرو کرێکاری کورد دادەمەزرێن.

لەم ئامارانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیاسەتی بەعس کوردی گەیاندووەتە ئەم رۆژەو تاقە زوڵمێکراو لەم شارەدا کوردبووەو بەعس لە کورد زیاتر کەسی بەمەترسی نەزانیوە بۆ سەر بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی.

# نەوتی عیراق‌و داخستنی تەنگەی هورمز

**فەرهاد حەمزە محەمەد***

تەنگەی هورمز ئەو ڕێڕەوەیە لەئاوی کەنداو کە تیایدا پانیەکەی زۆر کەم دەبێتەوەو شێوەی تەنگەیەک (مچیق) وەردەگرێت، هەرچی کەشتی نەوت هەڵگری وڵاتانی کەنداو هەیە بەعیراقیشەوە بەوێدا تێپەڕ دەبێت. ئێران تاڕادەیەک لەم تەنگەیەوە نزیکەو هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت لە ڕێگەی ئاسمان‌و دەریاوە کێشە لەو ناوچەیە دروست بکات‌و ئاستەنگ بخاتە بەردەم تێپەڕبوونی کەشتییە نەوت هەڵگرەکان.

## باکگراوندی هەڕەشەکان

مێژووی هەڕەشەکانی ئێران بۆ داخستنی تەنگەی هورمز کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق ئێراندا، لەو کاتەی زۆربەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یارمەتی حکومەتی عیراقیان دەدا لە شەڕەکەداو فڕۆکەکانی عیراق توانیبوویان تاڕادەیەکی باش نەهێڵن نەوتی ئێران لە ڕێگەی کەنداوەوە هەناردە بکرێت ئەویش بە بۆردومانکردنی ئەو کەشتییانەی نەوتیان لە ئێران دەکڕی، لە بەرامبەر ئەوەشدا هەر بەیناو بەینێک بەرپرسێکی ئێرانی لە ڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمزی دەکرد تاوەکو چیتر وڵاتانی جیهان یارمەتی سەربازی عیراق نەدەن، بەڵام ئێران تا ئەوکاتەی جەنگەکەش کۆتایی هات نەیتوانی ئەم تەنگەیە دابخات، چونکە جگە لەوەی بەم کارەی نەوتی لە زۆر وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو ژاپۆن دەبڕی‌و زیانی بە وڵاتانی کەنداو دەگەیاند، لە بەرامبەر ئەوەشدا بۆ خودی ئێران خۆکوشتن بوو.

ئەمڕۆش ئێران دوای سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکان‌و پەککستنی ئابووری وڵاتەکە ڕۆژانە هەڕەشەی داخستنی ئەم تەنگەیە دەکات. ئەگەری داخستنی ئەو تەنگەیە با بۆ سیاسییەکان بەجێبهێڵین‌و گریمان ئەو تەنگەیە داخرا ئەوکاتە چ ڕەنگدانەوەیەک بەسەر عیراقدا بە جێدەهێڵێت؟

عیراق ڕۆژانە نزیکە دوو ملیۆن‌و ٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات کە یەک ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار بەرمیلیان لە ڕێگەی کەنداوەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە لەڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە، یان بەڕێگای تانکەر دەفرۆشرێت. کەواتە ئەگەر ڕێگەی کەنداو بڕا تەنها ڕێگەی تورکیا دەمێنێتەوە. ئەم ڕێگایەش لە دوو لوولەی (٤٠و٤٦) ئینجی پێکهاتووە لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە لەلایەن کۆمپانیای (مانسمان)ی ئەڵمانییەوە دروستکراوە، لە ماوەی پرۆسەی ئازادیدا لوولە ٤٦ ئینجییەکە لەکارکەوت، ئێستا تەنها لوولە ٤٠ ئینجییەکە ماوەتەوە کە چەندین ار ڕووبەڕووی کاری تیرۆریستی بوەتەوەو تەقێنراوەتەوە، یان ئەوەتا بەبێ دەستکاریکردن بەهۆی کۆن بوونییەوە لەخۆیەوە لیک دەکات‌و نەوتێکی زۆری لێدەڕژێت.

هێڵێکی تریش هەیە کە نەوتی عیراقی بەرەو سوریا دەگواستەوە لەوێشەوە بەرەو دەریای ناوەڕاست بۆ هەناردەکردن، ئەم هێڵە لە ساڵی (١٩٣٥- ١٩٨٣) کاری کردووەو بە جۆرێک کۆن بووە کە لوولەکانی داڕزاون، ناتوانرێ نەوتی لێوە هەناردە بکرێ.

## هەنگاوە ئەڵتەرناتیڤەکان

کەواتە ئەگەر داخستنی تەنگەی هورمز لە ماوەیەکی زەمەنی نزیکدا ڕوبدات عیراق فریای هیچ ناکەوێت‌و بە هیچدا ناگات، بەڵام بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەو ئەگەرە، ئەگەر لە داهاتووشدا بێت عیراق پێویستە ئەم هەنگاوانە هەڵبێنێت:

١- ڕێگای هەناردەکردنی نەوتی (کەرکوک — جەیهان) نۆژەن بکرێتەوەو لوولە نەوتییەکان بگۆڕدرێ‌و نوێ بکرێنەوە. توانای هەناردەکردنی ئەم هێڵە یەک ملیۆن‌و ٧٠٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا لە باشترین حاڵەتیدا.

٢- هێڵی کەرکوک — سوریا: ئەم هێڵەش بە تەواوی لەکار کەوتووەو پێویستی بە سەرلەنوێ گۆڕینی لوولە نەوتییەکانی هەیە کە دوو لوولەی (٣٠و٣٢) ئینجین. توانای ئەم هێڵە یەک ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا. هەرچەندە لە سەرەتای ئەمساڵدا وەزارەتی نەوتی عیراق بڕیاریداوە کە بۆری نێوان بەسرە سوریا بە درێژایی ١٤٠٠ کیلۆمەتر بنیات بنێت، بەڵام تاوەکو ئەم ساتە نەچوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣- هێڵی عیراق سعودیە: لەدوو لوولەی (٤٨و٤٦) ئینجی پێکهاتووەو نەوتی عیراق دەگەیەنێتە سەر دەریای سوور. توانای هەناردەکردنی ئەم هێڵە یەک ملیۆن‌و ٦٠٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا. ئەم هێڵە ئێستا لەکار کەوتووەو پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە.

٤- هێڵی عیراق - ئوردن: ئەم هێڵە لەچوارچێوەی بیرۆکە دەرنەچووەو بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، ئەگەر جێبەجێ بکرایە، لە توانایدا هەبوو یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا هەناردە بکرێت.

٥- نۆژەنکردنەوەی هێڵی ستراتیجی کە نەوتی باکوورو باشووری عیراقی پێکەوە دەبەست، لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە لەکار کەوت.

ئەگەر هەموو ئەم هێڵانەی لە سەرەوە باسمان کردن نۆژەن بکرێنەوە ئەوا دەبنە ئەڵتەرناتیڤ بۆهەناردەکردن لەباشووری عیراقەوە، ئەوسا داخستنی تەنگەی هورمزیش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.

***شارەزا لە بواری نەوتدا**

# گرنگیی نەوت لەدارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا

فەرهاد هەمزە محەمەد*

ئیکۆلەرەوانی سیاسی گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کەدارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەرووی پراکتیکییەوە بەکەسێك یان چینێك یان تەوژمێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام نادرێت، بەڵکو کۆمەڵێك کەس و شارەزاو چینو توێژ بەشداری تیدا دەکەن، لەبەر فرە جۆری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو بڵاوبوونەوەیان بەهەموو سوچ و کەلەبەرێکی جیهاندا وا پێویست دەکات پلانێکی ستراتیژی بەرفراوان دابڕێژن کەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەتایبەت بەرژەوەندییە زیندووەکانی بپارێزێ، نەوتیش لەرووی بەرژەوەندیی زیندووەکانەوەیەو یەکێکە لەکۆڵەکە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.

## نەوت، شادەماری ژیانی ئەمریکایە

نەوت شادەماری ژیانی ئەمریکایەو رۆژانە ٢٠٪ی نەوتی هەناردەکراوی جیهان بەکاردەهێنن، بەبڕینی ئەو شادەمارەش ژیان لەوولاتەدا دەوەستێت. (جۆزێف نای) کە یەکێك بوو لەبەرپرسانی ئیدارەی سەرۆك کلینتۆن لەوتەیەکیدا باس لەبایەخی نەوت دەکات و دەڵێت: (ئەگەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەهەرچەشنێك بکەوێتە مەترسییەوە ئەوا هیچ دوو دڵ نین لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی).

بەچاو گێڕانێك بەمێژووی هارچەرخداو زیاتر دوای جەنگی دووەمی جیهان تێبینی دەکەین نەوت لەهەموو شتێك زیاتر بایەخی لای ئەمریکا پەیدا کردووە بەتایبەت دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو بەرکابەری سەرەکی بۆی.

لەساڵی ١٩٤٥ بەدواوە ئەمریکا رۆژانە برێکی زۆری نەوتی لەکەنداو دەکڕی، لەبەرامبەریشدا ترسی لێنیشتبوو یەکێتی سۆڤیەت کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، هەر لەبەر ئەو هۆیە ئەمریکا جێ پێیەکی سەربازی خۆی لەناوچەکەدا کردەوەو ویستی هەریەك لەعیراق و سعودیەو ئێران و ولاتە بەرهەمهێنەکانیتری نەوت لەژێر چەتری هاوپەیمانی رۆژئاوادا کۆبکاتەوە.

## پرانسیپی ئایزنهاوەر

لەساڵی ١٩٥٧یش (ئایزنهاوەر) سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا (پرانسیپی ئایزنهاوەر)ی دەرکرد کە لەرووییەکیەوە هەوڵدان بوو



ئایزنهاوەر



جیمی کارتەر

بۆ پشتگیریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاو بەرژەوەندییە نەوتییەکانی لەناوچەکە.

لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ هەریەك لەعیراق و سوریاو میسر چوونەیەك سەنگەری هاوبەشی دژ بە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا، ئەمەش ئەمریکای ناچارکرد پەیماننامەی (CENTO) ئاشکرا بکات بەئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئابورییەکانی کەنەوت کۆڵەکەی سەرەکیەتی.

لەساڵی ١٩٧٣ کەشەری ئۆکتۆبەری نێوان ئیسرائیل و عەرەب هەڵگیرسا وڵاتانی عەرەب نەوتیان لەگشت ئەو وڵاتانە بری کەیارمەتی ئیسرائیلیان دابوو، بۆیە ئەم کارەساتە بووە شۆکێك بۆ ئەمریکاو کاریگەریی خۆی لەسەر بوونی پەیوەندی لەنێوان نەوت و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بەجێهێشت.

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانیش بەدووەم شۆکی گەورەی نەوتی دەژمێردرێ و وای لەکارتەری سەرۆکی ئەمریکا کرد بەئاشکرا بڵێت: (هەڵوێستمان روونەو هەر هێزێکی دەرەکی هەوڵبدات کۆنترۆڵی کەنداوی فارسی بکات ئەوا بەهەرەشەی بۆ سەر ئەمریکا لەقەڵەم دەدەین و هەموو ئامرازێکی پێویستیش بەکاردەهێنین بۆ بەرپەچدانەوەی لەوانە هێزی سەربازی).

لەماوەی شەری هەشت ساڵەی عیراق و ئێراندا ١٩٨٠- ١٩٨٨ ئەو کاتەی ئێران پەلاماری هەموو پاپۆرێکی نەوت هەڵگری کوێت و سعودیەی دەدا ئەمریکا رەزامەندی دەربری لەسەر بەرزکردنەوەی ئالاکەی لەسەر پاپۆرە نەوت هەڵگرەکانی کوێت.

داگیرکردنی کوێتیش لەلایەن عیراقەوە لەساڵی ١٩٩١ دیسانەوە بەلای ئەمریکاوە بەهەرەشەی ژمارد، چونکە ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو عیراق وەکو هێزێکی ئیقلیمی دەربکەوێت و جلەوی بڕیارە نەوتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە کەدواتر رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر نرخی نەوت لەبەرئەوەی ناوچەی کەنداو سەرچاوەیەکی سەرەکی نەوتە لەجیهاندا، ئەوەبوو ئەمریکا دەستبەجێ خۆی تێهەڵقورتاندو بەپرۆسەی گەردەلوولی بیابان عیراقی لەکوێت دەرپەراندو پەروباڵی کرد.

لەم چەند دێرەی سەرەوەوە دەگەینە ئەو راستییەی هیچ کانزایەك لەجیهاندا وەکو نەوت کاریگەریی بۆ سەر سیاسەتی نێو دەوڵەتی نەبووە، هیچ کانزایەکیش وەکو نەوت نەبووە بەمایەی سەر ئێشەو دڵ ئێشەو چەوساندنەوەو داگیرکردن بۆ خاوەنەکەی.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی- کەرکوک

کوردستانی نوێ ژمارە (٥١٦٧) لە ٥/٥/٢٠١٠

فۆتۆ: رۆیتەرز- کوردستانی نوێ 28 / 3 / 2012

# کۆمپانیای BP
# گرفتەکانی کێڵگەی کەرکوک چارەسەر دەکات

فەرهاد حەمزە محەمەد*

لەم رۆژانەدا لەملاو لەولا هەندێ دەنگی نارەزایی دژ بەهاتنی کۆمپانیای بریتش پترۆلیۆم (BP)ی بەریتانی بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی کەرکوک بەرزبۆوە، گوایە نەدەبوو ئەم کارە بکرێت تا مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت.

هەرچەندە هاتن و نەهاتنی ئەم کۆمپانیایە هیچ پەیوەندی بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیەوە نییەو کێشەکە زیاتر هونەرییەو پەیوەستە بەدۆخی کێڵگەی کەرکوکەوە کە خراپەو پێویستی بە دەستی شارەزایان هەیە کە بیهێننەوە سەر باری راستەقینەی خۆی، چونکە ئەو کێڵگەیە لە بنەڕەتدا وشکی نەکردووە تا پشتی تێبکرێت و وازی لێبهێنرێت.

### رابردویەکی دووری هەیە

کۆمپانیای BP کۆمپانیایەکی زەبەلاحی بواری نەوتەو لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا خۆماڵی کردنی نەوتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٢ رۆڵێکی باڵای گێڕاوە لە گەڕان و پشکنین و هەڵکەندنی بیری نەوت لە کێڵگەی کەرکوک. پشکی ئەم کۆمپانیایە لە ناو کۆمپانیای نەوتی عیراق IPC گەیشتبووە ٪٤٧,٥.

کێڵگەی نەوتی کەرکوک لە سەردەمی حوکمی بەعسدا ئەوەندە نازانستیانە بەکارهێنراوە کە بووەتە مایەی تێکچوونی و کەمبوونەوەی بەرهەمەکەی. لە ساڵانی هەشتاکاندا بەهۆی شەڕی عیراق- ئێرانەوە زیاد لەتوانای خۆی نەوتی لێدەردەهێنرا. لە ساڵانی ئابڵوقەی ئابووریش لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا هەرچی پاشماوەی پاڵاوگەکانی عیراق هەبوو دەیانخستەوە ناو بیرە نەوتەکانی کەرکوک. بەم دوو کارە کێڵگەی نەوتی کەرکوک وەها تێکچوو کە بە دەستی کادری عیراقی چاک نابێتەوە، چونکە چارەسەری ئەو گرفتە پێویستی بە تەکنەلۆجیایەکی پێشکەوتوو هەیە کە لەبەردەستی ئەندازیارانی عیراقیدا نییە. هەوڵی زۆر درا تاکۆمپانیایەکی بیانی بانگهێشت بکرێ بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکات، بەڵام بەهۆی خراپیی باری ئەمنییەوە کەس ئامادەیی دەرنەدەبڕی. دواجار بە هەوڵی ئەنجومەنی ئیدارەی کۆمپانیای نەوتی باکوور داواکاری پێشکەش کۆمپانیای BPی بەریتانی کرا تا چارەسەری کێشەکانی کێڵگەی کەرکوک بکات، ئەوانیش لای خۆیانەوە رەزامەندییان دەربڕی. گرێبەستەکە لەجۆری خزمەتگوزارییە واتە (SERVICE CONTRACT)ەو لە بەرژەوەندی کەرکوکدایە.

### داهاتی پترۆ دۆلار بۆ کەرکوک زیاد دەکات

گرێبەستی خزمەتگوزاریی یەکێکە لە جۆرەکانی گرێبەست کە کۆمەڵە کارێک بەو کۆمپانیایە دەسپێردرێت بەرامبەر بڕێک پارە کە هەردوولا پێشتر لە سەری رێککەوتون، دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان کۆمپانیاکە بارو بارخانەی دەپێچێتەوەو شوێنەکە جێدەهێڵێت.

هەرچەندە هێشتا کارەکان لە چوارچێوەی توێژینەوەو دیاریکردنی گرفتەکاندایەو هیچ گرێبەستێک ئەنجامنەدراوە، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کە هەرکاتێک گرێبەست ئیمزابکرێت لە جۆری خزمەتگوزاریی دەبێت.

توێژینەوەکان ئەوەساغ دەکەنەوە کە بە تەواوبوونی کاری ئەو کۆمپانیایە بەرهەمی نەوتی کەرکوک سەدان هەزار بەرمیل بەرزدەبێتەوە، داهاتەکەشی دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوەو بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ هەموو گەلی عیراق. شاری کەرکوکیش جگە لە قازانجە گشتییەکە قازانجی پترۆدۆلاریشی بەردەکەوێت کە بەرامبەر هەر بەرمیلێک یەک دۆلارە، واتە ئەگەر رێژەی بەرهەمهێنان ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد بکات ئەوا رۆژانە ٣٠٠ هەزار دۆلار لە بودجەی پترۆدۆلار زیاد دەکات، کە سەرەنجام دەڕژێتە خانەی خزمەتکردنی زیاتری شارەکەو خۆشگوزەرانی خەڵکەکەیەوە.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٧٢٩) ل ٢٠١٢/٣/٢٠

# بەهاری عەرەبیو نەوت لەسوریا

فەرهاد حەمزە محەمەد

سوریا یەکێکە لەو وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە نەوتی تێدایە، هەرچەندە برەکەی زۆر نییە بە جۆرێک ناکرێ بخرێتە ریزی وڵاتە نەوتییە گەورەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی سوریا توانیویەتی بەبەرنامەرێژیی سوودی لێوەربگرێت بۆ قایمکردنی رژێمەکەیو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی. لە ساڵی ١٩٣٣ پرۆسەی گەرانو پشکنین بەدوای نەوتدا دەستی پێکردووە، لە ئاباری ١٩٦٨ یەکەم بەرمیلی نەوتی سوریا هەناردەکرا، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە غاز بەکارهێنرا بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا.

لەسەرەتادا گەران بەدوای نەوتدا تەنها کاری کۆمپانیا بیانییەکان بوو، لەساڵی ١٩٦٤ بە مەرسومێک مۆڵەتی گەرانو وەبەرهێنانی نەوت لە کۆمپانیا بیانییەکان قەدەغەکراو بە دەوڵەت سپێردرا. لەساڵی ١٩٧٥ کۆمپانیای نەوتی سوریو چەندین کۆمپانیای بچوکتر دامەزرا بۆ بەرێوەبردنی پرۆسەی گەرانو پاڵاوتنو هەناردەکردنی نەوت. کۆمپانیای نەوتی سوریاو لقەکانی ٥٠٪ی داهاتی وڵات دەستەبەردەکاتو ١٦ هەزار کارمەند کاری تێدا دەکەن.

حکومەتی سوریا بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت زیاتر متمانەی کردووەتە سەر وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی جاران بە تایبەت یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام دوای رووخانی ئەو بلۆکە ئێستا جگە لە روسیا پشت بە کۆمپانیا رۆژئاواییەکانیش دەبەستێت.

## بەرهەمی نەوت لە پاشەکشەدایە

تائەمرۆ نزیکەی نیوەی ستراکچەرە جیۆلۆجییەکانی سوریا چوونەتە بواری هەڵکەندنو بەرهەمهێنانەوەو توانراوە نزیکەی ٣ هەزار بیر هەڵبکەنرێ. نەوتی سوریا دوو چەشنە، چەشنی یەکەمیان سووکەو برەکەی کەمە، لە کەمبوونەوەیەکی بەردەوامیشدایە. چەشنی دووەمیان نەوتێکی قورسەو برەکەی زۆرترە. سوریا وێرای ئەم نەوتەی هەیەتی رۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیل لە بەروبومە نەوتییەکانی وەک بەنزین هاوردە دەکات. دوا کۆمپانیاش کە لە سەرەتای ئەمساڵدا بەمەبەستی کارکردن هاتوونەتە ناو خاکی سوریاوە کۆمپانیای (گۆڵف ساندز پترۆلیۆم)ی بەریتانییە کە سەرگەرمی گەرانو پشکنینە بەدوای نەوتدا.

ئامارەکان وادەردەخەن کە بەرهەمی نەوت لە سوریا ساڵ لەدوای ساڵ لە پاشەکشەدایە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا رۆژانە ٤١٥ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرا، ساڵی ٢٠٠٦ دابەزییە سەر ٤٠٤ هەزار بەرمیل، لەساڵی ٢٠١٠دا گەیشتە ٣٧٧ هەزار بەرمیل.

## دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبی

دوای روخانی یەک لەدوای یەکی حکومەتەکانی تونسو میسرو لیبیا بەهاری عەرەبی روویکردە سوریاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو وڵاتانی عەرەب لە کۆششدان بۆ روخاندنی حکومەتی سوریا، لە ناوخۆشەوە راپەرینی خەڵکی سوریا لەوپەری جۆشو خرۆشدایە. ئەمریکاو رۆژئاوا گەمارۆیەکی توندیان خستوەتە سەر سوریا کە رەنگدانەوەی بەهێزی لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتە بە جێهێشتوە. بەپێی لێدوانێکی وەزیری نەوتی سوریا وڵاتەکەی بەهۆی سزا سەپێنراوەکانی ئەوروپاو ئەمریکاوە کەرتی نەوت لە مانگی ئەیلولی رابردووەوە تا مانگی شوباتی ٢٠١٢ زیاتر لە ٢ ملیار دۆلار زیانی لێکەوتوە، ئەمەش لە ئەنجامی رێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوتو بەروبومەکانیەتی. بەگویرەی ئەو لێدوانە بەرهەمی نەوتی سوریا رۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیل کەمی کردووە کە دەکاتە ١٥ ملیۆن دۆلار لە رۆژێکدا. جگە لەمەش لە ناوخۆی وڵاتەکەوە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن چەندین جار ئەو تانکەرە نەوتیانەیان تەقاندوەتەوە کە نەوت دەگوێزنەوە، هەروەها پەلاماری هێڵی شەمەندەفەریان داوە کە بۆ گوێزانەوەی نەوت تەرخان کراوە.

fhm_k2003@yahoo.com

# بەسرە گەورەترین پارێزگای نەوتی عیراقە

فەرهاد حەمزە محەمەد

پارێزگای بەسرە کە دەکەوێتە باشوری عیراق خاوەنی پێگەیەکی ئابووری بەهێزە ئەویش بەهۆی ئەو سامانی نەوتو غازەی لەژێر خاکەکەیدایە.

هەرچەندە سامانی هایدرۆکاربۆنی بەسەر زۆربەی خاکی عیراقدا دابەش بووە، بەڵام پارێزگای بەسرە پشکی شێری بەرکەوتووە. ئامارەکان پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشن کە ئەم پارێزگایە خاوەنی ١٥ کێڵگەی بەرهەمهێنەو ١٠ کێڵگەیان چاوەڕوانی پەرەپێدانی زیاترە. ئەم کێڵگانە ٦٥ ملیار بەرمیل یەدەکی نەوت لەخۆ دەگرن کە دەکاتە ٥٩٪ی سەرجەم یەدەکی چەسپێنراوی نەوتی عیراق. ئێستا بەرهەمی رۆژانەی ئەم پارێزگایە یەک ملیۆنو ٣٥٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا واتە رێژەی ٥٨٪ی بەرهەمی نەوتی عیراق پێکدەهێنێت کە دوو ملیۆنو ٣٥٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا.

## کێڵگە گرنگەکانی بەسرە

١-کێڵگەی رومێلە: لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا دۆزراوەتەوە، ئێستا نزیکەی ٤٠٠ بیری تێدا هەڵکەنراوەو بە نۆیەمین کێڵگەی نەوتی جیهان دەژمێردرێ، نەوتەکەشی لە چاکترین جۆرەکانە.

٢-کێڵگەی خۆرئاوای قورنە: نزیکەی ٣٠٠ بیری تێدا هەڵکەنراوە، بەرهەمی ئێستای ١٢٠ هەزار بەرمیلە لەرۆژێکدا، لە ساڵی ٢٠١٠ بەدواوە بەچەند کۆمپانیایەکی بیانی سپێردراوە تا بەرهەمی بگەیەننە یەک ملیۆنو ٢٥٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا.

٣-کێڵگەی مەجنون: بەرهەمی ئێستای ١٠٠ هەزار بەرمیلەو لە پلانی وەزارەتی نەوتدا هەیە کە پاش پەرەپێدانی بەرهەمی بگەیەننە ٦٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

٤-کێڵگەی نەهر عومەر: یەدەکی نەوت تیایدا شەش ملیار بەرمیل دەبێت، پاش پەرەپێدانی دەکرێ رۆژانە ٥٠٠ هەزار بەرمیلی لێدەربهێنرێ.

یەکێک لە خاسیەتەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت لە سەرانسەری عیراقدا ئەوەیە تاوەکو ئەمرۆ لە کەرتی نەوتدا کار بەئامێرە کۆنەکانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەکرێت کە ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤانەی دەبێت لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانو بەفیڕۆچوونی نەوتو گاز.

دامودەزگا نەوتییەکانی بەسرەش هیچ کاتێک لەم هاوکێشەیە بەدەرنەبووەو هەر بە دابڕاوی لە پێشکەوتنە نوێیەکانی تەکنەلۆجیای نەوت ماوەتەوە، بەتایبەت لەسەردەمی بەعسدا کە عیراق بە چەند قۆناغێکی شەڕوشۆڕدا تێپەڕبوو کە بەهۆیەوە زیانێکی زۆر بەکەرتی نەوت کەوت.

## هەرزانیی تێچوونی دەرهێنانی نەوت

پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی خاو لە بەسرە بەوە جیادەکرێتەوە کە نرخی تێچوونی کەمە لەچاو نرخی تێچوونی دەرهێنانی نەوت لەناوچەکانی تری جیهاندا، چونکە کێڵگەکانی نەوت لەسەر وشکانینو لە قوڵایی کەمدان. زۆربەی ئەو کێڵگانەش گەورەنو یەدەکێکی بەرزیان هەیە. بەرزترین نرخی تێچوون بۆ هەر بەرمیلێک نەوت لە کێڵگەکانی بەسرە ناگاتە دوو دۆلار.

لەدوای پرۆسەی ئازادیشەوە وەزارەتی نەوتی عیراق زیاتر بایەخی بە کێڵگەکانی بەسرە داوەو لە رێگەی چەند خولێکی مۆڵەت پێدانەوە چەندین کۆمپانیای بیانی بانگهێشتی کارکردن کردووە بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی ئەو ناوچەیە.

fhm_k2003@ yahoo.com

# پیسبوونی ئاو بەهۆی نەوتەوە

فەرهاد حەمزە محەمەد*

پیسبوونی ئاو بریتییە لە هەر گۆڕانێکی فیزیایی یان کیمیاوی لە ئاودا روویدات بە ڕێگای راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە دواجار وا لە ئاوەکە دەکات بە کەڵکی بەکارهێنان نەیاتو بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە کاریگەریی لەسەر زیندەوەران بەجێدەهێڵێت بە مرۆڤیشەوە.

پیسبوونی ئاو دابەش دەکرێتە سەر دوو جۆری سەرەکی÷ یەکەمیان پیسبوونی سروشتی کە لە ئەنجامی گۆڕانی پلەی گەرمای ئاو یان زیادبوونی ڕێژەی خوێو هەندێ کەرەستەی ترلە ناو ئاودا روودەدات.

دووەمیان پیس بوونی کیمیاوییە کە جۆری زۆرە وەک پیسبوون بە ئاوی ئاوەڕۆو بڵاوبوونەوەی نەوتو پاشماوەی دەرمانە کشتوکاڵییەکان.

لە رۆژگاری ئەمرۆماندا پاشەڕۆی نەوت بە گەورەترین سەرچاوەی پیسبوونی ئاو دەژمێردرێت، هەرچەندە فاکتەرێکی نوێیە بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی هەیە. کاتێک پاشەڕۆی پاڵاوگەکان یان نەوتی خاو دەرژێنرێتە ناو دەریاوە ئەو نەوتە خۆی دەگەیەنێتە هەموو سووچێکی دەریاو ئۆقیانووسەکان لە کەنارەوە تا ناوەڕاستو قوڵایی دەریاکان.

## هۆکارەکانی پیسبوون به نەوت

هۆکارەکانی پیسبوون بە نەوت زۆرن لەوانە:

١ - رووداوی نقوم بوونی کەشتییە نەوتییەکان بەو بەرهەمانەوە کە هەڵیگرتووە، بۆنمونە لەکاتی شەڕی عیراق-ئێراندا سوپای عیراق هەموو ئەو کەشتییانەی نەوتیان لە ئێران دەکڕی بە فڕۆکە لێی دەدانو نوقمی ئاوی کەنداوی دەکردنو لە ئەنجامدا جگە لە زیانی گیانی نەوتێکی زۆر دەڕژایە کەنداوەوە.

٢- لە کاتی دەرکردنی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی ژێر دەریاکان ئەوکاتەی نەوتو ئاو لێک جیادەکرێنەوە، ئاوەکە دەخرێتە دەریاکانەوە. بۆ نموونە لە٣٠ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٢ بیرهەڵکەنێکی سەر بەکۆمپانیای (شلەمبێرگەر)لەوکاتەی لە یەکێک لە ئاوەکانی سعودیە سەرقاڵی هەڵکەندنی بیرێکی نەوت بوو بە هۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە بیرەکە تەقییەوە سەرئەنجام نەوتێکی زۆر ڕژایە ئاوەکەوە. یان نوێترین رووداو کە تەقینەوەی بیرە نەوتەکەی دەریای مەکسیکە لە نیسانی ساڵی ٢٠١١ کە بەهۆیەوە زیاتر لە ٧٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕژایە ناو دەریاوە.

٣ - فرێدانی پاشماوە نەوتییەکان لەناو کەشتییە نەوت هەڵگرەکانەوە بۆ ناو دەریاکان لەوانە پاشماوەی پاڵاوگەکان، بەپێی خەمڵاندنی شارەزایان ساڵانە ٥-١٠ ملیۆن تەن نەوتو پاشماوەکەی دەڕژێنە دەریاکانەوەو مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ژیانی رووەکو گیانەوەرە دەریاییەکان دروست دەکات.

٤- بە ئەنقەست سوتاندنی بیرە نەوتیەیکان وەک ئەوەی لە شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ دا لە کوێت روویدا، ئەوکاتەی سوپای عیراق لە کوێت کشایەوە هەرچی بیرە نەوتی کوێت هەبوو ئاگری تێبەردا کە لە ئەنجامدا کاریگەرییەکی زۆری لە ژینگە کرد بە ژینگەی دەریاشەوە. هەروەها کارە تیرۆریستییەکان کە لە ناوچەی سێگۆشەی سوننە نشیندا رودەداو لولە نەوتی نێوان عیراق — تورکیا دەتەقێنرێتەوە چەندینجار بووەتە هۆی ڕژانی نەوت بۆ ناو روباری دیجلەو پیسکردنی.

## زیانەکانی پیسبوون بە نەوت

١ - کاتێک زیندەوەران نەوت هەڵدەمژن ژەهراوی دەبن، چونکە مادە هایدرۆکاربۆنییەکانی ناو نەوت لەناو شانە رۆندارەکانو جگەرو پەنکریاس کۆدەبێتەوە، مرۆڤیش بە خواردنی ئەو زیندەوارانەی لە ئاودا دەژین بە تایبەتی ماسی دوچاری نەخۆشی کوشندە دەبێت.

٢- پیسبوونی ئاوی دەریاکان شوێنەوارێکی خراپ لەسەر کەرتی گەشتوگوزار بەجێدەهێڵێت.

٣- کاریگەریی لەسەر ئابووری وڵات دەبێت، چونکە تا دەریا لەو نەوتە ڕژاوە پاکدەکرێتەوە پارەیەکی زۆر خەرج دەکرێت.

*شارەزا لەبواری نەوتدا



**ئیندۆنیزیا ٢-٢-٢٠١٢:**

جوتیارێک لەدەوروبەری جاکارتا سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەڵمە برنجە، هاوکات وەزیری کاروباری ڕێکخراوو دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە ئاشکرایکرد، چەندین کۆمپانیا لەکەرتی تایبەت لەهەوڵی ئەوەدان بەرهەمی برنج زیاد بکەن بۆ ٥٠٠ هەزار تۆن، ئەویش بەهۆی چەند کێڵگەیەکی ئامادەکراوی نوێوە.

وێنە هەواڵ

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٩٥) لە ٦/٢/٢٠١٢

# هێڵی غازی نێوان میسرو ئیسرائیل

فەرهاد حەمزە محەمەد

لە ساڵی ١٩٨٩دا ئیسرائیل داوای لە حکومەتی میسر کرد پڕۆژەی هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتیی لە میسرەوە بۆ ئیسرائیل دابمەزرێنێ بەجۆرێک هێڵەکە سەرەتا بگاتە ناوچە جوولەکە نشینەکانو وێستگەکانی کارەبا لەو شارانە بخاتە گەڕو دواتر درێژ بکرێتەوە بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان، بڕی تێچوونی پڕۆژەکەش ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بوو. سوودی ئەم پڕۆژەیە بۆ ئیسرائیل هەرزان دەستکەوتنی غاز بوو، چونکە ئەگەر بە کەشتی لە شوێنی ترەوە هاوردەی بکردایە بۆ هەر تۆنێک غاز ٢٣ دۆلاری دەچووە سەر. هەرچەندە لە ناوخۆی ئیسرائیل ناڕەزایی زۆر هەبوو، بەڵام گوشارەکانی ئەمریکا کارەکانی بەرەوپێشەوە برد. گفتوگۆکان بەردەوام بوو درێژەی کێشا، لەساڵی ١٩٩٦ لایەنی میسری لەسەر کەم دانانی نرخی غاز گفتوگۆکانی وەستاند، چونکە میسر دەیویست نرخی غاز بەپێی نرخی جیهانی دابنرێت.

### سەرهەڵدانی

### کێشەی کارەبا، کارەکانی پێشخست

لەدوای ساڵی ٢٠٠٠وە لە ئیسرائیل کێشەی کارەبا بەهۆی کەمیی وزەوە سەریهەڵدا، هەر بۆیە جارێکی تر پەنایان بۆ میسر بردەوە تا پڕۆژەی غازی نێوانیان زیندوو بکەنەوە. لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦دا وەزیری ژێرخانی ئیسرائیل سەردانی قاهیرەی کردو لەوێ لەگەڵ وەزیری پترۆڵی میسری یاداشتی لێکگەیشتنیان ئیمزا کرد. وەزیری ئیسرائیلی لەو ڕێوڕەسمەدا وتی: ئەمە ڕێککەوتنێکی مێژووییەو بۆ جاری یەکەمە دەوڵەتی ئیسرائیل غاز لە وڵاتێکی عەرەبی دەکڕێت، پڕۆسەی کڕینەکەش بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بەردەوام دەبێتو بەگرەنتی حکومی دەبێت. ئەوەی زۆر سەیرە ئەم ڕێککەوتنە پیشانی ئەنجومەنی گەلی میسر نەدراو گفتوگۆشی لەسەر نەکرا. بەپێی ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ میسر بڕی ٢,٥ ملیار مەتر سێجا غاز هەناردەی ئیسرائیل دەکات. ئەوەی لەم ڕێککەوتنەدا شاراوەیە نرخی غازەکەیەو چاودێران بە نرخێکی سیاسیان هەژمار دەکرد، دواتر دەرکەوت کە هەر مەترە سێجایەک غاز بە ٧٥ سەنت دانرابوو لە کاتێکدا نرخی جیهانی بۆ هەمان بڕی غاز لە نێوان (٥ — ٧) دۆلاردا بوو. ئیسرائیلییەکان دەیانوت ئەو غازەی هەناردەیان دەکرێت پاککراوە نییە وەک ئەوەی هەناردەی ئەوروپا دەکرێت ئەمەش پێویست دەکات پاڵاوگەیەکی بۆ دابنرێت کە چەندین ملیار دۆلاری تێدەچێت، لەبەر ئەوە بە نرخێکی کەمتر لە بازاڕی جیهانیی غاز لە میسر دەکڕن.

لەکاتی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا، بەتایبەت کە میسریشی گرتەوە، چەند جارێک هەناردەی غاز لەمیسرەوە بۆ ئیسرائیل ڕاگیراو دەستی پێکردەوە.



ئیندۆنیزیا ٢٤-١-٢٠١٣:

کرێکارانی شیشبەست سەرقاڵی دروستکردنی بینایەکی نوێی ١٨ نهۆمین لە جاکارتا، ئیندۆنیزیا کە لە ئابوورییە تازە هەڵکشاوەکانی جیهانە، گەشەپێدانی ژێرخانی ئەو وڵاتە بەم دواییانە بۆتە جێگەی سەرنجی وەبەرهێنەرانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانیش لەیەک کاتدا.

وێنە هەواڵ

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٨٦) ل ٢٠١٢/١/٢٦

# کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل کیهانیان هەڵدەبژێری؟

فەرهاد حەمزە محەمەد*

لەم رۆژانەدا مشتومڕێکی گەورە کەوتۆتە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند لەسەر ئەو گرێبەستانەی ئێکسۆن مۆبیل لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بەستوویەتی و بەنایاسایی وەسفی دەکات، هەرچەندە بەگوێرەی وتارەکەی سەرۆکی هەرێم لە شاری دهۆک حکومەتی هەرێم پێشتر خودی مالیکی لەو گرێبەستە ئاگادار کردووەتەوە و رازیش بووە، بەڵام دواتر لێی پەشیمان بووەتەوە، ئێستا بابزانین ئێکسۆن مۆبیل بەرژەوەندییەکانی لەکوێیە؟

## ئێکسۆن مۆبیل چییە؟

کۆمپانیای (ئێکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی کۆمپانیایەکی جیهانییە لە بواری وزەدا مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 130 ساڵ. لە تەواوی کیشوەرەکانی جیهاندا بەرژەوەندی هەیەو لە 140 وڵاتدا کاردەکات. کۆمپانیاکە مۆڵەتی حکومەت نییەو 3%ی نەوتی جیهان و 2%ی وزەی جیهان بەرهەم دەهێنێت. لە ساڵی (1984)ەوە لە بواری پاڵاوتنی نەوتی خاودا لە سعودیە کاردەکات و گەورەترین پاڵاوگەی لەسەر کەناری خۆرئاوای سعودیە دامەزراندووە. لە میسریش کۆمپانیایەکی گەورەی دروستکردنی بۆیاخیان داناوە کە بەرهەمەکەی بە هەموو لایەکدا هەناردە دەکەن.

سەبارەت بە عیراقیش وەزارەتی نەوت لە خولی دووەمی مۆڵەتپێداندا، گرێبەستی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا بەست، بۆ پەرەپێدانی کێلگەی (خۆرئاوای قورنە)، کە یەکێکە لە کێلگە نەوتییە گەورەکانی عیراق و جیهان و دەکەوێتە خۆرئاوای شاری بەسرەوە، بەکۆتاییهاتنی کێلگەی رومێلە لە باکوورەوە کێلگەی خۆرئاوای قورنە دەست پێدەکات. لەساڵی 1973دا دۆزراوەتەوە. جیۆلۆجییەکان بەم دواییە گەیشتنە ئەو باوەڕەی یەدەکی نەوت تیایدا دەگاتە 43 ملیار بەرمیل، ئەو پێیە دەبێتە دووەم کێلگەی نەوت لە جیهاندا لەدوای کێلگەی (غەواری) سعودی. لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا کێلگەکە درابوو دەست کۆمپانیای (لۆک ئۆیل)ی روسی، بەڵام هێشتا هیچیان بەرهەم نەهێنابوو، روخانی حکومەتی بەعسی بەسەردا هات و حکومەتی نوێی عیراق دانی بەو گرێبەستە کۆنەدا نەناو کۆمپانیا روسییەکە کشانەوە.

کێلگەکە لەبەر گەورەیی بە دوو قۆناغ خرایە زیادکردنەوە، لە قۆناغی یەکەمدا لە تشرینی دووەمی ساڵی 2009 هەردوو کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل و (شێل) ترانییان لەخولی دووەمی مۆڵەتپێداندا لەم کێلگەیە وەرگرتن بەمەبەستی پەرەپێدانی و بەرزکردنەوەی بەرهەم تیایدا، بەوەش هەلی کار بۆ هەزاران کەس لە باشووری عیراق دەڕەخسێنی. بەپێی گرێبەستەکە ئەم دوو کۆمپانیایە کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم لەو کێلگەیە لە 270 هەزار بەرمیلەوە بۆ 2,250 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا لەماوەی حەوت ساڵدا، لەبەرامبەردا 1,17 دۆلار وەردەگرن بۆ هەر بەرمیلە نەوتێکی بەرهەم هێنراو.

## گرێبەستی ئێکسۆن مۆبیل لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا

لە مانگی کانوونی یەکەمی 2009دا بەشی دووەمی کێلگەکە رادەستی هەردوو کۆمپانیای (لۆک ئۆیل) ی روسی و ( ستات ئۆیل)ی نەرویجی کراو کە ئامانج لێی بەرزکردنەوەی بەرهەمی کێلگەی (خۆرئاوای قورنە)یە بۆ 1.8 ملیون بەرمیل لە رۆژێکدا لە ماوەی شەش ساڵدا، بەرامبەر هەر بەرمیلێک نەوتی بەرهەم هاتوو 1,15 دۆلار دەردەگرن.

حکومەتی هەرێم لە 18ی تشرینی یەکەمی 2011 گرێبەستی کارکردنی لە شەش ستراکچەری جیۆلوجی (ترکیب جیولوجی ) هەرێم ئیمزاکرد کە بریتین لە عەربەت، قوش، کانکی، پیرمام، بەرەدەرەش.

ئەم کۆمپانیایە وەك هەموو کۆمپانیاکانی تر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە پێش هەموو شتێکەوەیە. بالێرەدا شیکردنەوەیەك بۆ قازانجەکانی لە هەردوو لابکەین:

کێلگەکەی باشووری عیراق دەمێکە دۆزراوەتەوەو دڵنیان لە بوونی نەوتێکی زۆر تیایدا، ئەوەی بەرهەمی دەهێنن بەبێ کێشە هەناردە دەکرێت. هەرچی گرێبەستەکەیەتی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هێشتا ئەو شوێنانەی ناومان بردن هەر بەستراکچەری جیولۆجی وەسف دەکرێن واتە هیچ بیرێکی تێدا هەڵنەکەنراوە تابزانن نەوتی تێدایە یان نا، ستراکچەرەکانیش لە رووی رووبەرەوە گەورە نین.

## ئەوان حەزدەکەن هەر پاشکۆبین

ئەگەر هۆکارە سیاسییەکان وەلابنرێن و تەنها هۆکاری قازانج بخرێتە بەرچاو ئەوا بەبێ دوو دڵی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل کێلگەی قورنە هەڵدەبژێرێ و ئەوەی هەرێم هەڵدەپەسێرێت، ئەگەر حکومەتی عیراق رازی نەبێت ئامادە نییە کێلگەی خۆرئاوای قورنە بکاتە قوربانی ئەو ستراکچەرە جیۆلۆجییانەی هەرێم.

دوا هەواڵەکانیش زیاتر بۆچوونەکانمان پشتڕاست دەکاتەوە ئەویش ئەولێدوانەی ئەم دواییەی مالیکی بوو کە وتبووی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل بەگرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەچێتەوە.

دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت حکومەتی عیراق لە کۆنداو لە ئێستادا پێشکەوتنی پیشەسازیی نەوت لە کوردستاندا بە هەڕەشەی سەرخۆیان دەزانن و بەردەوام هەوڵ دەدەن کوردستان لە رووی ئابوورییەوە هەر بە پاشکۆی مەرکەز بهێڵنەوەو هەموو کاتێک بەوە بژین کە لە بەغداوە بۆیان دێت.

ئێکسۆن مۆبیل کۆمپانیایەکی ئەمریکی جیهانییە لە بواری وزەدا کاردەکات

*شارەزا لە بواری نەوتدا

کوردستانی نوێ (٥٦٦٧) لە ٣/١/٢٠١٢

# نەوت و نەوەکانی داهاتوو



*فەرهاد حەمزە*

گومانی تێدا نییە کە سروشتبوونی نەوت لەژێر زەویدا ملیۆنەها ساڵی خایاندووەو ئەوەی تائێستا پێکهاتووە جارێکی تر روونادانەوە . لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە بەکارهێنانی نەوت بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژی بێتو لەسەر بناغەیەکی زانستی بەرهەم بهێنرێت، بەجۆرێک بێت خواست لەسەر نەوت چەندە بێت، لەو چوارچێوە زانستییە دەرنەچێتە دەرەوە، چونکە لەلایەکەوە کاریگەری خراپی بۆ سەر ژینگە دەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو کێڵگە نەوتانە دوچاری زیان دەبن. ئەگەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بەم چەشنە کار بکەن، ئەوا ماناى پابەندبوونیان بەپرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام دەگەیەنێت .

## پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام

پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام بریتیە لەئیدارەدانو پاراستنی سامانی سروشتی لەگەڵ ئاراستەکردنی گۆڕانکارییە تەکنیکیو دامەزراوەییەکان بەجۆرێک پێویستیەکانی نەوەی ئێستا دابین بکاتو رێژەیەک لەو سامانە بۆ نەوەکانی داهاتوو پاشەکەوت بکات .

زۆر جار وارێکەتووە وڵاتانی خاوەن نەوت بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەلە لەهەندێک بڕیاری چارەنووسساز دەکەن، بەبێ ئەوەی بیر لەبەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو بکەنەوە، وەک بڕیاری کۆمپانیا مۆنۆپۆڵە جیهانیەکانی رابردوو کە کۆنتڕۆڵی نەوتیان کردبوو , بەپێی بەرژەوەندییەکانیان نەوتیان دەردەهێناو دەفرۆشرا.

پێچەوانەی ئەمەش لەنێو وڵاتانی جیهاندا نموونە هەیە کەرەچاوی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام دەکەن، لەوانە وڵاتی نەرویژ کەزۆر بەوریایىو دووربینییەوە مامەڵە لەگەڵ داهاتی نەوت دەکاتو بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵیانداوە کاریگەرە نێگەتیڤەکانی نەوت لەسەر ژینگە کەم بکەنەوە , هەروەها ٤٪ی داهاتی نەوت خەرج دەکەنو ئەوانی تر دەکرێنە پاشەکەوت بۆ نەوەکانی داهاتوو. وڵاتی کوێتیش یەکێکە لەو وڵاتانەی هەمان رێچکەیان گرتۆتەبەر.

## عیراقو پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام

لەو کاتەوەی نەوت لەعیراقدا دۆزراوەتەوە، هیچ کاتێک پەیڕەوی ئەم پرۆسەیە نەکراوە , لەکاتی ئینگلیزەکاندا کۆمپانیای ipc بەپێی قازانجو بەرژەوەندییەکانی خۆی نەوتی بەرهەم دەهێنا .

لەسەردەمی بەعسیشدا دیسانەوە نەوت کەوتبووە ژێر کاریگەری سیاسەتەوە، بەتایبەت لەساڵانی جەنگی عیراق - ئێراندا کەبۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر بەمەبەستی درێژەپێدانی جەنگەکەیان، گوشارێکی زۆریان بۆ کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک هێناو رۆژانە ملیۆنێکو ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوتیان بەرهەم دەهێناو زۆر لەتوانای خۆی زیاتر بوو , هەرچەندە لەو کاتەدا چەند ئەندازیارو بەڕێوەبەرێکی شارەزا ئەم کارەیان بەهەڵە دەزانی، بەڵام کەس گوێی لێنەگرتنو دوچاری سزا بوونەووە .

رۆژگاری دوای پرۆسەی ئازادیش، بەهەمان عەقڵیەت بیر دەکەنەوەو هەر لەهەڵپەی ئەوەدان زۆرترین نەوت هەنارده بکەن. واقعی ئەمڕۆی عیراق ئاماژە بەوە دەکات کەهیچ پلانێکی روون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتی نەوتدا لەئارادا نییە , بەبێ بەرنامە بۆ نەوەی ئێستا خەرج دەکرێتو بەبێ ئەوەی بیر لەنەوەی داهاتوو بکرێتەوە کەئەوانیش بەشیان هەیە لەم سامانەو مافی خۆیانە بەهۆیەوە خۆش گوزەرانبن.



*شارەزا لەبواری نەوتدا

پێویستە نەوت لەخزمەتی نەوەی داهاتووش بێت

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨١٣) لە ٢٠/٦/٢٠١٢

# کۆمپانیای شێل



فەرهاد
حەمزە محەمەد*

کۆمپانیای شێل، یەکێکە لەکۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان و لەبواری بەرهەمهێنانی نەوت و غاز و ماددە پترۆکیمیاوییەکاندا کار دەکات، ئەمڕۆ کۆمپانیای ئەکسۆن مۆبیلەوە دێت. بارەگای کۆمپانیای شێل لەشاری (لاهای)ی هۆڵەندایەو ژمارەی ئەو کارمەندانەی کاری تێدا دەکەن ١١٢ هەزار کەسە. سەرەتای دروستبوونی کۆمپانیاکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٧، لەو کاتەدا دوو کۆمپانیای ئەورووپی یەکخران کەبریتی بوون لەکۆمپانیای رۆیاڵ دەتش پترۆلیۆمی هۆڵەندی و کۆمپانیای شێلی بەریتانی. ئامانج لەو یەکخستنە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆمپانیای ستاندارد ئۆیلی ئەمەریکی بوو. لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا توانی رووەو ئەمەریکا پەلو پۆ درێژ بکاتەوەو چەند گروپێکی جیاواز دروست بکات.

### کۆمپانیای شێل لەعیراق

ئەو کۆمپانیایە لەزۆر وڵاتی جیهاندا کاری هەیە، لەئەمەریکا توانیویانە ١٣ هەزار وێستگەی سووتەمەنی بکەن، لەنەیجیریا سەرگەرمی گەڕان و دەرهێنانی نەوتن. هەرچەندە خەڵکی وڵاتەکە چەند جارێک لەم کۆمپانیایە نارازی بوونەو خۆپیشاندانیان بەرپاکردووە، لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣دا خۆپیشاندانێکی ٣٠٠ هەزار کەسی لەدژی کارەکانی کۆمپانیای شێل بەڕێوەچوو، لەئەنجامدا کارەکانیان بۆ ماوەی ساڵێک راگرت.

لەساڵی ١٩٩٥دا تۆمەتی کوشتنی چەند چالاکوانێکی سیاسی نەیجیریان درایە پاڵ کە دژی حکومەتی نەیجیریا خەباتیان دەکرد، بۆیە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئیدانەی کۆمپانیاکەی شێلیان کردو تۆمەتباریان کرد بەدەستگیرۆیی کردنی حکومەتی نەیجیریا بەپارەو چەک.

کۆمپانیای شێل وەکو بەشێک لەکۆمپانیای نەوتی عیراق ipc، لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٢٧-١٩٧٢ لەعیراق کاری کردووەو مافی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی پێسپێردرابوو. لەساڵی ١٩٢٧ دوای خۆماڵیکردنی نەوت، عیراقیان بەجێهێشت. لەدوای پرۆسەی ئازادی ساڵی ٢٠٠٣ کۆمپانیای شێل وەک کۆمپانیا جیهانیەکانی تر کۆششیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی کارکردن لەعیراقی دەوڵەمەند بەنەوت. لەساڵی ٢٠٠٩دا بەشداری هەردوو خولی مۆڵەت پێدانیان کردو لەئەنجامدا بەرهەمهێنانی نەوتیان لەهەردوو کێڵگەی مەجنون و رۆژئاوای قورنەی بردەوە.

### لەرۆژێکدا ٧ ملیۆن دۆلار

کۆمپانیای شێل بۆ خۆشکردنی جێپێی خۆی لەعیراقدا، هەندێ کاری بچووکی کرد بەمەبەستی یارمەتیدانی پیشەسازی نەوت لەعیراقدا تابتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. لەساڵی ٢٠٠٣دا سەدان ئەندازیارو فەرمانبەری کەرتی نەوتی رەوانەی دەرەوە کرد، بەمەبەستی راهێنان و مەشقپێکردن. هەروەها ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ چاککردنی ژێرخانی غازی شاری بەسرە خەرج کرد کە لەئەنجامدا پاشماوەکانی غاز بەرێژەی ٢٠٪ کەمی کرد. جگە لەمانە لەشاری کەرکوک توێژینەوەیەکی سەبارەت بەکێڵگەی کەرکوک ئەنجامداو تیایدا رێوشوێنەکانی چارەسەرکردنی کێڵگەکەیان خستووەتەڕوو.

یەکێک لەئامانجە سەرەکیەکانی کۆمپانیای شێل لەعیراقدا، بردنەوەی وەبەرهێنان بوو لەغازی باشووری عیراق، ئەوەبوو بەهاوکاری کۆمپانیای میسیۆبیشی ژاپۆنی و کۆمپانیای غازی باشوور ئەم کارەی بۆ مەیسەر بوو. ئامانجی ئەم پرۆژەیە رێگرتنە لە بەفیرۆچوونی غازی کێڵگەکان و بەکارهێنانیان بۆ پڕکردنەوەی پێویستی ناوخۆ لەغازی ماڵان و ئیش پێکردنی وێستگەکانی کارەبا، ئەوەی دەشمێنێتەوە هەناردە بکرێت. یەکێک لەگەورە بەرپرسانی کۆمپانیای شێل سەبارەت بەزیانی غازی سووتێنراو لەعیراق دەڵێت "عیراق لەهەر چرکەیەکدا ٨٠ دۆلار زیانی لێدەکەوێت، واتە لەرۆژێکدا ٧ ملیۆن دۆلار".

*شارەزا لەبواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٠٨) لە ١٩/٦/٢٠١٦

# نەوت، شەڕێکی بێدەنگ

فەرهاد حەمزە محەمەد*

هەموو لایەک شارەزای گرنگی نەوت هەین کەچەندین شارستانیەتی پێوە بەندەو شادەماری پێشکەوتنی زۆربەی و ڵاتانە کە لەنەبوونیدا ژیانو جووڵە تیایاندا دەوەستێت. سەردەمی نەوت هەرزانی بەسەرچوو، هاوکات سەردەمی هەڵکشانی نرخە. هەرچەندە جارجارە بەهۆی کەم خواستیو قەیرانی ئابورییەوە داکشانێک بەخۆیەوە دەبینێت.

## هەر و ڵاتەو بۆ خۆی هەوڵ دەدات

هەموو وڵاتان هەوڵ دەدەن ئەم کانزایە بەئاراستەی سوودەکانی خۆیان پەلکێش بکەنو زۆرترین بەرژەوەندییان بهێننەدی، بەم چەشنەو ڵاتانی خاوەن نەوتو بەکاربەر ژێر بەژێر لەجەنگێکی بەردەوامو بێدەنگدان.

تورکیا هەوڵ دەدات ببێتە سەنتەرێکی جیهانی بۆ دابەشکردنی نەوتو گاز، دەیەوێت قەرەبووی رەتکردنەوەی بەئەندامبوونی لەیەکێتی ئەوروپا بکاتەوە، کۆمەڵە ستراتیجێکی سیاسیو ئابووری وەها وێنە دەکێشێت کەدەرئەنجام خۆی لەناو دڵی یەکێتی ئەوروپادا ببینێتەوەو سەرانی ئەوروپا رازی بن یان نا، وەک ئەو کەسە مامەڵە دەکات کە لەدەرگاوە دەرکرابێتو لەپەنجەرەوە بێتە ژوورەوە. وڵاتانی ئەوروپاش دەیانەوێت بەیارمەتی ئەمەریکا چیتر متمانە نەکەنە سەر غازو نەوتی روسیا، ئەمەریکاش گەمەکەی پێخۆشەو حەز دەکات روسیا دوژمنی دوێنێو دۆستی ئەمڕۆی لاواز بکات، پاشان کلیلی لوولە نەوتیو غازییەکان لەژێر کۆنترۆڵیدا دەربکاتو خۆیان پرۆسەی گەڕانو دۆزینەوەو پاڵاوتنو گواستنەوەی نەوت ئەنجام بدەن.

روسیاش لای خۆیەوە کۆشش دەکات پەیوەندی سیاسیو بازرگانی توندوتۆڵ لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەهێز بکات کەکلیلی لوولە نەوتیو غازییەکانیان دەکەوێتە لا وەک تورکیاو ئیتالیاو ئۆکرانیاو ئازربایجانو تورکمانستان.

لەلایەکی تریشەوە چەند وڵاتێکی ئەوروپیو ئەمەریکا بەهاوکاری وڵاتانی ئازربایجانو تورکمانستانو عیراق، سەرگەرمی دامەزراندنی هێڵی غازی (نابۆکۆ)ن تاببێتە ئەلتەرناتیڤێک بۆ هێڵی روسی ئۆکرانی کەبڕیارە لەساڵی ٢٠١٥ کۆتایی پێبێت، ئەو پڕۆژەیە ١١ ملیار دۆلاری تێدەچێتو بەدرێژی ٣٣٠٠کم لوولە لەدەریای قەزوینەوە رادەکێشرێت رووەو وڵاتانی بەلقان کە بەتورکیاو نەمسادا تێدەپەڕێ، بێئەوەی خاکی روسیا ببڕێت.

هەر بۆ گوشار خستنە سەر روسیا، وڵاتانی ئەوروپا بەنیازن لولەیەکی ٤٠٠٠ کیلۆمەتری بۆ گواستنەوەی غازی نێجیریا بۆ ئەوروپا رابکێشن، پڕۆژەکە ١٣ ملیار دۆلاری تێدەچێت.

وزەی خۆریش چووەتە ناو ململانێکەوە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا، ١٢ کۆمپانیای ئەوروپی گرێبەستێکیان بەبڕی ٥٦٠ ملیار دۆلار ئیمزا کرد، بۆ بنیاتنانی پڕۆژەیەکی زەبەلاح بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەوزەی خۆر لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست. بەگوێرەی



پڕۆژەکە ژمارەیەک جەنەرەیتەری وزەی خۆر لەوڵاتی سعودیەو مەغریب بنیات دەنرێتو لەڕێگای کێبڵەوە کە بەژێر دەریای ناوەڕاستدا تێپەڕ دەکرێت، دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوروپا. بڕیاریشە ئەم پڕۆژەیە لەساڵی ٢٠٥٠ کۆتایی پێبێتو ١٥٪ی وزەی کارەبا بۆ ئەوروپا دابین بکات. ئامانج لەو پڕۆژەیەش کەمکردنەوەی متمانەیە بەنەوتی روسیا.

باراک ئۆباما هەر لەیەکەم رۆژی دەسەڵات گرتنەدەستەوە، پێشنیاری پەرەپێدانی وزەی خۆرو هەوای کردووە، چەندین بڕیاریشی لەوبارەیەوە دەرکردووە. وڵاتی ئوردنیش لەم بوارەدا دەستیکردووە بەمتمانەکردنە سەر وزەی ناوەکیو وزەی خۆر، تاکەمتر نەوت هاوردە بکات کەبووەتە هۆی قوتدانی بەشێکی گەورە لەبودجەکەی، بەڵام هێشتا هەنگاوەکان بەساردی دەچێت بەرێوە.

*شارەزا لەبواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٧٩١) لە ٢٠/٥/٢٠١٢

# گرێبەستە نەوتییەکانی عیراق‌و ژێرخانی وڵات

**فەرهاد حەمزە محەمەد***

لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا (٢٠٠٩-٢٠١٢) وەزارەتی نەوتی عیراق سێ خولی مۆڵەتپێدانی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان سازکردووەو ژمارەیەک کێڵگەی نەوتی‌و غازی عیراقی، سپاردووە پێیان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان‌و هەناردەکردن. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەهەموو ئەو گرێبەستانەی لەو سێ خولەدا ئیمزا کراون تەنها جەخت لەسەر زیادکردنی بڕی هەناردەکردن کراوەتەوە. ئەگەر رۆژانە گوێ بۆ لێدوانی بەرپرسە عیراقییەکان بگرین تێبینی دەکەین هەموو ئامانجێکیان تەنها رێژەی هەناردەکردنە بێتەوەی ئاوڕێک لە چاککردنی ژێرخانی وڵات یا پارێزگا بەرهەمهێنەکان لە رووی پیشەسازیی‌و کارەباو تەلارسازیی بدرێتەوە. وێڕای ئەمانە گرێبەستەکان سەرانسەری عیراقی وەک یەک نەگرتۆتەوە بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر کێڵگەکانی باشوور کراوەتەوە.

**خولی چوارەمی مۆڵەت پێدان**

لەم ساڵدا ساڵی ٢٠١٢ وەزارەتی نەوت بە نیازە خولی چوارەمی مۆڵەتپێدان رابگەیەنێت. لەم خولەدا ١٢ بلۆک لە خاکی عیراقدا کە ئەگەری بوونی نەوت‌و غازیان لێدەکرێت دەخرێنە بەردەستی کۆمپانیا بیانییەکان، حەوت لەم بلۆکانە ئەگەری بوونی غازیان لێدەکرێت رووبەرەکەیان ٤٧ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو دەکەونە رۆژئاوای عیراقەوە تەنها یەکێکیان نەبێت دەکەوێتە پارێزگای دیالەو واستەوە. پێنج بلۆکەکەی تر رووبەرەکەیان ٣٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو دەکەونە پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاست‌و باشوور. مەبەست لە بلۆک ئەو خاکەیە هێشتا هیچ دۆزینەوەیەکی تێدا ئەنجام نەدراوەو تەنها گومان لە بوونی نەوت‌و غازی لێدەکرێت.

ئەو کۆمپانیایانەی لەم خولەدا بانگهێشت دەکرێن پسپۆڕن لە بواری گەڕان‌و دۆزینەوەدا. وەزارەتی نەوت پێشبینی دەکات بە ئەنجامدانی خولەکە یەدەکی غازی عیراق ٢٩ تریلیۆن پێ سێجا زیاد بکات، یەدەکی نەوتیش ١٠ ملیار بەرمیل بەرزبێتەوە.

**بایەخدان بە ژێرخانی ئابووری**

بە پێی زانیارییەکان هێشتا زیاتر لە نیوەی رووبەری عیراق هیچ زانیارییەکی لەبارەوە نەزانراوەو لەم خولەدا ٣٠٪ی ئەو رووبەرە روپێوی جیۆفیزیایی جۆری سایسمیک (SIESMIC SURVEY)ی بۆ ئەنجام دەدرێت.

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی ئەم خولە لەخۆی دەگرێت بایەخدانە بە ژێرخانی ئەو شوێنانەی کاریان تێدا دەکرێت. یەکێک لەو مەرجانەی لەم خولەدا بۆ کۆمپانیا بیانییەکان دانراوە بریتییە لە پاککردنەوەی ئەو بلۆکانەی کاریان تێدا دەکرێت لە مین، ئەویش لەماوەی یەک ساڵدا. هەروەها پێویستە لە سەر کۆمپانیاکان ژمارەیەک پرۆژە لەو پارێزگایانە بکەنەوە بە مەبەستی بوژانەوەی ژێرخانی ئابووریان کە بەمە بواری کار بۆ دانیشتوانی ئەو پارێزگایانە زامن دەکرێت.

***شارەزا لە بواری نەوتدا**

کوردستانی نوێ 9ی 5ی 2012

# بەڕێوەبردنی سامانی نەوت لە دوو پڕۆژە یاسادا

فەرهاد حەمزە محەممەد*

بەڕێوەبردنی سامانی نەوتو غاز لە وڵاتدا یەکێکە لەو کێشە گەورانەی بەرۆکی عیراقی گرتوەو بوتە ئاستەنگێک لە بەردەم پێشکەوتنیدا هەرچەندە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق زۆر بە ڕوونی باس لە ناوەرکەزیی ئەم پرۆسەیە دەکات بەڵام قەوارە سیاسییەکان لە وردکردنەوەی بەندەکانی دەستوردا هەریەکە بەلای خۆیدا رایدەکێشێتو بە چاویلکەی بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیری دەکات.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا پرۆژە یاسای نەوتو غاز لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە دارێژرا بەڵام کەچووە ناو هۆڵەکانی پەرلەمانەوە ئیتر خۆری نەبینی بە هۆی رێکنەکەوتنیانەوە لەسەری. بەهۆی دەرنەچوونی ئەم یاسایەوە ناکۆکی لە بۆچونەکانی نێوان حکومەتو پەرلەمان سەری هەڵدا، ئەمە وێرای ململانێی توندی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغدا لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان.

لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١١دا لیژنەی نەوتو وزە لە پەرلەمانی عیراق بەمەبەستی چارەسەری ئەم قەیرانە بەپشت بەستن بە رەشنوسی پرۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٧ پێشنیازی پرۆژەیەکیان کرد. لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی دژی پرۆژەکە وەستانەوە بە بیانووی ئەوەی رەزامەندی حکومەتی تێدا وەرنەگیراوە. لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی وەزیران بەبێ ئامادەیی کورد لە ٢٧-٨-٢٠١١ پرۆژە یاسایەکیان گەڵاڵەکردو دەنگیشیان لە سەردا. ئەم پرۆژەیە بە تەواوی پێچەوانەی خواستی کورد دارێژرابوو لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتدا.

حاڵی حازر دوو پرۆژە لە ئارادایەو هیچ کامێکیان کۆدەنگی قەوارە سیاسییەکان بەدەست ناهێنێت.

## پڕۆژەکەی پەرلەمان

بە بەراورد کردنی هەردوو رەشنوسی یاساکە چەند خاڵێکی ناکۆکی جەوهەری بەدیدەکەین کە جیاوازی تێروانینی هەردوو پرۆژەکەیە بۆفەلسەفەی ئیدارەدانی وڵاتو سامانە نەوتییەکەی.

بەگوێرەی ئەم پرۆژەیە ئیدارەدانی سامانی نەوت لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی فیدراڵی نەوتو غازە کە سیفەتێکی سەربەخۆیان هەیەو هەرچی سیاسەتی نەوتیو پلانو پەرەپێدانی سامانی نەوتو گرێبەستەکان هەیە لە ئەستۆی ئەماندا دەبێت. سەرۆکو شارەزایانی ناو ئەنجومەنەکە لە پەرلەمانەوە دەست نیشان دەکرێن، نوێنەرانی هەرێمو پارێزگاکانیش تێیدا بەشدارن. بەگوێرەی ئەم پرۆژەیە رۆڵی وەزارەتی نەوت تەنها پێشنیازکردنو پێشکەش کردنی پلانی فراوانە بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا، واتە دەسەڵاتی حکومەت بە پلەی دوو دێت. هەر بەپێی ئەم پرۆژەیەی پەرلەمان ئەو گرێبەستانەی پێشتر ئەنجام دراون لە رێگەی لیژنەیەکەوە تاوتوێدەکرێنەوە، ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام ئەوا رەوانەی قەوارە سیاسییەکان دەکرێن تا لەوێ رێکەوتنی لەسەر بکرێت.

## پڕۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیران

بە پێی پڕۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاردان لەسەر سیاسەتی نەوتیو سەرپەرشتیکردنی پرۆسە نەوتییەکان لە ئەستۆی حکومەت دایەو ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ نەوتو غاز تەنها دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەو بەرنامانەی هەیە کەلە حکومەتەوە بۆیان دێتە خوارەوە. دەستەی هەرێمەکانیش کە لە پارێزگا بەرهەمهێنەکان پێکهاتووە مافی بەشداریکردنی وەزارەتی نەوتیان هەیە لە خولەکانی رێگەپێدان بە کۆمپانیا بیانییەکان لە گەڕان بەدوای نەوتداو تەنها بۆیان هەیە پێشنیاز بخەنە بەردەستی حکومەت. لە بارەی گرێبەستە کۆنەکانیشەوە بەوانەی هەرێمی کوردستانیشەوە وەزارەتی نەوت لە رێگەی ئۆفیسی راوێژکارانەوە پیایدا دەچێتەوەو دەبێت هەموو لایەک پابەندی بڕیارەکانی بن.

## بەراوردکردنی هەردوو پڕۆژەکە

لە خوێندنەوەی هەردوو پڕۆژەکەوە دەگەینە ئەو راستیەی کە پڕۆژەکەی پەرلەمان داوای نامەرکەزیەت دەکات لە ئیدارەدانی سامانی نەوتدا، رۆڵی حکومەتیش هەماهەنگیو راوێژکاری دەبێت. بەڵام پڕۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیران بە ١٨٠ پلە پێچەوانەی پڕۆژەکەی یەکەمەو رۆڵی حکومەت دەکات بە رۆڵێکی میحوەرییو سەرەکی.

هەموو ئەم جیاوازیانە زیاتر لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە هەر لایەک بە ویستو ئارەزووی خۆی ماددەی (١١١-١١٢)ی دەستوور شیدەکەنەوە، ئەمە جگە لە بەرژەوەندییە سیاسییەکان کە فاکتەری سەرەکی کێشەکانە.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٧٧٥) لە ٢٠١٢/١١/٦

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٣٢)
لە ٢١/١١/٢٠١١






# نرخی نەوت لە ماوەی چل ساڵدا

**فەرهاد حەمزە محەمەد***



لای هەموو لایەك روونە نرخی هەر كاڵایەك خواستو خستنەروو پێوەریەتیو لەو روانگەیەوە دەتوانین نرخەكەی دیاری بكەین، تەنها نەوت نەبێت لەم یاسایە بەدەربووە. لەوكاتەوەی نەوت دۆزراوەتەوەو بەمەبەستی بازرگانی بەكاردەهێنرێ، حەوت كۆمپانیای جیهانی كە چواریان ئەمریكیو سیانیان ئەوروپی بوون نرخی بازاری نەوتیان كۆنترۆل كردبوو، ئەم كۆمپانیایانە یەكیان گرتبوو بە (كارتل ) ناسرابوون. تا ساڵانی حەفتاكان ژمارەیەك نرخ بۆ نەوت لە ئارادابوو هەریەكەو لە خزمەتی یەكێك لەو كۆمپانیایانەدا بوون. لە سەرەتادا نرخی نەوت دوو دۆلاربوەو بەڵام دوای دۆزینەوەی نەوت لە ئەمریكا، نرخی نەوت لەدەیەی شەشەمی سەدەی نۆزدەدا دابەزییە سەر 10 سەنت. ئەم كۆمپانیایانە هەمیشە نرخی نەوتی وڵاتانی خۆرهەڵاتیان بەكەم دانابوو لەچاو نرخی نەوتی مەكسیكەوە. گومانی تێدانیە هەموو ئەم ناعەدالەتییانەو بەتاڵانبردنی نەوتی وڵاتانی بەرهەمهێن بوو پاڵی بە ژمارەیەك وڵاتەوەنا رێكخراوی ئۆپێك دابمەزرێنن، تانرخی نەوت لەدەست ئەو كۆمپانیایانە دەربهێننو بیگەرێننەوە بۆ خاوەنی شەرعی خۆیان.

جگە لە خواستو خستنەروو رووداوە سیاسیو سروشتییەكانیش دوو فاكتەری زۆر گرنگی هەڵكشانو داكشانی نرخی نەوتە، هەروەك لەم گێرانەوە مێژووییانەی خوارەوەدا بۆمان دەردەكەوێت :

1970 نرخی رەسمی نەوتی سعودیە بە 8,1 دولار دیاریكرابوو.

1974 بەهۆی ئەو گەمارۆیەی وڵاتانی عەرەب سەپاندیان بەسەر ئەمریكاو وڵاتانی ئەوروپادا جیهان دووچاری شۆك بوو، نرخی هەر بەرمیلێك نەوت كە كارگەكانی ئەمریكا هاوردەیان دەكرد 10 دۆلاری تێپەركرد.

1979 بە هۆی رووداوی شۆرشی ئیسلامی ئێرانەوەو برینی نەوت لە ئیسرائیلو ئەو وڵاتانەی یارمەتی ئیسرائیلیان دەدا نرخی نەوت دووچاری دووەم شۆك بۆوەو گەیشتە 20 دۆلار.

1980 شەری (عیراق - ئێران) هەڵگیرساو هەناردەی نەوتی عیراق لە باشوورەوە وەستا تەنها رێگەی (كەركوك - جیهان) مایەوە لەبەرئەوە نرخی نەوت لە 30 دۆلارەوە گەیشتە 39 دۆلار.

مانگی ئەیلولو تشرینی یەكەمی 1990 واتا پێش هەڵگیرسانی جەنگی كوێت بە چەند مانگێك نرخی هەر بەرمیلێكی نەوت گەیشتە 40 دۆلار.

ئایاری 2004 نرخی هەر بەرمیلێك نەوت چووە سەرووی 40 دۆلارەوە.

حوزەیرانی 2005 نرخی بەرمیلێك نەوت گەیشتە 60 دۆلار.

ئابی 2005 بە هۆی باوبۆرانی (كاترینا)وە لە كەنداوی مەكسیك نرخی هەر بەرمیلێك نەوت گەیشتە 70 دۆلار.

ئەیلولی 2007 بەهۆی كەمبوونەوەی نەوتی هەڵگیراوی ئەمریكا نرخی نەوت 80 دۆلاری تێپەراند.

تشرینی یەكەمی 2007 نرخی نەوت گەیشتە 90 دۆلار.

یەكی تشرینی دووەمی 2007 نرخی نەوت گەیشتە 96 دۆلار.

شەشی تشرینی دووەم 2007 نرخەكە گەیشتە 97.

حەوتی تشرینی دووەمی 2007 نرخەكە بووە 98 دۆلار.

21ی تشرینی دووەمی 2007 نرخی نەوت گەیشتە 99,29 دۆلار.

لە دووی كانونی دووەمی 2008دا بۆیەكەم جار لەمێژوودا نرخی بەرمیلێك نەوت 100 دۆلاری تۆماركرد.

دوای ماوەیەك لە جێگیربوون لەئازاری 2008دا نرخەكە بەرزەوە بۆوە بۆ 105 دۆلارو دواتر 111 دۆلار.

تەمموزی 2008 نرخی نەوت ژمارەی پێوانەیی لەمێژوودا تۆماركردو گەیشتە 147 دۆلار.

ئەم نرخە لەوە زیاتر بەرز نەبۆوە پاشان بەهۆی ئەو دابەزینە گەورەیەی بەسەر جیهاندا هات رۆژ لە دوای رۆژ نرخ دادەبەزێ تا لە 70 دۆلاردا ئۆقرەی گرت.

لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كە نرخی نەوت لەساڵانی حەفتاكانو هەشتاكانی سەدەی رابردوودا ئەگەر رووداوێكی سیاسی یان ئابووری بەهێز رووی نەدایە نرخ لە جێگەی خۆی دەمایەوەو نەدەگۆرا، تێبینی دەكەین لە نێوان ساڵی 1970 تا 1980 كە دەكاتە دە ساڵی رەبەق نرخی نەوت تەنها 18 دولار بەرز بۆوە، كەچی لە سەدەی 21 دا دەبینین نرخی ئەمرۆ وەك سبەی نییەو لەگۆرانی بەردەوامدایە

*شارەزا لە بواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦١٨) لە ٢٨/١٠/٢٠١١


ئابووری

# کێڵگە نەوتییە هاوبەشەکانی خۆرئاوای عیراق

فەرهاد حەمزە محەمەد*

کێڵگەی هاوبەش بریتییە لەو کێڵگەیەی دەکەوێتە نێوان دوو وڵاتەوەو هەردوولا بۆیان هەیە سوود لەو سامانە سروشتییە ببینن کە یاساو ڕێسای ئەو پەیوەندییە ڕێکدەخات. مێژووی جیهان چەندین حاڵەتی لەم چەشنەی بەخۆوە بینیوە کە لە سەرەتادا بووە بەکێشەو ئاشوب لەنێوان هەردوولادا، بەڵام لە دواییدا کێشەکە بەپێی یاسا لەسەر مێزی گفتوگۆ یەکلاکراوەتەوە.

عیراق یەکێکە لەو وڵاتانەی سەردەمانێکە خاوەنی ئەم کێشەیەیە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا بەتایبەت لەگەڵ ئێراندا کە تائێستا نەخشەیەکی یەکلاییکەرەوە بۆ سنوورەکەی نێوانیان نەکێشراوە. ژمارەی کێڵگە هاوبەشەکان لەگەڵ ئێراندا لە هەموو وڵاتانی تری دەوروبەر زۆرترەو زۆرجاریش کێشەی لێکەوتۆتەوە چ لە سەردەمی شای ئێران و چ لە سەردەمی نوێدا. ساڵی پار بوو هێزێکی ئێرانی لەناوچەی شاری عەمارە سنووریان بەزاندو چەند بیرێکی کێڵگەی (فەککە)یان داگیرکرد کە دواجار نەبێ کارەسات کێشەکە برایەوە. سەدام حسین لە وتارێکیدا لە تەمموزی 1990 کوێتی تاوانبار کرد بەوەی ژێر بەژێر نەوتی عیراق بۆ خۆی دەدزێت و ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە کە عیراق بەهۆی سەرقاڵبوونییەوە بەشەر لە توانایدا نییە نەوتی بەشەکەی خۆی دەربهێنێت.



کێڵگەیەکی نەوتی هاوبەش

## هەوڵی پێکهێنانی لیژنەی هاوبەش لەئارادایە

بەشی خۆرئاوای عیراقیش لەم حاڵەتە بەدەرنییەو کێڵگەی هاوبەشی تێدایە، بەڵام تائێستا هیچ کێشەیەکیان لێنەکەوتۆتەوە. ئەو کێڵگانەی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوای عیراقدا هاوبەشن واتە لەنێوان عیراق و سوریا، عیراق و ئوردن ئەمانەن:

1- کێڵگەی هاوبەشی نێوان عیراق - سوریا: لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا تەنها کێڵگەی (سوفەییە) لە ئارادایە کە لەساڵی 1926دا یەکەم ڕووپێوی جیۆفیزیایی لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عیراقەوە بۆ ئەنجامدراوە. یەکەم بیریش لە ساڵی 1973دا هەڵکەنراوەو دڵنیابوون لەبوونی نەوت تیایدا.

لەساڵی 1977دا کۆمپانیای (تەکنۆ ئیکسپۆرت)ی بولگاری ڕووپێوێکی تری ئەنجامدا. تاساڵی 2001 توانرا 41 بیری تێدا هەڵبکەنرێت. کێڵگەکە دەکەوێتە خۆرئاوای عیراقەوە لە دووری 100 کیلۆمەتر لە باکووری خۆرئاوای شاری موسڵەوە، هەروەها لە دووری 15 کیلۆمەتر لە باکووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی ڕەبیعەوە، درێژی کێڵگەکە 11 کیلۆمەترەو پانییەکەشی 4,4 کیلۆمەتر دەبێت. هەرچەندە بەشێکی کەمی کێڵگەکە بەر سوریا کەوتووە، بەڵام حکومەتی سوریا زۆر ئەکتیڤانە بەکاری دەهێنێت و دەیان بیری تێدا هەڵکەندوەو نەوتی لێدەردەهێنێت.

2- کێڵگەی هاوبەشی نێوان عیراق - ئوردن: لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا یەک کێڵگەی هاوبەش هەیە ئەویش کێڵگەی (ڕیشە)یە. ئەم کێڵگەیە زیاتر کێڵگەیەکی غازییە نەک نەوتی، لەلایەن عیراقەوە تا ئێستا هیچ بیرێکی تێدا لێنەدراوە، هەروەها هیچ ڕووپێوێکیشی بۆ ئەنجام نەدراوە تا درێژی و پانی و ڕووبەرەکەی بزانرێت. بەڵام حکومەتی ئوردن لەوبەشەی دەکەوێتە لای خۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاو بیری تێدا هەڵکەندووەو سوود لە غازەکەی دەبینێت.

حاڵی حازر وەزارەتی نەوتی عیراق لە هەوڵدایە تا لەگەڵ حکومەتی ئوردندا لیژنەیەکی هاوبەش پێکبهێنن بۆ توێژینەوەی زیاتر لەبارەی کێڵگەکەوە هەروەها دیاریکردنی ڕووبەرەکەی.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

# دەکرێت سوریا ببێتە ڕێڕەوێکی ستراتیژیی؟




فەرهاد هەمزە محەمەد*



وڵاتی سوریا لەڕووی سامانی نەوتو غازەوە زۆر دەوڵەمەند نییە، سەرەڕای کەمی ئەو سامانە حکومەتی سوریا زۆر بایەخی پێداوەو توانیوێتی دەستی چەندین کۆمپانیای بیانی رابکێشێتە کارکردن لەناوخۆی وڵاتدا کە کۆمپانیای بەناوبانگی شێڵ یەکێکە لەوانە. سوریا توانیویەتی بگاتە ئەو ئاستەی نەوت هەناردە بکات ڕێژەکەشی دەگاتە چەند سەد هەزار بەرمیلێک لەڕۆژێکدا.

**پێگەی جوگرافی سوریا**

پێش ئەوەی ڕاپەڕینو شۆڕشی گەلی سوریا دەستپێبکات، کۆمپانیا بیانییەکان پێشبینی ئایندەیەکی گەشیان بۆ سوریا دەکردو لەو بڕوایەدا بوون کە سوریا هەر بەدۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی نوێوە ناوەستێت، بەڵکو هەڵکەوتە جوگرافییەکەی زۆر جیاوازەو دەکرێت ببێتە ڕێڕەوێکی نێودەوڵەتی زیندوو بۆ گواستنەوەی غاز لەنێوان هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپادا کە ئەمەش دەبێتە داهاتێکی چاک بۆ ئەو وڵاتە، ئەویش لەئەنجامی بەکارهێنانی خاکەکەیو ڕاکێشانی لوولەی گواستنەوەی غاز لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەوروپا، ئەوەی زیاتر پاڵ بەسوریاوە دەنێت تا ئەم پێگە گرنگە وەربگرێت بریتیە لە:

١-نەبوونی هیچ کەناڵێکی گواستنەوەی غاز لەناوچەی کەنداوەوە بۆ ئەوروپا. هەروەها لەنێوان وڵاتانی باکووری ئەفریقیاو ئەوروپاش کەناڵی لەو چەشنە لەئارادا نییە، کە ئەمەش وادەکات پێویستییان بەسوریا هەبێت تا جێگای خۆی لەسەر نەخشەی ترانزێتی غاز وەربگرێت.

٢-پێویستیی ڕۆژانەی سوریا بۆ غازی سروشتیو ئەو پرۆژانەی بەنیازە لەئایندەدا ئەنجامی بدات، فاکتەرێکی ترەو هانی حکومەتی سوریا دەدات زیاتر کار لەسەر ئەوە بکات هێڵێکی غاز بەسوریادا ڕووەو ئەوروپا بڕوات. بەرهەمی ناوخۆی سوریا لەغازی سروشتی کەمەو لەماوەی ساڵی ٢٠٠٨دا تەنیا ٥,٥ ملیار مەتر سێجای خستووەتە بازاڕەوە کەچی سعودیە ٨٠,٤ ملیار مەتر سێجاو جەزائیر ٨٦,٥ مەتر سێجاو قەتەر ٧٦,٩ مەتر سێجای هەناردە کردووە.




پێدەچێت لەئایندەدا سوریا ببێتە ڕێڕەوێکی ستراتیژیی لەناوچەکەدا

**ئەو خەونە بەندە بەبنەماڵەی ئەسەدەوە**

ئەوەی زیاتر هانی سوریا دەدات کە ئەو هەنگاوە بهاوێژێت، زیادبوونی بەکارهێنانی غازە لەبواری کەرتەکانی خزمەتگوزاریو کارەباو پیشەسازی. بۆ دەستەبەرکردنی ئەم پێویستییەش تەنیا پەلەکردنە لەکردنی سوریا بەڕێڕەوێکی ستراتیژی بۆ غاز کە ئەوکات لەبازرگانیی وزەی جیهانیدا حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێت. بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەو سزا ئابووریە نێودەوڵەتییەیە کە بەسەر ئەو وڵاتە سەپێنراوە، لەئەنجامی ئەو سیاسیەتە زەبرو زەنگەی کە حیزبی بەعسی سوری پیادەی دەکات، بۆیە ئەو خەونەی حکومەتی سوریا لەم هەلومەرجەی ئێستادا زۆر ئەستەمەو تا ئەو کاتەی بنەماڵەی ئەسەد لەسەر تەختی دەسەڵاتدابن، بەدیهێنانی ئەو خەونە نایەتەدی.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٦٧) لە ٢٠١٢/٨/٣١

# بەنزین و زیانەکانی

فەرهاد حەمزە محەمەد*

بەنزین یەکێکە لەبەرووبوومە نەوتییەکان کە پاش تێپەڕاندنی چەند پرۆسە بەسەر نەوتی خاودا دەستمان دەکەوێت، یەکەمیان پاڵاوتنی نەوتی خاو لەپاڵاوتگەکان کە لەوێدا ژمارەیەک بەرووبووم لەنەوتە خاوەکە دەردەهێنرێت کە بەنزین یەکێکە لەوانە، دووەم چاککردنی کوالیتی، بەنزین دوای دەرچوونی لەپاڵاوتگە ناکرێت ڕاستەوخۆ بەکاربهێنرێتو بخرێتە ئۆتۆمبێلەوە، چونکە ئەو کاتە بزوێنەری ئۆتۆمبێل تەقەتەقێکی لێوە دروست دەبێت کە بەزمانی شەقام پێی دەوترێت (لیندەدات)، لەبەر ئەم هۆیە تێکەڵ بە (چوارەم ئەسیلی قورقوشم) دەکرێت کە ماددەیەکی ڕەنگ سوورە تا بزوێنەرکە بەبێ کێشە کار بکات.

### سوودەکانی قورقوشم

قورقوشم سوودێکی زۆری بۆ بزوێنەری ئۆتۆمبێل هەیەو دەبێتە مایەی کارکردنی بەئارامیو بەبێ (تەقە تەق)، بەڵام لەهەمان کاتدا زیانێکی زۆری بۆ ژینگەو مرۆڤ هەیەو سەرچاوەیەکی زۆری نەخۆشییە.

ئەگەر بچینە بەنزینخانەکان دەبینین دوو جۆر بەنزین دەفرۆشرێ، بەنزینی ئاساییو بەنزینی نایاب، بەنزینی ئاسایی ئەو جۆرەیە کە هیچ ڕەساسێکی تێدانییەو بزوێنەر بەباشی کار ناکات، بەڵام بەنزینی نایاب قورقوشمی تێدایەو نرخی گرانترە.

پرۆسەی تێکەڵکردنی قورقوشم پێی دەوترێت (بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتان)، بەنزینی نایاب ئۆکتانەکەی لەنێوان ٩٠ - ١٠٠ دەبێت، هاوکات بەنزینی ئاسایی لە ٨٣ - ٩٠ دەبێت. ژمارەی ئۆکتان بریتییە لەپێوانەی توانای بەنزین لەبەرگریکردنی دەنگە دەنگ لەکاتی سووتانی بەنزین لەناو بزوێنەردا.


نزیکەی سەد ساڵ دەبێت مادەی ئەسیلی قورقوشم دەخرێتە ناو بەنزینەوە، بەڵام بۆ زیاتر لە ٢٥ ساڵ دەچێت زیانی ئەم مادەیە ڕوون بۆتەوەو بەکارهێنانی قەدەغەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ١٦ وڵات لەجیهاندا ماون کە بەکاری دەهێنن.

### زیانەکانی قورقوشم

لەکاتی کارکردن بزوێنەری ئۆتۆمبێلدا دوکەڵ لەنەگزۆزی ئۆتۆمبێلەوە دەردەچێت کە بڕێک قورقوشمی تێدایەو گەورەترین فاکتەری پیس کردنی ژینگەی شارەکانە، یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی قورقوشم ئەوەیە ماوەیەکی زۆر لەهەوادا دەمێنێتەوەو لەڕێگەی کۆئەندامی هەناسەو کۆئەندامی هەرسەوە دەچنە ناو لەشی مرۆڤەوە، دواتر لەڕێگەیەوە دەگاتە ناو خوێنو پاشان کاریگەری لەسەر مێشکو ئێسکو دانەکان دروست دەکات.

مادەی قورقوشم ژەهراوییەو بەرزبوونەوەی ڕێژەکەی لە لەشدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هسیمۆ گلۆبینی خوێنو سەرهەڵدانی نەخۆشی لەگورچیلەو جگەرو چەندین شوێنی تر. وڵاتان بۆ ڕێگریگرتن لەپیس بوونی ژینگەو ژەهراوی بوونی لەشی مرۆڤ، چەندین ساڵ دەبێت ئەم مادەیەیان قەدەغەکردووەو لەبری ئەوە، ئۆکسیدی سلینیۆمو ئۆکسیدی ئەلەمنیۆم بەکاردەهێنن.

لەعیراقدا پێش پرۆسەی ئازادی،




دەبێت لەبەنزیندا ئۆکسیدی سلینیۆمو ئۆکسیدی ئەلەمنیۆم بەکاربهێنرێت

بەکارهێنانی ئەو مادەیە بەتەواوەتی کەمبۆوە، جگە لەهەندێ حاڵەتی سەرهەڵدانی قەیراندا نەبێت، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادیو بەهۆی ئەو قەیرانە زۆرەی سووتەمەنی کە ڕووبەڕووی عیراق بۆوە، ناچار بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو قەیرانەدا، پەنا بۆ بەکارهێنانی چوارەم ئەسیلی قورقوشم بردرا، بەتایبەت لەکاتی کردەوە تیرۆریستییەکانو تەقاندنەوەی پاڵاوتگەکاندا، وەک ئەوەی لەشوباتی ٢٠١١ بەرامبەر بەپاڵاوتگەی بێجی ئەنجامدرا. چەند مانگێک لەمەوبەر وەزارەتی نەوتی عیراق ڕایگەیاند کە ئێستا لەعیراقدا هیچ قورقوشمێک ناخرێتە ناو بەنزینەوەو بەنزینی خاڵیی لەقورقوشم بەرهەم دەهێنرێت. لەهەرێمی کوردستاندا پێش ماوەیەک ڕۆژنامە ئەهلیەکان، پاڵاوتگەکانی هەرێمیان بەوە تۆمەتبارکرد کە هێشتا قورقوشم لەپێکهاتەی بەنزین بەکاردەهێنرێت، بەڵام حکومەتی هەرێم ڕەتیکردەوە.

*شارەزا لەبواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٤٩) لە ٢٠١٢/٨/٦

# لەئایندەدا واست دەبێتە پارێزگایەکی بەرهەمهێن



نەوت ئایندەی واست دەگۆڕێت؟

فەرهاد حەمزە محەمەد ●

پارێزگای واست یەکێکە لەپارێزگاکانی ناوەراستی عیراقو ژمارەیەک کێڵگەی نەوتی تێدایە. لەپێش پرۆسەی ئازادیدا ئەم کێڵگانە تەنیا بۆ دڵنیابوون چەند بیرێکیان تێدا هەڵکەنرابوون‌و هیچ بەرهەمێکیان نەبوو، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە وەزارەتی نەوتی عیراقی کێڵگەی (ئەحدەب)ی بەکۆمپانیا چینییەکان سپارد، ماوەی چەند ساڵێکیشە سەرقاڵی بیر هەڵکەندن‌و نەوتیشیان بەرهەم هێناوە، ئەوەی مابۆوە کێڵگەی بەدرە بوو کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پارێزگای واستەوەو ١٦٠کم لەباشووری رۆژهەڵاتی شاری بەغداوە دوورە.

## کێڵگەکانی ئەحدەبو بەدرە

ئەم کێڵگەیە بە یەکێک لەکێڵگە هاوبەشەکانی نێوان عیراقو ئێران دادەنرێت، ئەو بەشەی کەوتۆتە ناو عیراقەوە درێژییەکەی ١٦کم‌و پانییەکەشی ٦کم دەبێت. لەساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆمپانیایەکی رۆمانییەوە رووپێو (مسح)ی بۆ ئەنجامدراوە. لەرۆژی ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٨ یەکەم بیری نەوتی لێهەڵکەندرا، لەساڵی ١٩٨٠ بیری ژمارە ٢ هەڵکەندرا، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی عیراقو ئێران، تەواونەکراو کار لەو کێڵگەیە بەیەکجاریی وەستاو ئاوڕی لێنەدرایەوە تادوای پرۆسەی ئازادی.

لەساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە، حکومەتی عیراق لەخولی دووەمی بەخشینی مۆڵەت بەکۆمپانیا بیانییەکان، کێڵگەی بەدرە بەپشکی جیاواز بۆ چوار کۆمپانیا دەرچوو، کۆمپانیای (گاز برۆم)ی روسی بەرێژەی ٤٠٪، کۆمپانیای (TIB)ی تورکی بەرێژەی ١٠٪، کۆمپانیای (کۆگوان)ی کۆری بەرێژەی ٣٠٪، کۆمپانیای (پترۆناس)ی مالیزی بەرێژەی ٢٠٪. بەپێی گرێبەستی نێوان حکومەتی عیراقو ئەو کۆمپانییانە، پێویستە لەسەریان بەرهەمی ئەو کێڵگەیە بگەیەننە ١٧٠ هەزار بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا بەرامبەر بەوەرگرتنی ٥ دۆلارو ٤٠ سەنت بۆ هەر بەرمیلە نەوتێکی بەرهەمهێنراو بەو مەرجەی ٣٥٪ی پارەکەی وەک باج بدرێت بەحکومەتی عیراقو ٢٥٪یش بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور دەبێت کە هاوکارییان دەکات.

## داهاتووی بازرگانیی واست

ئەوەی تا ئەمرۆ ئەنجامدراوە بریتییە لەپاککردنەوەی ناوچەکە بەرووبەری ١٦٥ کم دووجا لەمینی پاشماوەکانی جەنگی هەشت ساڵەی عیراق — ئێران، هەروەها دامەزراندنی ژمارەیەک تانکی بۆ هەڵگرتنی نەوتو هێنانی پاڵاوتگەیەکی بچووک، ئەمە وێڕای دروستکردنی تۆڕێک لەلوولەی نەوتو غازی جیاواز. دوای ئەم کارانە کۆمپانیای غاز برۆم کە لەبەرنامەیاندایە ١٧ بیری نەوت لەناوچەکە هەڵبکەنێت، لەم ماوەیەدا دەستیکردووە بەهەڵکەندنی بیری نەوتو بڕیاریشە لەئەیلوولی ساڵی ٢٠١٢ دەست بکرێت بە بەرهەمهێنانی نەوت بەبڕی ١٥ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا. دوای تێپەڕبوونی ٣ ساڵ بەرهەمی نەوت دە هێندە بەرز دەبێتەوەو دەگاتە ١٧٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا.

نەوتی کێڵگەی بەدرە نەوتێکی شیرینە، چونکە خاڵییە لەگازی ($H_2S$)ی ژەهراوی کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەگمەنە، چونکە لەم کاتەدا پێویستی بەدروستکردنی یەکەی چڕکردنەوەی (وحدە ترکین) نابێت.

بەم چەشنە دوای تەواوبوونی کار لەهەردوو کێڵگەی (ئەحدەبو بەدرە)، بڕی بەرهەمهێنان دەگاتە سەدان هەزار بەرمیل کە بەمەش پارێزگای واست دەچێتە ریزی پارێزگا بەرهەمهێنەکانەوەو بەپێی یاساکانی وەزارەتی نەوت بۆیان هەیە کۆمپانیای تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن.

ئەوەی تائەمرۆ کراوە بریتییە لەپاککردنەوەی ناوچەکە لەپاشماوەکانی جەنگی هەشت ساڵەی عیراق - ئێران

● شارەزا لەبواری نەوتدا

# نەوتی کەرکوک پێویستیی بەکۆمپانیای بیانیی هەیە؟

فەرهاد حەمزە محەمەد*

زۆرجار کە باس دێتە سەر هێنانی کۆمپانیای بیانی بۆ کاری وەبەرهێنانی لەسنووری شاری کەرکوک، هەندێک کەس دەڵێن "کێڵگەکانی سنووری شاری کەرکوک هەمووبار کێڵگەی گەشەپێدراون (حقول مطورة) و پێویست بەدەستی کۆمپانیای بیانی ناکات". لەڕاستیدا ئەرکی کۆمپانیای بیانی تەنیا گەڕان و دۆزینەوەی کێڵگەی نوێ و هەڵکەندنی بیری نەوت نییە، بەڵکو پەلدەهاوێت بۆ جومگەکانی تری بەرهەمهێنان.

پرۆسەکانی دوای هەڵکەندنی هەر بیرە نەوتێک بریتین لە:

١-دەرکردنی نەوتەکەو ناردنی بۆ وێستگەکانی جیاکردنەوەی غازو نەوت لەیەکتر

٢-کەبس کردنی غازەکە لەوێستگەکانی کەبس کردنی غاز

٣-ناردنی نەوتە جیاکراوەکە بۆ بەشی چڕکردنەوە (ترکیز) بۆ پاککردنەوەی لەخڵتەو غازی ($H_2S$) و ئاو

٤-ناردنی نەوتی خاوی پاککراو بۆ وێستگەکانی پاڵنان (محطات الضخ- PUMPHNG STATION)، بەمەبەستی هەناردەکردن بۆ دەرەوە.

مەرج نییە کۆمپانیای نەوت لەکەرکوک داوای دەستی بیانی بکات بۆ دۆزینەوەی کێڵگەی نوێ، بەڵکو لەم بەشانەی کە لەخوارەوە باسی لێدەکەین پێویستی بەکۆمپانیای بیانی پێشکەوتوو هەیە:

١-بواری هەڵکەندن (حفر- DRILLING): ساڵانێکی زۆرە ئەم کۆمپانیایە بەئامێری کۆن کاردەکاتو تەکنەلۆجیای نوێ رووی تێنەکردووە. ئامێری کۆن پێویستی بەکاتو تێچوونێکی زیاترە تابیرێک نەوت هەڵدەکەنن، جگە لەئامێر شێوەی کارکردنی نوێ هاتۆتە ئاراوە.

٢-جیاکردنەوەی نەوت لەغاز: کۆمپانیای نەوتی باکوور ژمارەیەک وێستگەی بۆ ئەم مەبەستە لەشوێنە جیاوازەکانی کێڵگەی کەرکوک داناوە کە مێژووەکەیان زۆر کۆنەو هی سەردەمی ئینگلیزەکانە کە ئێستا ئەو توانایەی جارانی نەماوە.

٣-کەبس کردنی غاز: ژمارەیان ١٢ وێستگەیەو مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان. ئەو کاتەی تازە دامەزرابوو هەرچی غازی جیاکراوە هەبوو کەبس دەکراو هیچی وەهای لێنەدەمایەوە بەجۆرێک لە ٥٪ی لێی دەسووتێنرا، بەڵام لەئەمڕۆدا لەم وێستگانە چەند دانەیەک کاردەکەن ئەوانەش بەتوانایەکی لاوازەوە کە بۆتە هۆی ئەوەی لەتوانایدا نەبێت هەموو غازە جیاکراوەکە کەبس بکات، لەبەر ئەوە ناچار دەیسووتێننو بەفیڕۆ دەچێت کە ڕۆژانە ١٥٠ ملیۆن پێ سێجا غاز دەسووتێنرێ، ئەگەر ئەمە بەکاربهێنرێ دەتوانرێ کارەبای هەموو کەرکوک دابین بکات.


٤-چڕکردنەوە (ترکیز): ئەم بەشە لەساڵی ١٩٧٠ەوە کاردەکاتو هەر رۆژە بەشێکی لەکار دەکەوێت.

٥-وێستگەکانی پاڵنان (PUMPING STATION): ئەم وێستگانە بریتین لە (K1، K2، K3) کە ئەرکیان پاڵنانی نەوتی پاککراوەیە بەرەو دەرەوە. مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو کە ئەمانەش کۆن بوون. ئەمە جگە لەو دوو لوولە ٤٠و ٤٦ ئینجیەی نێوان کەرکوکو تورکیا کە لەساڵی ١٩٧٦ەوە کاردەکەنو لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە چەندین جار لەلایەن تیرۆریستانەوە تەقێنراونەتەوە کە بەکەڵکی ئەوە نەماوە بەردەوام نەوتی پێدا رەوانە بکرێت، ئەم لوولانە لەکاتی خۆیدا کۆمپانیای (مانسمان)ی ئەڵمانی دایمەزراندون، لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا زۆر پێویستی بەکۆمپانیایەکی بیانی هەیە تا سەرلەنوێ ئەم لوولانە نوێ بکاتەوە.

جگە لەکەموکوڕیو کۆن بوونی ئامێرو دەستگاکان، خودی کێڵگە نەوتییەکانیش بەتایبەت کێڵگەی کەرکوک دووچاری زیان بۆتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەی کە رژێمی رووخاو دەیگرتەبەرو بووە هۆی دابەزینی ئاستی رێژەی بەرهەمهێنان. بۆ راستکردنەوەی ئەم بارەش هەرچەندە کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکوور هەوڵی زۆریان داوە، بەڵام بێ سوود بووە، بۆیە ئیدارەی کۆمپانیاکە لەهەوڵدایە بۆ هێنانی کۆمپانیای (BP)ی بریتانی بۆ ژیاندنەوەی کێڵگەکە.

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە لەچەند خولێکی مۆڵەتپێداندا، وەزارەتی نەوتی عیراق ژمارەیەک کۆمپانیای بیانی هێناوە بۆ بەشداری کردن لەگەشەپێدانی کێڵگەکانی ناوەڕاستو باشوور، بەڵام تائێستا هیچ کۆمپانیایەکی بیانی رووی لەشاری کەرکوک نەکردووە، هۆکارەکەشی نازانرێت..!.

*شارەزا لەبواری نەوتدا



کێڵگەکانی کەرکوک پێویستییان بەنۆژەنکردنەوە هەیە

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٥٦) لە ٢٠١٢/٨/١٤

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٢٧٩) لە ٢٠١٠/٥/١٩

# کۆمپانیای پاڵێوگەکانی باکوور*

**فەرهاد هەمزە محەمەد***

کۆمپانیای پاڵێوگەکانی باکوور دەکەوێتە قەزای بێجییەوە لە پارێزگای سەلاحەدین. ئەرکی ئەم کۆمپانیایە پاڵاوتنی نەوتی خاوە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە نەوتییەکان و جۆرە جیاوازەکانی ڕۆن، سەرجەم وزەی بەرهەمی کۆمپانیاکە ٤٠٠ هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا.

کۆمپانیای پاڵێوگەکانی باکوور بەپێی بڕیاری ژمارە ١٠١ ساڵی ١٩٧٦ی وەزارەتی نەوت دامەزراوە.

پێش ئەم مێژووە شارۆچکەی بێجی هیچ گرنگییەکی ئابووری وەهای نەبوو پێی بکرێت تەنانەت هەڵکەوتە جوگرافییەکەشی هیچ بایەخێکی ستراتیژی نەبوو.

بەهۆکەی نەوتی ئەم قەزایە زیاتر لە پیاوانی بەعس پێکهاتبوو و حزب و عەشیرەتی دیکتاتۆر خۆی بوون، بۆیە ئەم پاڵێوگە مەزنەی لەو شوێنە دامەزراند لە نێوانی ئەوەی لەکەرکوک بنیات بنێت کە کەم ئابووریتر دەبوو، لە نێوانی ئەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە دەیان کیلۆمەتر ببڕێ و لەکەرکوکەوە ڕەوانەی بێجی بکرێ دەتوانرا یەکسەر پاڵێوگەکە لە نزیک سەرچاوە نەوتییەکانی کەرکوک دابمەزرێنرێت.

ئامانج لەدوورستکردنی پاڵێوگەکە پاڵاوتنی ئەو نەوتەیە کە ڕۆژانە لەکەرکوکەوە دەنێردرێ پاشان دابەشکردنی بەسەر پارێزگاکانی عێراقدا.

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە هەناردەی نەوتی کەرکوک بۆ پاڵێوگەی بێجی لە نێوان ١٦٠-٢٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاوە، بەڵام لەسەردەمی بەعسدا ئەم ژمارەیە زیاتر بوو. پاڵێوگەکە خۆی لەخۆیدا لەژمارەیەک پاڵێوگە پێکهاتووە کە ئەمانەن:

١-پاڵێوگەی سەلاحەدین ١ لەساڵی ١٩٨٢ەوە بەوزەی ٧٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا کار دەکات.

٢-پاڵێوگەی سەلاحەدین ٢ ئەمیشیان بەهەمان وزەی ئەوی پێشوو لەساڵی ١٩٨٤ەوە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە.

٣-پاڵێوگەی باکوور: بەگەورەترین پاڵێوگەی عێراق دەژمێردرێ و وزەی بەرهەمهێنانی ١٥٠ هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا لەساڵی ١٩٨٣دا دەستی بەکار کردووە.

٤-پاڵێوگەی دەرهێنانی ڕۆن: ڕۆنی ئۆتۆمبیل و مەکینە جیاوازەکان بەرهەمدەهێنێت، ساڵانە ٢٥٠ هەزار تۆن ڕۆن بەرهەمدەهێنێ.

٥-پاڵێوگەی (صینیە) لەساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە لەڕۆژێکدا ٢٠ هەزار بەرمیل سووتەمەنی بەرهەمدەهێنێ.

لە تەمانەی سەرەوە ئەو پاڵاوگانەن کە دەکەونە سنووری پارێزگای سەلاحەدینەوە، بەڵام لەڕووی ئیدارییەوە جگە لەم پێنج پاڵێوگەیەی ناومان هێنان ئەم چوار پاڵێوگەیەی خوارەوەشیان خراوەتەسەرو بەڕێوەبەرێکی گشتیان داناوە سەرپەرشتی هەموویان دەکات:

١-پاڵێوگەی حەدیسە لەساڵی ١٩٥١ەوە دامەزراوە ڕۆژانە ١٦ هەزار بەرمیل بەرهەمدەهێنێت.

٢-پاڵێوگەی گەیارە لەساڵی ١٩٥٥ دامەزراوە ڕۆژانە ١٤ هەزار بەرمیل ماددەی ئەسفەلت بەرهەمدەهێنێ.

٣-پاڵێوگەی کەرکوک لەساڵی ١٩٧٣ دامەزراوە بەرهەمی ٣٠ هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا.

٤-پاڵێوگەی کسک لەپارێزگای نەینەوا دایە ڕۆژانە ١٠ هەزار بەرمیل بەرهەمدەهێنێ.

*هەرچەندە لەناو خەڵکدا بەپاڵێوگەی بێجی ناسراوە، بەڵام لەڕاستیدا لەژمارەیەک پاڵێوگە پێکهاتووە دەکەونە ناحیەی بێجییەوە.


*ئەندازیاری جیۆلۆجی-کەرکوک



بەعس کۆمپانیا نەوتییەکانیشی تەعریب دەکرد

کۆمپانیای نەوتی باکوور، فۆتۆ: ئەرشیف

# لوولەی نەوتی نێوان عیراقو ئوردن


داشکاندنی نرخی نەولی عیراق بۆ ئوردن ئاکەی؟

**فەرهاد حەمزە محەمەد***

ساڵی ڕاپەڕینوو دوای ئەولوموومی گرژبەستی نێوان عیراقو ئوردن لەلایەن حکومەتی ئوردنەوە، داوا لەحکومەتی عیراق کرا ئەبری هەناردەکردنی نەوت بەتەنکەر، لوولەیەک لەنێوان ئەو دوو وڵاتە رابکێشرێ، ئەوە بوو لەڕۆژی ١٠ی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا یاداشتێکی لێکگەیشتن لەنێوانیاندا ئیمزا کرا کەڕۆژمەی بەندەکانی پەیوەندی بەکارتی وزەوە هەبوو، بەستنەوەی هەردوو وڵاتیش بەلوولەیەکی نەوتی بەشێکی ئەو یاداشتەبوو.

## ڕێککەوتنی نێوان عیراق - ئوردن

بەگوێرەی لێدوانێکی وتەبێژی حکومەتی عیراق، ئەم یاداشتی لێکگەیشتنە لەڕۆژی ئیمزا کردنیەوە کاری پێدەکرێ ماوەکەشی ٥ ساڵە ، هەروەها بەپێی ڕێککەوتننامەکە، لوولە نەوتیەکە لەشارۆچکەی حەدیسەی ڕۆژئاوای عیراقەوە دەردەچێتو تا بەندەری عەقەبە درێژ دەبێتەوەو لەوێش لقێکی لێدەبێتەوەو ڕووەو پاڵاوتگەی زەرقای ئوردنی دەچێت.

ئەو ڕێککەوتنە سوودی بۆ هەردوولا دەبێت، زیاتر بۆ لایەنی ئوردنی؛ چونکە تێچوونی هەناردەکردن کەم دەبێتەوە، لەهەناردەکردن بەڕێگەی تانکەر بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک ١٤ دۆلاری تێدەچێت، بەڵام لەڕێگەی لوولەوە تەنیا دوو دۆلار دەوەستێت. ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە ئەو نەوتەی بەتەنکەر دەڕوات بەشی پێداویستی ڕۆژانەیان ناکات.

وڵاتی ئوردن هەمیشە نەوتی عیراق بەنرخێکی کەمتر لەبازاڕ دەکڕێت کە ٢٢ دۆلار لەخوار نرخی جیهانییەوەیە. ئوردن دراوسێی بەشی ڕۆژئاوای عیراقەو لەسەردەمی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عیراقدا مامەڵەی جیاجیای لەگەڵداکراوە. لەسەردەمی حکومەتی بەعسداو بەتایبەت لەدوای دەستپێکردنی شەڕی عیراق — ئێراندا، ئوردن چووە بەرەی دژ بەئێرانەوەو بەچەکو سوپا شان بەشانی عیراق وەستا. لەکاتی شەڕی دەرکردنی عیراق لەکوێتیشدا دژ بەعیراق نەوەستاو هاوسۆزی حکومەتی بەعس بوو.

## ناردنی نەوتی عیراق بۆ ئوردن

لەبەرامبەر ئەمانەدا حکومەتی پێشووی عیراق هەردەم ئەو نەوتەی بەئوردنی دەفرۆشت نرخی لەوڵاتانی تر کەمتربوو. هەرچەندە هیچ لوولەیەکی گواستنەوەی نەوت لەنێوان عیراقو ئوردندا نەبوو، بۆیە لەڕێگەی تانکەرەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرا بەتایبەت لەماوەی ئابڵوقەی نێودەوڵەتی سەر عیراقدا لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا.

لەسەردەمی حکومەتی نوێشدا دیسانەوە بەرژەوەندی ئوردن خراوەتە بەرچاو , لەدوای پرۆسەی ئازادیەوەو لەنیسانی ٢٠٠٣ تاساڵی ٢٠٠٦، لەبەر نا ئارامیی ناوچەی خۆرئاوای عیراقدا، لەتوانادا نەبوو نەوت هەناردەی ئوردن بکرێت، بەڵام لەو ساڵەدا (٢٠٠٦)، ڕێککەوتنێک لەنێوان عیراقو ئوردن بۆ ماوەی ٢ ساڵ ئیمزا کرا کە بەو پێیە ڕۆژانە ١٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی ئوردن بکرێت , ئەم جارەش بەهۆی خراپی باری ئەمنیەوە نەتوانرا ڕێککەوتننامەکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە، دەبوایە سەرەتا هەناردەکردن بە ١٠ هەزار بەرمیل دەستی پێبکردایەو هەنگاو بەهەنگاو زیادیش بکرێت تا دەگەیشتە ١٠٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا . لەهەر بەرمیلێکدا ١٨ دۆلار دادەشکێنرێو لەخوار نرخی بازاڕەوە دەبێت. لەمانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨ جارێکی تر ئەم مەسەلەیە وروژێنرا ئەوە بوو ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ ماوەی ٣ ساڵ واژۆ کرد کە لەئابی ٢٠١١ کۆتایی پێ دێت. بەپێی ڕێککەوتننامە نوێیەکە ڕۆژی ١٠ هەزار بەرمیل نەوت لەڕێگەی تانکەرەوە ڕەوانەی ئوردن دەکرێت بەداشکاندنی ٢٢ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. بەڵام ئەم جارەیان تانکەرە نەوت هەڵگرەکان ئەو نەوتە لەقەزای بێجییەوە بار دەکەن لەبری کەرکوک , دوای ٨٠٠ کیلومەتر ڕۆیشتن دەیگەیەننە سنووری ئوردنو لەوێ بەتاڵی دەکەنو پاشان تانکەرە ئوردنێکان بۆ پاڵاتوگەی (زەرقا) دەیبەن , ژمارەی ئەو تانکەرانەش کەڕۆژانە لەو ڕێگەیەوە کار دەکەن، ٤٠٠ تانکەرە.

هەرچەندە ئوردن ڕۆژانە ئەم برە نەوتە لەعیراقەوە وەردەگرێت، بەڵام پێویستی ناوخۆیی پڕ ناکاتەوەو ڕۆژانە پێویستی بە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتە. ئەوەندە ماوە بڵێین کە ئەو پرۆژەیەی حکومەتی عیراق بەنیازە جێبەجێی بکات لەسەردەمی حکومەتی پێشوودا بیری لێکراوەتەوەو لەساڵی ١٩٧٩داو لەبەرنامەیاندا بوو لوولەیەک لەنێوان هەردوو وڵاتدا ڕابکێشن کەڕۆژانە ملیۆنێک بەرمیل نەوت لێوەی هەناردەی سەر دەریای سوور بکرێت کەئوردن زۆر سوودمەند دەبوو، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی عیراق — ئێرانەوە، پرۆژەکە پەکیکەوت.

**شارەزا لەبواری نەوتدا***

# تەقینەوەی بیرە نەوتەکان



فەرهاد
حەمزە محەمەد*

پرۆسەی هەڵکەندنی بیری نەوتو مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بەیەکێک لەپرۆسە هەستیارو مەترسیدارەکان دەژمێردرێ کەزۆرجار چەندین ئەندازیارو کرێکار بوونەتە قوربانی. رووداني تەقینەوەی بیری نەوت لەجیهاندا نموونەی گەلێک زۆرە. هۆیەکانی تەقینەوەی بیری نەوت دوو جۆرن جۆری یەکەمیان پەیوەندی بەبارودۆخی ناوەوەی بیرەکەوە هەیە لەوانە رووداني هەڵەی تەکنیکی لەو کاتەی پەستانو پلەی گەرمیی ناو بیرەکە زۆر بەرز دەبێت. جۆری دووەمیان لەدەرەوەی بیرەکەوەیەو دەستی مرۆڤ رۆڵی تێدا دەبینێ وەک تەقاندنەوەی بۆمب لەژێر زمانە (Valve)ی بیرەکە کە رووداوە تیرۆرستی یەکان بەشێکن لەم حاڵەتە.

## تەقینەوەی بیرە نەوتییەکان لەعیراقدا

کارکردن لەکێڵگە نەوتییەکانی باکووری عیراق، بەتایبەت کەرکوک زۆر جیاوازە لەکێڵگەکانی باشووری عیراق لەوانەی باکووری عیراق بارودۆخی چینەکانی زەوی لێکترازان (FAULT) ی زۆری تێدایەو بەو هۆیەوە لەپڕێکدا بەبێ ئاگاداربوون لەچینێکەوە دەچێتە چینێکی تر بەبێ ئەوەی بیر هەڵکەن یان جیۆلۆجی خۆی بۆ ئامادە کردبێت یان پێشبینی کربێت، لەبەرئەوە بیرەکە دەتەقێتەوە، وەک ئەوەی لەساڵی ۱۹۲۷ لەیەکەم بیری نەوتی کەرکوکدا روویدا کە لەئەنجامدا هەزاران بەرمیل نەوت رژایە ئەو دۆڵو شیوانەی دەوروبەری‌و هاوکات ئەندازیارێکو چەند کرێکارێک گیانیان لەدەستدا.

لەساڵی ۱۹۸۹ لەکاتی هەڵکەندنی یەکێک لەبیرە نەوتەکانی کێڵگەی جەمبور لەباشووری کەرکوک، لەو کاتەی هەڵکەندن گەیشتبۆوە قوڵایی ۲۸۰۰م، بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە بەهۆی بەرزیی ئاستی گەرمی‌و پەستانی ژێر زەوییەوە، هەرچی بۆری‌و ریکی هەڵکەندن هەیە فڕێدرایە دەرەوە، سەرەنجام ۱۱ کرێکار گیانیان لەدەستداو هاوکات ئاگرەکە مانگێک زیاتر درێژەی کێشاو کوژاندنەوەی لەتوانای کۆمپانیای نەوتی باکوور نەبوو، بۆیە لەدواجاردا پەنایان بۆ کۆمپانیایەکی بیانی بردوو ئاگرەکەیان کوژاندەوە.

هەروەها لەسەرەتای ساڵی ۲۰۰۳و پێش پرۆسەی ئازادی بەچەند رۆژێک، کۆمپانیای نەوتی باکوور لەکاتی هەڵکەندنی بیرێکی نەوتدا لەکێڵگەی کەرکوکو لەپشت نەخۆشخانەی ئازادی بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە بیرەکە تەقیەوەو دوای نزیکەی مانگێک ئاگرەکە خامۆشکرا. فاکتەری سەرەکی ئەو تەقینەوانە بوونی گومەزێک (DOM) لەغازە لەچینی سەرووی نەوتەوە کە بەسپارکێکی ئاسایی گڕ دەگرێت.

نموونەیەکی تر لەتەقینەوەکان کە بەدەستی مرۆڤ بەئەنقەست ئەنجامدراوە، ئەو تەقینەوانەیە کەڕژێمی بەعس لەدوای دەرکردنی لەکوێت دەرهەق بەبیرە نەوتەکانی ئەو وڵاتە ئەنجامیدا.


لەڕۆژگاری ئەمڕۆی عیراقیشداو دوای پەرەسەندنی کردەوە تیرۆریستییەکان، چەندین جار بیرە نەوتەکان کراونەتە ئامانجو بۆمبیان لەژێر قفڵی بیرەکان داناوەو دوای تەقینەوەی یەکسەر بیرەکە گڕیگرتووە، بۆ نموونە ساڵی ۲۰۰٤ کێڵگەی خەباز دوو جار تەقێنرایەوەو دواتر کۆمپانیایەکی بیانی کوژانییەوە. لەم ماوەیەشدا لەبەرەبەیانی رۆژی ۲۰۱۲/٦/۹ لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا دوو بیر لەکێڵگەی بای حەسەن لەسنووری شاری کەرکوک لەلایەن تیرۆریستانەوە تەقێنرایەوە.

## زیانی تەقینەوەی بیرە نەوتییەکان

١- زیانی ئابووری: تەقینەوەی هەر بیرە نەوتێک پێویستی بەسەرفکردنی پارەیەکی زۆر هەیە تا دەکوژێنرێتەوە، چونکە بەدرێژایی ماوەی سوتانەکە چەندین تیم خەریکی ئەو کارە دەبن. ئەگەر کۆمپانیای بیانی کارەکە ئەنجامبدات، ئەوا خەرجییەکە زیاتر دەبێت. هەروەها هەر بیرێک دوای خامۆش کردنی، ئیتر پڕدەکرێتەوە بەچیمەنتۆو جارێکی تر بەکەڵکی بەرهەمهێنان نایەت.

٢- زیانی ژینگەیی: لەئەنجامی تەقینەوەی هەر بیرێکدا، نەوتو گازێکی زۆری ($H_2S$) بەدەوروبەریدا دەڕژێ کەژینگەکە پیس دەکاتو کاریگەری خراپ لەسەر سامانی کشتوکاڵو ئاژەڵ بەجێدەهێڵێ.

*شارەزا لەبواری نەوتدا



تەقینەوەی بیرە نەوتەکانی عیراق، زیانی ئابووری زۆری لێکەوتۆتەوە

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٢٠) لە (٢/٧/٢٠١٢)

کوردستانی نوێ

# پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت

فەرهاد حەمزە محەمەد

نەوت هەتا ئەوکاتەی لەژێر زەویدا بێت هیچ نرخێکی نییە تا ئەوکاتەی دەردەهێنرێت‌و بەرهەم پرۆسەیەکدا تێپەر دەبێت. ئەوسا دەتوانرێ وەك پێویست سوودی لێ وەربگیرێت. ئەم پرۆسەیە لە جیهاندا لەهەموو کێڵگەیەکی نەوتیدا هاوچەشن تەنها هەندێك وردەکاری نەبێت کە جیاوازە لەهەندێکیاندا هەمیو لەوانەی تردانییە. سەبارەت بەکێڵگەکانی سنووری کەرکوك بەم چەشنەیە:

1- ڕووپێوی جیوفیزیایی (المسح الجیوفیزیائی Geophysical survey) ئەم هەنگاوە لە کاتێکدا دەنرێت کە هیچ زانیارییەك لەسەر زەوی ئەو شوێنە لە بەردەستدا نییەو تیمێك بە ئامێری کارەبایی تایبەت دەتوانن ئەو تەرکیبە جیۆلۆجییە بدۆزنەوە کە گومان دەکرێت نەوتی تێدابێت.

2- هەڵکەندنی بیرێکی تەزموونی (بئر استکشافی Exploration well) لەم هەنگاوەدا بیرێکی تەزموونی قووڵ لە ناوەڕاستی تەرکیبە جیۆلۆجییەکە هەڵدەکەنرێت‌و دەردەکەوێت کە کێڵگەکە نەوتی تێدایە یان نا، ئەگەر نەوتی تێدابوو ئەوا چەند بیرێکی تریش لە دووری بیری یەکەم هەڵدەکەنرێ تاسنوورو چوارچێوەی تەرکیبەکە بزانرێ.

## قووڵیی بیرەکان چونیەك نین

کێڵگەکانی سنووری شاری کەرکوك (بای حەسەن، جەمبور، کەرکوك، خەباز) لەدوو عەمباری زەویدا نەوتی تێدا هەیە ( سیانی‌و تەباشیری Tertiary and Cretaceous) قووڵیی بیرەکانیش چونیەك نین، بەڵکو جیاوازن لەنێوان 450مەتر بۆ سێ هەزار مەتر دەبێت، بەڵام قووڵی بیرەکانی کەرکوك لەهەموو شوێنێك کەمترە.

3- ئەو نەوتەی لەبیرەکانەوە ڕاستەوخۆ دەردەهێنرێت، نەوتی خاوی پێدەڵێن‌و ڕێژەیەك غازی تواوەی تێدایە، کە ناکرێت بەم غازەوە هەناردەی دەرەوە، یان پاڵێوگەکان بکرێت، بەڵکو پێویستە لە پرۆسەیەکدا ئەو غازەی لێ جیابکرێتەوە. لە سنووری شاری کەرکوکدا بۆ هەر کۆمەڵە بیرێك وێستگەیەکیان دروست کردووە ئەرکی جیاکردنەوەی غازی تواوەی ناو نەوتی خاوە. لە سنووری کەرکوك 24 وێستگەی جیاکردنەوەی غاز ( محطة عزل الغاز degassing station) هەیە کە بەم چەشنە دابەش بوونەتە سەر کێڵگەکان: کێڵگەی کەرکوك هەشت ویستگە لەوانە (شۆراو، جەبەل بۆر، سارەلو، سەربەشاخ). کێڵگەی بای حەسەن سێ وێستگە، کێڵگەی جەمبور دوو وێستگەن کێڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی بەغدا، خەباز، عەجیل، عەین زالە، بوتمە، سوفەیە، گەیارە، نەفتخانە، بەلەد، کۆرمۆر 10 ویستگەیان بۆ تەرخانکرد.

## بەشەکانی تەرکیزو جیاکردنەوە

4- کەبسکردنی غاز: پاش جیاکردنەوەی نەوت‌و غاز لەیەکتر غازەکە ڕەوانەی وێستگەکانی کەبسکردنی غاز دەکرێت کە ژمارەیان 12 وێستگەیەو ئەرکیان کۆکردنەوەو کەبسکردنی غازی کێڵگەکانە پاشان ناردنیان بۆ کۆمپانیای غازی باکوور بۆ بەرهەمهێنانی غازی وشك‌و تەڕ کە بۆ سووتەمەنی ماڵان‌و ئیشپێکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردێن. ئەم وێستگانە دابەشی سەرکێڵگە نەوتییەکان کراون.

5- بەشی تەرکیز: ئەو نەوتەی لەغازەکە جیادەکرێتەوە ڕەوانەی بەشی تەرکیز دەکرێت کە ئەرکەکەی بریتییە لە نەهێشتنی غازی H2S لە ناو نەوتەکە، هەروەها جیاکردنەوەی خوێ لەنەوت. لە کەرکوك دوو بەشی تەرکیز هەیە یەکێکیان لە ناو کۆمپانیای نەوتی باکوورەو پێی دەڵێن تەرکیزی کۆن، ئەوی تریان لەسەر ڕێگەی یایچییە پێی دەڵێن تەرکیزی تازە.

6- چارەسەرکردنی نەوتی شێدار: ئەم بەشە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە دروستکراوە، ئەرکی جیاکردنەوەی ئاوە لەنەوتی خاو ئەگەر ڕێژەکە لە سنوور دەرچووبووە دەرەوە.

## هەڵگرتنی نەوت

7- تانکییەکانی هەڵگرتنی نەوت: دوای پاککردنەوەی نەوتە خاوەکە دوو ئاراستە دەگرێتەبەر یەکەمیان بۆ پاڵێوگەکان بۆ بەرهەمهێنانی گازو نەوتی سپی دووەمیان بۆ تانکییەکانی هەڵگرتنی نەوت لە کەیوان کە ژمارەیان 28 تەنکییەو لەتوانایاندایە پێنج ملیۆن بەرمیل نەوت هەڵبگرن. ئەم تانکییانە مواسەفاتی تایبەتیان هەیەو لەتوانایاندایە بەرگەی پاڵەپەستۆی بەرزبگرن. تیرەی تانکییەکان جیاوازن لە نێوان 30-50 مەتردا دەبێت، هەر کاتێك داواکاریی لەسەر نەوتی خاو هەبوو ئەوا لە ڕێگەی پەمپی تایبەتەوە نەوتی تانکییەکان ڕووەو بەندەرەکان پاڵ دەنرێن.


8- لوولەکانی هەناردەکردن: لە بەشەگرنگەکانی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان دەژمێردرێ، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمرۆ عیراق بە تۆڕێکی فراوانی هەناردەکردنی نەوتەوە بەستراوە، سەبارەت بەکەرکوکیش حاڵی حازر هەناردەکردن تەنها لە ڕێگەی تورکیاوەیە.

9- پرۆژەی ئاوتێکردن (Water injection)

## کاتێك پەستان کەمدەبێتەوە

کێڵگەکانی سنووری شاری کەرکوك بەهۆی ئەو پەستانە بەرزەی هەیانبووە بەبێ بەکارهێنانی هیچ ماتۆڕێك نەوتە خاوەکە خۆی سەردەکەوێتە سەرزەوی، بەڵام لەئەنجامی بەردەوام دەرهێنانی نەوت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەستانەکەی کەم دەبێتەوەو نەوتەکە لە توانایدا نابێت خۆی سەربکەوێت، هەربۆیە لەهەموو کێڵگە نەوتییەکاندا بۆ پاراستن‌و هێشتنەوەی ئەو پەستانە بەزیندوویی، ئاو دەکرێتە ناو کێڵگە نەوتییەکانەوە. کێڵگەی کەرکوك کە لە ساڵی 1927وە نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێ، لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا واتە دوای نزیکەی 30 ساڵ هەست بەکەمبوونەوەی پەستانەکەی کرا بۆیە پرۆژەی ئاوتێکردنیان داهێنا. لە ڕووی جیۆلۆجییەوە وا بە چاك زانرا ئەو شوێنەی پرۆسەی ئاوتێکردنی تێدا ئەنجام بدرێت نزیك قەزای دوبز بێت هەر بۆیە شەش بیری تایبەت بەقووڵی نزیکەی هەزار مەتر هەڵکەنران‌و لە 17ی کانوونی دووەمی ساڵی 1961دا ئامادە بوو بۆ بەکارهێنان. ئەوەی ئاسانکاریی پرۆژەکەی کرد نزیکی زێی بچووك بوو لە کێڵگەی نەوتی کەرکوکەوە کە ڕۆژانە یەك ملیۆن‌و 370 هەزار بەرمیل ئاوی لێ ڕادەکێشرا، ئاوەکەش پێش ناردنی بۆ ئاوبیرەکان لە قوڕو خڵتە پاك دەکرایەوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی



وێستگەکانی جیاکردنەوەی غاز

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٠٠) لە ٢٠١٧/١٠/٧

# زیانەکانی غازی کبریتیدی هایدرۆجین لە پیشەسازیی نەوتدا

فەرهاد هەمزە محەمەد*

پێکهاتەی سەرەکی نەوتی خاو هایدرۆجینو کاربۆنە، بەڵام جگە لەم دوو مادە سەرەکییە کۆمەڵێک رەگەزی تری تێدایە بە رێژەی جیاواز، یەکێک لەوانە گۆگرد (کبریت SULPHER)، کە بە یەکگرتنی لەگەڵ غازی هایدرۆجیندا کبریتیدی هایدرۆجین دروست دەبێت.

## سیفەتەکانی غازی کبریتیدی هایدرۆجین (H2S)

1- غازێکی ژەهراوییە هەمان پلەی ژەهری غازی سیانیدی هایدرۆجینی هەیە.

2- بێرەنگە.

3- بە گڕێکی شین دەسووتێت.

4- چڕییەکەی (1,89 گرم/ سم3) لە هەوا قورسترە بۆیە هەمیشە لە شوێنە نزمەکاندا کۆدەبێتەوە.

5- لەئاودا دەتوێتەوە.

6- دەبێتە هۆی داخورانی کانزاکان، بۆیە پێش هەناردەکردنی نەوت لەم غازە پاك دەکرێتەوە، چونکە بوونی دەبێتە مایەی داخورانو کونکردنی لوولە نەوتییەکان.


## مەترسییەکان

گەورەترین مەترسی ئەم غازە دووچاربوونە بە مردن ئەگەر بڕێکی زۆری لێهەڵبمژرێت، چونکە بە تێکەڵبوونی لەگەڵ خوێندا کار لە کۆئەندامی مێشك دەکاتو هەناسەدان دەوەستێنێت، نیشانەکانی هەڵمژینی غازی کبریتیدی هایرۆجین ئەمانەن بریتین لە (سەرئێشە، سەرسوڕان، پژمین، خەواڵووبوون، وشکبوونەوە. هەستکردن بە ئازاری لوتو قوڕگو گوێ).

بێگومان رۆژانە کرێکارانی کۆمپانیای نەوت لە کەرکوك مامەڵە لەگەڵ ئەم غازەدا دەکەنو هەموو رۆژێك پێوانەی رێژەکەی دەکەن، دەرێشکەوتووە رێژەکە (1ppm)، کە دەکرێت لەگەڵیدا بژیت بێئەوەی زیانێکی ئەوتۆ ببەخشێت. لەسەردەمی ئینگلیزەکاندا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەم غازە لەسەر کرێکارانو ئەندازیاران بەتایبەت ئەوانەی لە بەشی تەرکیز کاردەکەن رۆژانە بوتڵێك شیریان پێدەدرا بۆ نەهێشتنی کاریگەریی غازی کبریتیدی هایدرۆجین.

پیشەسازیی نەوت بۆکەمکردنەوەی کاریگەریی غازی کبریتیدی هایدرۆجین بەشی تەرکیزیان داناوە کە غازەکە دەسوتێننو پاشان رەوانەی کۆمپانیای غازی باکووری دەکەن، لەوێش ئەو بڕەی کبریتیدی هایدرۆجین کە تێیدا ماوە بەشێوەی گۆگردی زەرد جیای دەکەنەوەو بەمەبەستی بازرگانیی دەیفرۆشن. ئەوەی ماوەتەوە بیلێین ئەم غازە ترسناکە تەنها لە نەوتی کێڵگەکانی سنووری شاری کەرکوکدا هەیە لەنەوتی بەسرەدا نییە.

| بڕی غازەکە | رادەی مەترسیی |
|---|---|
| 10ppm Part per million | بۆنێکی ناخۆشی هەیە رۆژانە کارمەندانی نەوت هەستی پێدەکەن تا ماوەی 8 سەعاتو هیچ کاریگەرییەکی خراپی نییە |
| 20ppm | بۆ کارکردن لەو ژینگەیەدا پێویستە هۆیەکانی خۆپاراستن لەبەربکەیت، بێئەوە دوچاری رشانەوە دەبیت. |
| 100ppm | لە ماوەی 3-15 دەقەدا هەستی بۆنکردن ئیفلیج دەکات چاوو قوڕگ دەخورێت. |
| 500ppm | هەستی بۆنکردن بە یەکجاری نامێنێتو دەبورێتەوە، هەناسەدان رادەوەستێت، توشبوو پێویستی بە هەناسەدانی دەستکرد دەبێت |
| 1000ppm | ئیفلیجبوونی گشتییو مردن |



پیشەسازیی نەوت مامەڵە لەگەڵ غازێکی مەترسیداردا دەکات

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

# پەیمانگای نەوتی کەرکوک

فەرهاد حەمزە محەمەد

کۆمپانیای نەوت تاقە کۆمپانیایەکی عیراقە کە قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو بۆ پێگەیاندنی کادری نەوتیی لەبوارە جیاجیاکاندا.

لەساڵی 1951دا کۆمپانیای نەوتی عیراق سەنتەری ڕاهێنانی پیشەسازیی داهێنا کە نوێترین شێوازەکانی ڕاهێنانی ئەوکاتەی تێدابووە بۆ فێرکردنی خوێندکارە پیشەسازییەکان لەبواری تیۆریو پراکتیکیدا.

خوێندکار دەبوایە دەرچووی سەرەتایی بێتو تەمەنی لە16ساڵ زیاتر نەبێت، ماوەی ڕاهێنان پێنج ساڵ بوو کە دابەش دەکرایە سەر دوو قۆناغ، قۆناغی یەکەم پیشەیی بوو ماوەکەی دوو ساڵ بوو لەسەلبەندی ڕاهێنان ئەنجام دەدرا، قۆناغی دووەم سێ ساڵ بوو دەکرایە دوو لقەوەو خوێندکار ئارەزوومەندانە دەچووە یەکێکیانەوە (لقی بازرگانیی‌و لقی هونەری) لەکارگەو فەرمانگەکانی کۆمپانیاکەدا ماوەکەی تەواو دەکرد.

## دەرماڵەشیان بۆ خەرج دەکرا

کۆمپانیاکە وێڕای مەسرەفی خوێندن دەرماڵەیەکی مانگانەشی بۆ خوێندکار بڕیبووەوە. خوێندکار دوای تەواوکردنی ئەو پێنج ساڵە بۆی هەبوو تاقیکردنەوەی پەیمانگای City and Quilts بدات. لەساڵی 1966 بەدواوە خولی ڕاهێنانی هونەری بۆ دەرچووانی ئامادەیی پیشەسازیی‌و بەشی زانستی کرایەوە تیایدا بەشەکانی ئەندازەیان دەخوێند. پێش خۆماڵیکردنی نەوت ژمارەی ئەوانەی ساڵانە وەردەگیران 40 خوێندکار بوون. لەو کەسانەی کە دەرچووی ئەو پەیمانگایەن لەساڵانی پەنجاو شەستەکاندا:

1- طلعت طلي کە دوای پرۆسەی ئازادی بووە ئەندام پەرلەمان لەبەغداو داهێنەری ڕادیۆی گەلی کوردستانە لەساڵی 1979دا.

2- ڕەمەزان زامدار خاوەنی ستۆدیۆی ڕەمەزان لەشەقامی جمهوری.

3- عادل قەزاز کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای نەوتی باکوور.

## ناردنە دەرەوەی خوێندکاران

یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراق بۆ خوێندکاران ناردنە دەرەوەیان بوو بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە لەندەن. توانییان تاکۆتایی ساڵی 1966 نزیکەی 500 خوێندکاری عیراقی بنێرنە دەرەوەو لەو سەردەوە بە بڕوانامەیەکی بەرزەوە بگەڕێنەوە بۆ خزمەتی وڵاتەکەیان. دوای ڕێککەوتننامەی ساڵی 1952ی نێوان حکومەتی عیراق‌و کۆمپانیای نەوت پێویستی کۆمپانیاکە بۆ کەسانی هونەریی لەبوارەکانی پیشەسازیی نەوت زیادی کرد، ئەمەش وای لە کاربەدەستانی کۆمپانیای نەوتی عیراق IPC کرد دەرچووانی دواناوەندیی بنێرنە دەرەوە بۆ سوود وەرگرتن لە بابەتی نەوت. ئەوانەی هەڵدەبژێردران یەکەمی قۆناغی دواناوەندییەکان بوون بەو مەرجەی ساڵی لە 40-75 خوێندکار زیاتر نەبێت.

ئەم خوێندکارانە لە ماوەی خوێندنیاندا لە لەندەن مانگانە 45 دیناریان بۆ خەرج دەکرا کە دەیکردە 135 دۆلار ئەمە جگە لە خەرجکردنی دەرماڵەی کتێب‌و جلوبەرگ کە ساڵانە دەیکردە 450 دۆلار، ئەو بابەتانەش کە لەدەرەوە دەیانخوێند پەیوەندیی بە پیشەسازیی نەوتەوە هەبوو وەک جیۆلۆجیا، ئەندازیاری نەوت، میکانیک، ژمێریاری یاسایی . خوێندکار پێش چوونە زانکۆ دوو ساڵی لە کۆلێجی هونەری دەبردەسەر دواتر دەچووە زانکۆ. لەساڵی 1953دا یەکەم پۆلی خوێندکارانی عیراق کە ژمارەیان 38 خوێندکار بوو گەیشتنە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

## کورد بۆی نەبوو لەو پەیمانگایەدا بخوێنێ

بەڵام پاش خۆماڵی کردنی نەوت دوای ئەوەی دامودەزگا نەوتییەکان بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەعس ئیتر حکومەت پەرەی بە پەیمانگاکەدا، بەڵام ساڵ لەدوای ساڵ مۆرکی عەرەب‌و شۆڤێنیەتی پێوە دیاربوو، ئاوای لیهات بەهیچ جۆرێک کورد بۆی نەبوو بچێتە ئەو پەیمانگەیەوە. لەناوەڕاستی ئەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە حکومەتی بەعس پەیمانگەکەی بە یەکجاری لەکەرکوک نەهێشت‌و گواستیەوە بۆ شاری بێجی. سەبارەت بەسیستمی خوێندنیش وەک هەر پەیمانگەیەکی تر سەیری دەکراو خوێندکار لەدوای قۆناغی ئامادەییەوە دەیتوانی بۆی بچێت واتە وازیان لەو سیستمە پێنج ساڵیەی ئینگلیزەکان هێنا.

دوای پرۆسەی ئازادیش بەهیممەتی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و سەرکردایەتی کورد توانرا جارێکی تر پەیمانگای نەوت لەکەرکوک بەستافێکی نوێوە کە کورد بەشێکی ئەو پێکهاتەیە بێت بکرێتەوە، بەپێی بڕیاری وەزاری ژمارە 229-2-981 لە ڕۆژی 10-4-2005 جارێکی تر پەیمانگای نەوتی کەرکوک کرایەوەو لە ناو یەکێک لە بیناکانی کۆمپانیای نەوتی باکووردا جێگیر بوون، بەڵام بەهۆی تەسکی جێگەکەیان‌و پێویستییان بۆ هۆڵی گەورەو وەرشەو تاقیگەی نوێ، داوا لە وەزارەت کرا بڕیاری دروستکردنی بینایەکی نوێ بۆ پەیمانگاکە پەسەند بکات. ئەوەبوو بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوور توانرا پارچە زەوییەک بە ڕووبەری 14 دۆنم لە گەڕەکی عەرەفە تەرخان بکرێت.


## ئەمساڵ 325 خوێندکار وەردەگیرێن

بینا نوێیەکە بۆ خوێندنی ساڵی 2008-2009 کۆتایی هات‌و پێکهاتووە لە12 بەشی پسپۆڕیی لە بوارەکانی پیشەسازیی نەوتدا کە پێشتر تەنها چوار بەشی زانستی تێدابوو. ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی خوێندکارەکانی زیادی دەکرد، لە ساڵی یەکەمیدا 2005-2006 تەنها 146 خوێندکار وەرگیران. پەیمانگای نەوت لەدوای دووبارە دروست بوونەوە لە کەرکوک تا ئەمڕۆ توانیویەتی 738 خوێندکار پێبگەیەنێت. دەرچووەکانیش هەموویان بە شێوەی مەرکەزی لە وەزارەتی نەوتەوە دامەزران.

بۆ خوێندنی ئەمساڵیش پەیمانگاکە بەنیازە 325 خوێندکار بۆ قۆناغی یەک وەربگرێت. بۆ یەکەمجاریشە بەڕێوبەرەکەی کورد بێت، کە ناوی (حەسەن مەعروف)ە.



وێنەی سەنتەری ڕاهێنانی نەوت لە ساڵانی شەستەکاندا



تەلاری نوێی پەیمانگای نەوتی کەرکوک


# کێڵگەی نەوتی رومێلە

فەرهاد حەمزە محەمەد*

ئەم کێڵگەیە نۆیەم کێڵگەی نەوتی جیهانەو دەکەوێتە سنووری پارێزگای بەسرەوە لە باشووری عیراق، لە ناوەراستی خۆرئاوای بەسرەوە درێژە دەکێشێت تا باکووری کوێت. ئەم کێڵگەیە لەدوو بەش پێکدێت رومێلەی باکوورو رومێلەی باشوور، بەشە باشورییەکەی لەگەڵ کوێتدا هاوبەشە واتە بەشێکی دەکەوێتە خاکی کوێتەوە کە بە کێڵگەی ( رەتقە) ناسراوە.

درێژی کێڵگەکە 40 کیلۆمەترەو پانییەکەشی 14 کیلۆمەترە، لەساڵی 1952دا دۆزراوەتەوەو لەساڵی 1972دا بۆ یەکەمجار نەوتی لێبەرهەمهێنراوە. ژمارەی بیرەکانی نزیکەی 700 بیر دەبێت. یەدەکی نەوتی ئەم کێڵگەیە 17 ملیار بەرمیلەو حاڵی حازر رۆژانە 1,250 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.

نەوت لەم کێڵگەیەدا لە قووڵی سەرووی سێ هەزار مەترەوەیە، ئەو پێکهاتانە (formation)ی نەوتی تێدایە بریتین لە لم (sand) پێچەوانەی کێڵگەکانی سنووری کەرکوک کە لەکاربۆنات پێکهاتووە.



نۆیەم کێڵگەی نەوتی جیهان

دوای پرۆسەی گەردەلوولی بیابانی ساڵی 1991و دەرکردنی سوپای عیراق لەکوێتدا سەرلەنوێ دەستکاری سنووری نێوان عیراق‌و کوێت کرایەوە، لەئەنجامدا چەندین بیری کێڵگەی رومێلەی باشوور بەر کوێت کەوتن. پاش ئەو دەستکارییە نوێیەی سنوور حکومەتی کوێت بە ئارەزووی خۆی دەستیکرد بە لێدانی بیری نەوت، ئەمە لەکاتێکدا گەمارۆی ئابووری بەسەر عیراقدا سەپێنرابوو بۆی نەبوو نەوت هەناردە بکات. حکومەتی کوێت سەرباری هەڵکەندنی بیر لەناو سنوورە نوێیەکەیدا دەستیکرد بە هەڵلوشینی نەوت لە بەشەکەی عیراقیشدا ئەویش لەرێگەی هەڵکەندنی ئاسۆیی ( الحفر المائل Horisesantal drilling )وە ئەمەش ئەوکاتە عیراقییەکان هەستیان پێکرد کە لەبیرە نەوتەکانی بەری عیراقدا بێئەوەی نەوت بەرهەم بهێنن پەستان (PRESSURE)ی بیرەکان دادەبەزی.

لەساڵی 2009دا ئەم دوو کێڵگەیە بەشێوەی گرێبەست درایە هەردوو کۆمپانیای BP ی بەریتانی و (CNBC)ی چینی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە بەجۆرێك لە کۆتاییدا بەرهەمی کێڵکەکە بگاتە 2,850 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. ئەم دوو کۆمپانیایە یەك ملیار دۆلار سەرف دەکەن بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە. هەروەها لەگەڵ حکومەتی عیراقدا رێککەوتن لەسەرئەوەی ئەو کۆمپانیایانە کادرە عیراقییەکان رابهێنن لەسەر نوێترین تەکنەلۆجیا تا لەئاییندەدا بتوانرێ پرۆژەکە لە سەردەستی عیراقییەکان بەرێوەبچێت، ئەمە وێرای مەشقپێکردنی 60 فەرمانبەری کۆمپانیای نەوتی باشوور لەگەڵ پەرەپێدانی تواناییان لەزمانی ئینگلیزیدا، پاشان ناردنی 20 لەوانەی پلەی باش بەدەستدەهێنن بۆ وڵاتی بەحرێن بەمەبەستی مەشقکردن. هەروەها بەپێی گرێبەستەکەی نێوان حکومەتی عیراق‌و دوو کۆمپانیاکە ساڵانە پێنج ملیۆن دۆلار لەبواری خزمەتگوزاریی گشتیی شاری بەسرە سەرفدەکرێت.

هەر بەپێی گرێبەستەکە دوو کۆمپانیاکە دوای دەست بەکارکردن‌و بەرهەمهێنان بەرامبەر هەر بەرمیلێك نەوت 2 دۆلار وەردەگرن.


ئەم کێڵگەیە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا دوچاری کارێکی تێکدەرانە بوو ئەویش بە تەقاندنەوەی دوو بۆمب لەژێر بۆرییەکانیدا کە بووە هۆی لەکاروەستانی، بەڵام پاش سێ رۆژ توانرا دۆخەکە بگەرێنرێتەوە باری ئاسایی خۆی.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٢٠) لە ٢١/٨/٢٠١١

# کێڵگەی غەوار گەورەترین کێڵگەی نەوتی جیهان

فەرهاد حەمزە محەمەد*



کێڵگەی نەوتی غەوار

کێڵگەی غەوار کە تائێستا بە گەورەترین کێڵگەی نەوتیی لە جیهاندا ناسراوە دەکەوێتە شاری (الاحساء) لە شانشینی عەرەبی سعودی. ئەم کێڵگەیە لە سالی 1948 دۆزراوەتەوە، بەڵام بەهۆی گەورەیی کێڵگەکەوە دۆزینەوەی چەندین سالی خایاندووەو لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لە دۆزینەوەی بوونەتەوە. درێژی کێڵگەکە 280 کیلۆمەترەو پانییەکەشی 30 کیلۆ مەترە.

بەرهەمی نەوتی ئەم کێڵگەیە بە تەنها پێنج ملیۆن بەرمیلە لەرۆژێکدا کە دەکاتە زیاتر لە نیوەی بەرهەمی نەوت لە سەرانسەری سعودیەو هیچ کێڵگەیەك نییە لە جیهاندا بەرهەمەکەی شان لەشانی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بدات. بە تەنها خۆی 6%ی بەرهەمی نەوتی جیهان پێکدەهێنێت واتە سالآنە یەك ملیارو 825 ملیۆن بەرمیل بەرهەم دەهێنێت.

## یەدەکی نەوتی کێڵگەکە

کۆمپانیای(ئەرامکۆ)ی سعودی لە دوای توێژینەوەیەکی زانستی چڕ ئەوەی ساغکردووەوە کە یەدەکی چەسپاوی ئەم کێڵگەیە 71 ملیار بەرمیلە کە دەکاتە تێکرای یەدەکی نەوتی روسیا. (ماسیۆ سیمۆنز)ی شارەزا لە بواری نەوت لە کتێبەکەیدا (رۆشنایییەك لە بیاباندا TWLIGHT IN THE DESERT ) لەو باوەڕەدایە کە ئەوەندەی نەماوە بەرهەمی کێڵگەی غەوار بگاتە بەرزترین ئاستی، پاشان دەست بەکەمبوونەوەو نەمان دەکات، بەڵام بەرپرسانی کۆمپانیای ئەرامکۆی سعودی رەخنەی توندیان ئاراستەی کتێبەکە کردو ئەو زانیاریانەیان رەتکردەوە.


## دۆزینەوەی نهێنی نوێ

لە مانگی کانونی یەکەمی سالی 2010دا کۆمپانیای ئەرامکۆ ئاشکرایکرد کە تیمێکی تایبەت بەخۆی توانیویانە هەندێ نهێنی نوێ لە بارەی کونیلەو درزەکانی (porosity and fractures) پێکهاتەی کاربۆنی کێڵگەکەوە بدۆزنەوە کە دەبێتە مایەی زیادبوونی بری دەرهێنانی نەوتی خاو لە کێڵگەکە. هەر بۆ ئەم مەبەستە سەنتەری (ئەکسیك) بۆ توێژینەوە لەگەڵ پەیمانگەی (ماسیتیۆتس) بۆ تەکنەلۆجیا (MIT) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداری ئەو توێژینەوانە دەکەن لەپێناو داهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ پەلەکردن لە زیادکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەوت لە کێڵگەی غەوار. بەرپرسانی کۆمپانیای ئەرامکۆ رایانگەیاندوە کە کاردەکەن بۆ دروستکردنی ئامێری وەها بچووك کە چەندین جار لە مووی سەر باریکتربێت، بۆ بەکارهێنانی وەك پێوەرێك لەناو بیرە نەوتەکاندا.

*شارەزا لەبواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٤٥) لە ٢٠١٧/١٢/٦

# هەڵكەندنی بیری نەوت بە شێوەی ئاسۆیی




هێڵكاریی چۆنێتی هەڵكەندنی هەردوو شێوازی لارو ئاسۆیی

فەرهاد حەمزە محەمەد*

هەڵكەندن (الحفر- DRILLING) بە دووەم قۆناغی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت دادەنرێ كە دوای قۆناغی رووپێوكردن (المسح- SURVEY) دێت. دوای دۆزینەوەی پێكهاتەیەكی جیۆلۆجی (تركیب جیولوجي- GEOLOGICAL STRUCTURE) یەكەم بیر لەناوەراستی ستراكچەرەكە هەڵدەكەنرێت و تا قووڵاییەكی زۆر دادەبەزنە خوارەوە تا خاسیەتەكانی زۆرترین چینەكانی زەوی لەو ناوچەیە بزانرێت. هەڵكەندندنی بیری یەكەم پێویستی بە ئامێری هەڵكەندنی زۆر مەزن هەیە تا لە توانایدا بێت ئەو قووڵاییە زۆرە ببڕێت.

بەدرێژایی مێژوو هەڵكەندنی بیری نەوت گەلێك گۆڕانكاریی لە تەكنیك و چەشنەكانیدا روویداوەو رۆژ لەدوای رۆژ ئەو ماوە زەمەنییەی پێویستییەتی بۆ تەواوكردنی هەر بیرێك كەمتر دەبێت و ئەو بیرانەش كە بەرهەمیان كەمە رێوشوێنی نوێی بۆ بەكاردەهێنرێ. تا چەند دەیەیەك لەمەوپێش رێگەی هەڵكەندنی ستونی (الحفر العمودي- vertical drilling) تاكە رێگەبوو بۆ هەڵكەندنی هەموو بیرە نەوتێك، بەڵام هەندێجار گیروگرفت دەهاتە پێش و ئەوەی ساغ دەكردەوە كە ئەم رێگەیەی هەڵكەندن بۆ هەموو شوێن و حاڵەتێك ناگونجێت بۆیە بیر لەرێگەی هەڵكەندنی ئاسۆیی (الحفر الافقي - Horizontal drilling) كرایەوە. لەم جۆرە هەڵكەندنەدا سەرەتا ئەو چینانەی كە دەكەونە سەرووی چینە نەوتییەكەوە بە ستونی دەبردرێت هەروەك لەوێنەكەدا روون كراوەتەوە، پاشان كە گەیشتە چینە نەوتییەكە (RESERVOIR) باری هەڵكەندن دەگورێت بۆ ئاسۆیی ( مەرج نییە گۆشەی هەڵكەندنەكە بەتەواوی گۆشەی وەستاوی 90 پلە بێت).

لەم رێگەیەدا دەتوانرێت زیاتر سوود لەو نەوتەكە وەربگیرێت و بەرهەمێكی زیاتری لێ دەربهێنرێت كە دەكاتە سێ ئەوەندەی هەڵكەندنی ستوونی و هەندێكجار زیاتریش.

## حاڵەتەكانی بەكارهێنانی هەڵكەندنی ستوونی

1- كاتێك ئەستووری چینە نەوتییەكە (Reservoir) كەمبێت كە بەرێگەی ستوونی نەتوانرێت بەرهەمێكی ئەوتۆی لێدەست بكەوێت.

2- كاتێك ئەوكێڵگە نەوتییە دەكەوێتە ناو شارەكانەوەو خانوو باڵەخانەی تێدا دروست كراوە، ئەوكاتە لەجیاتی هەڵكەندنی چەند بیرێك كە ئەستەمە بەهۆی زۆری بیناوە هەڵبكەنرێت یەك بیر یان زیاتری ئاسۆیی هەڵدەكەنرێت و بەرهەمی چەندین بیری ستوونییان دەبێت.

سەبارەت بە عیراقیش هێشتا لەهیچ شوێنێكی وڵات ئەم رێگەیە بەكار نەهێنراوە، بەڵام رێگەیەك پیادە دەكرێت كە پێی دەڵێن هەڵكەندنی لار (الحفر المائل) وەك لەوێنەكەدا دیارە. ئەم جۆرە هەڵكەندنە هەندێ سیفاتی هەڵكەندنی ئاسۆیی تیدایە. حاڵی حازر ئەم رێگەیە لە كێڵگەی (خۆرهەڵاتی بەغدا) بەكار دەهێنرێت كە ئامانج لێی خۆ دوورخستنەوەیە لە دامەزراندنی ژمارەیەكی زۆری تاوەری هەڵكەندن لە ناو شاری بەغدا بەڵكو لە جیاتی ئەوە چەند تاوەرێك دادەمەزرێنرێ و بەرهەمی چاكیش بەدەستەوە دەدات.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

كوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٣٥) لە ٢٤/١٢/٢٠١١

# کێڵگەی نەوتی (الاحدب) فراوان دەکرێت

**فەرهاد هەمزە محەمەد***

لەچوارچێوەی هەماهەنگییەکانی نێوان وەزارەتی نەوتی عیراق و کۆمپانیە بیانییەکان بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی عیراق لەمانگی ئابی ٢٠٠٨ حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عیراق گرێبەستێکی خزمەتگوزاری لەگەڵ کۆمپانیایەکی چینی ئیمزاکرد بەبڕی ٣ملیار دۆلار بۆ بوژاندنەوەو گەشەدانی کێڵگەی (الاحدب) کە دەکەوێتە سنووری پارێزگای واستەوە. پێشتر لەسەردەمی رژێمی بەعسدا ساڵی ١٩٩٧ ئەم گرێبەستە لەگەڵ هەمان کۆمپانیا ئیمزاکرابوو بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ، بەڵام بەهۆی سزا ئابوورییەکانی ئەوسای سەر عیراقەوە کاری پێنەکرا.

## دەرهێنانی بەگران تەواو دەبێت

بەپێی ئەم گرێبەستە نوێیە، ئەو کۆمپانیا چینییە بەرهەمی کێڵگەکە دەگەیەنێتە ١٥٥ هەزار بەرمیل نەوت لەرۆژێکداو لەسەرەتادا بەرامبەر دەرهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت ٦ دۆلار وەردەگرێت، بەتێپەڕبوونی کاتیش دادەبەزێت بۆ ٣ دۆلار، بەڵام ئەو نرخە هێشتا زۆرە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە لەعیراق تێچووی دەرهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت لە٢ دۆلار تێپەڕ ناکات.

کێڵگەی نەوتی (الاحدب) لەرووی پێکهاتەوە واتە ستراکچەر لەساڵی ١٩٧٧داو لەپرۆسەیەکی رووپێوکردندا لەلایەن تیمێکی رۆمانییەوە دۆزرایەوە. لەرێکەوتی ١٩٧٩/٩/٢٩دا کۆمپانیای لیمیکی ئەڵمانی یەکەم بیریان تێدا هەڵکەند تا قووڵایی ٤٠٥٧مەتر، ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٥ شەش بیری تریشیان هەڵکەند کەسەرئەنجام ژمارەیان بووبە حەوت بیر.

## لەسێ دۆم پێکهاتووە

درێژی کێڵگەکە ٢٥ کیلۆ مەترەو دەکەوێتە دووری ٢٠ کیلۆ مەتر لەباکووری خۆرئاوای شاری کوتەوە، بەپێی زانیارییە جیۆلۆجییە سەرەتاییەکان ئەم کێڵگەیە لەدوو قوبە (دۆم) پێکدێت دۆمی باکوورو باشوور کە لەسیفاتەکانیاندا جیاوازن، دۆمی باشووریان نەوتی زیاتر تێدایەو چەند (formation)ێـک نەوتی هەیە، هەرچی دۆمی باکوورە تەنها لەیەک (FORMATION)دا نەوت دۆزراوەتەوە.

APi دۆمی باشوور ٢٢وە بەڵام دۆمی باکوور ٢٩یە واتە نەوتەکەی سووکترە، بەڵام دوای زیاتر بەرەوپێشچوونی توێژینەوەکان دەرکەوت کەکێڵگەکە لە٣ dom پێکهاتووە.

لەسەرەتادا جیۆلۆجییەکان لەهەندێک پشکنیندا باوەڕیان وابوو کە بەرهەمی هەر بیرێک لەهەزار بەرمیل تێپەڕ ناکات، بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو راستییەی کە بەرهەمی تاکە بیرێک نزیکەی ٣ هەزار بەرمیل نەوتە لەرۆژێکدا، بەپێی ئەو توێژینەوانەی ئەوکاتە ئەنجامدراون کێڵگەی (الاحدب) ٣٣١ ملیون تۆن نەوتی تێدایە هەروەها یەکێک لەخاڵە نیگەتیڤەکانی ئەو کێڵگەیە بوونی ئاوە بەرێژەیەکی بەرز کەدەگاتە ٧٠٪

## توانای بەرهەمهێنان بەرز دەکاتەوە

ئێستاش کەچینییەکان سەرگەرمی کارکردنن لەو کێڵگەیەدا توانیویانە ٧ بیری تر لێبدەن کەبەبیرە کۆنەکانەوە ژمارەیان دەگاتە ١٤ بیرو بە تەواوبوونی پرۆژەکەش توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عیراق هێندەی تر بەرز دەبێتەوە، چەند رۆژێک لەمەوبەریش ئاژانسەکانی هەواڵ ئاشکرایانکردبوو، کە بەرهەمی نەوتی عیراق تا ساڵی ٢٠١٢ دەگاتە ١٠ ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکداو تا ساڵی ٢٠١٥ش دەگاتە ١٢ بەرمیل لەرۆژێکدا، لەکاتێکدا ئێستا تەنها دوو ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیلە لەرۆژێکدا.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی- کەرکوک



کەرتی نەوت لەعیراق لەگەشەکردندایە

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٧٣) لە ٢٠١١/٥/٨

# بەراوردێکی نێوان هەناردەی نەوتی کەرکوك و بەسرە لەمانگێکدا

**فەرهاد هەمزە محەمەد***

زیاتر لەسەدەیەکە ئابووری عیراق پشتی بەداهاتی نەوت بەستووەو زۆرترین بودجەی عیراق پێکدەهێنێت. لەساڵی 1935دا کە بۆ یەکەمجار نەوتی عیراق هەناردەکرا تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو نەوتی کەرکوك شادەماری ئابووری عیراق بوو، هەر تەنگژەیەکی بهاتایە بەردەم ئەوا عیراق دووچاری قەیران دەبووەوە. بەڵام دوای دۆزینەوەی ژمارەیەك کێڵگەی نەوتی گەورە لەباشوری عیراق کێڕڤی بایەخی نەوتی کەرکوك وردە وردە رووی لەخوار کرد تا وایلێهات رۆڵو گرنگی نەوتی بەسرە جێگەی نەوتی کەرکوکی گرتەوە.

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە ئەگەر بروانینە ئەو نووسراوە رەسمییانەی لە وەزارەتی نەوتەوە سەبارەت بەبڕی هەناردەکردنی نەوتی عیراق دەردەچن تێبینی دەکەین نەوتی کەرکوك لەباشترین حاڵەتیدا 25%ی کۆی هەناردەی نەوتی عیراقی تێنەپەڕاندوە. ئەوەتا لە نوسراوێکی وەزارەتی نەوتی عیراقدا کە لەکۆتایی مانگی ئاداری ئەمساڵدا دەریکردوە خشتەیەکی بڵاوکردوەتەوە سەبارەت بە بڕی هەناردەکردن لەمانگی شوباتی ئەمساڵ (2011)دا.

لە خشتەکەدا هاتووە 61,6 ملیۆن بەرمیل لەنەوتی عیراق هەناردەکراوە کە 47,8 ملیۆن بەرمیلی هی نەوتی بەسرەیە کە دەکاتە 77%ی کۆی هەناردەی عیراق، بەڵام لە کەرکوکەوە 13,8 ملیۆن بەرمیل هەناردە کراوە کە دەکاتە 23%ی نەوتی هەناردەکراوی عیراق.

وڵاتانی کڕیاریش بریتین لە بەریتانیا، ئەمریکا، ئیسپانیا، چین، ئیتالیا، کۆریا، هندستان، ئوردن، ژاپۆن، یۆنان، بەرازیل، فەرەنسا، تورکیا.

سەبارەت بەو نەوتەی بۆ وڵاتی ئوردن هەناردە دەکرێت ئەوانە دەگرێتەوە کە رۆژانە لەرێگای تەنکەرەوە رەوانە دەکرێن.

لەمەوە ئەوەمان بۆ ساغدەبێتەوە کە لەمەودوا نەوتی باشووری عیراق زیاتر کاریگەریی خۆی لەسەر ئابووری عیراق بەجێدەهێڵێتو ململانێ نێودەوڵەتییەکانی زیاتر لەسەردەبێت.


***ئەندازیاری جیۆلۆجی**

| ساڵ | مانگ | نەوتی بەسرە | | نەوتی کەرکوك | | سەرجەم | | تێکڕای نرخ بەدۆلار بۆ هەر بەرمیلێك |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بڕ | پارە | بڕ | پارە | بڕ | پارە | |
| | | 47,8 ملیۆن بەرمیل | 4,701 ملیۆن دۆلار | 13,8 ملیۆن بەرمیل | 1,363 ملیۆن دۆلار | 61,6 ملیۆن بەرمیل | 6,064 ملیۆن دۆلار | |
| 2011 | شوبات | | | | | | | 98,44 |

ئەم ژمارانە لە بەندەرەکانی بەسرەو خۆرعومیەو بەندەری جیهانی تورکیو ئوردن وەرگیراوە.

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٦٤) لە ٢٧/١٢/٢٠١١

# دامەزراندنی پاڵاوگەی نەوت لەلایەن کەرتی تایبەتەوە


پاڵاوگەی دۆرە

**فەرهاد حەمزە محەمەد***

لەوەتەی نەوت لە عیراقدا دۆزراوەتەوە پاشان بەمەبەستی بەکاربردنی ناوخۆ ڕەوانەی پاڵاوگە کراوە ئەو پاڵاوگانە یا ئەوەتا سەر بە کۆمپانیا بیانییەکان بوون یان حکومەت خاوەندارێتی کردووە.

لە سەدەی ڕابردوودا کەرتی نەوت بە هەموو لق و پۆپە سەرەکییەکانیەوە بە دەست حکومەتەوە بوو، تەنها بەشی دابەشکردنی ناوخۆ نەبێت درابووە دەست کەرتی تایبەت. هەر لە دۆزینەوەو دەرهێنانو پاڵاوتنەوە پاشان هەناردەکردن هەر حکومەت یان کۆمپانیا بیانییەکان پێی هەڵدەستان. نموونەی ئەو پاڵاوگانەش (ئەلوەند سالی 1927، دۆرە1953، کەرکوک1972) .

لە دوای پرۆسەی ئازادی کەرتی نەوت لە عیراقدا دوچاری داتەپین بوو، بەرهەمە نەوتییەکان تەواو کەمی کردبوو، پاڵاوگەکان بە توانای خۆیان کاریان نەدەکرد، ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ناوخۆدا چەندین کەرەتی جاران زیادیکرد. هەموو ئەم فاکتەرانە حکومەتی عیراقی ناچارکرد چەندین ملیار دۆلار تەرخان بکات بۆ هێنانی بەرهەمە نەوتییەکان بەتایبەت بەنزین لە دەرەوەی وڵات .

## پەسەندکردنی یاسای پاڵاوگەکان

بێگومان ئەم پرۆسەیە زۆر لەسەر بودجەی عیراق دەکەوت هەر بۆیە بە ناچاری پەنایان بردە بەر کەرتی تایبەت، ئەوەبوو لە 8ی تشرینی دووەمی سالی 2007 پەرلەمانی عیراق یاسای پاڵاوگەکانی پەسەند کرد. بەپێی ئەو یاسایە کەرتی تایبەت بۆی هەیە پاڵاوگە دابمەزرێنێتو نەوتی خاو لە حکومەت وەربگرێت بەو مەرجەی 75%ی کرێکارەکان عیراقی بنو لە نرخی ڕەسمی دەرنەچنە دەرەوە. بە گوێرەی ئەم بڕیارە ئەو نرخەی نەوتی خاوی پێدەفرۆشرا بە کەرتی تایبەت گران بوو بەجۆرێک دوای بەرهەم هێنان هیچیان بۆ نەدەمایەوە بۆیە پێشوازیکردن لە بڕیارەکە زۆر کز بوو. لەبەر ئەم هۆیە پەرلەمانی عیراق لەمساڵ (2011)دا چاوی بە یاساکەدا خشاندەوەو دەسکاریکرد لەوانە کەمکردنەوەی نرخی ئەو نەوتە خاوەی بە پاڵاوگەکان دەفرۆشرێت لەگەڵ ڕێگەدان پێیان بەبەکارهێنانی گەنجینەو بەندەرەکانی هەناردەکردنو لوولە نەوتییەکانی سەر بە وەزارەتی نەوت.

دوورنییە دوای ئەوەی ئەم یاسایە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە کەرتی تایبەت پێشوازی گەرمی لێبکاتو بەجۆرێک بەرهەمە نەوتییەکانی وەك بەنزین بخاتە بازارەوە کەچیتر عیراق پێویستی بە بەرهەمی دەرەوە نەبێت.

***ئەندازیاری جیۆلۆجی**

# لەکێڵگەی گەیارە دەست بەهەڵکەندنی بیری نەوت دەکرێت

فەرهاد حەمزە محەمەد*

نەوتی ئەمبەرو ئەوبەری رووباری دیجلە بەگشتیی‌و ناوچەی موسڵ بەتایبەتی بەوە ناسراوە کە نەوتێکی جۆری قورسەو (API)یەکەی کەمە لە نێوان 19-22دایەو ئیشکردن تیایدا ئاسان نییەو بەرهەمهێنانی نەوت تیایدا پێویستی بە ئەرک‌و ماندوبوونێکی زیاتر هەیە. هەردوو کێڵگەی گەیارەو نەجمە لەم چەشنەن‌و دەمێکە دۆزراونەتەوە.

کێڵگەی گەیارە: ئەم کێڵگەیە بەهۆی بوونی درز تیایدا نەوتەکە لەدێر زەمانەوە بەشێوەی قیر دەرچووەتە دەرەوە لەوکاتەوە هەست بەبوونی نەوت لەو شوێنەدا کراوە، هەر بۆیە ئەلمانەکان لەپێش هەموو وڵاتێکەوە پەرۆشی هەڵکەندنی بیر بوون لەو ناوچەیەدا، سەرەتا حەوت بیری بچووکیان بەقوڵی 9-51 مەتر هەڵکەندو پێشبینییەکانیان راست دەرچووە. بەڵام دوای ئەوەی ئەلمانەکان گۆرەپانەکەیان چۆڵکرد ئیتر هەڵکەندنی بیرە قولەکان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عیراقەوە (IPC) لە 1ی حوزەیرانی 1927دا ئەنجامدراو 36 بیریان هەڵکەند.


دوای ئەوەی نەوتی عیراق لە دەستی ئینگلیزەکان دەرچوو کەوتە دەستی حکومەتی عیراقەوە ئەوەبوو لەنێوان ساڵانی 1976 – 1986 هەڵکەندنی بیر بەردەوام بوو تا ژمارەیان گەیشتە 90 بیر. یەدەکی نەوت لەم کێڵگەیەدا 807 ملیۆن بەرمیلە.

کێڵگەی گەیارە دەکەوێتە دووری 65 کیلۆمەتر لەباشووری شاری موسڵەوە. درێژییەکەی 15 کیلۆمەترەو پانییەکەی 3.5 کیلۆمەترە. رووباری دیجلە کێڵگەکەی دوولەت کردووەو بەشی زۆری دەکەوێتە خۆرئاوای رووبارەکەوە.

کێڵگەی نەجمە: دەکەوێتە دووری 50کیلۆمەتر لە باشووری شاری موسڵەوە 15 کیلۆمەتر لەخۆرئاوای گەیارەوە. کۆمپانیای نەوتی بەریتانی لە ساڵانی نێوان 1934-1938 توانیی 22 بیری تیادا هەڵبکەنێت. لە ساڵی 1960دا کۆمپانیایەکی ئینگلیزی رووپێوی (SURVEY) کردو لە ساڵی 1977دا کۆمپانیایەکی بولگاری دووبارەی کردەوە.

بەپێی توێژینەوەیەکی وەزارەتی نەوتی عیراق لەساڵی 1984دا دەرکەوتووە کە یەدەکی نەوتی ئەو کێڵگەیە نزیکەی 2 ملیار بەرمیل دەبێت. درێژیی کێڵگەکە 11 کیلۆمەترەو پانییەکەشی 4.5 کیلۆمەترە ژمارەی بیرەکانیشی 30 بیرە. لە دوای پرۆسەی ئازادیییەوە هیچ بیرێک لەم 2 کێڵگەیە لێنەدراوە، لەقۆناغی دووەمی مۆڵەتدان (الجولة الثانية للتراخيص)دا هەردوو کێڵگەکە دران بە کۆمپانیای (سۆنای گول)ی ئەنگۆلی. بەپێی رێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی عیراق‌و ئەو کۆمپانیایە، پێویستە رادەی بەرهەمهێنانی نەوت بگەینرێتە 120 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی 5 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین نرخی وەرگرتنی قازانج بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک لەم کێڵگەیە لە هەموو کێڵگەکانی تر زیاترە ئەویش بە هۆی قورسیی نەوتەکەوە کە تێچوونێکی زۆری دەوێت بۆ دەرکردنی چونکە لە نەوتی قورسدا بیرەکان پەستان (pressure) یان زۆر کەمەو پێویستی بە تەکنەلۆجیایەکی پێشکەوتوو هەیە بۆ بەرهەمهێنانی. بڕیاریشە لەم مانگەوە دەست بە هەڵکەندنی بیر بکرێت، هەروەها ئەو کۆمپانیا ئەنگۆلییە بەنوسراو داوای لەوەزارەتی نەوتی عیراق کردووە خول بۆ کارمەندە عیراقییەکان لە بوارە جیاجیاکانی نەوتدا بکاتەوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی



دووە

یار
ت،
ی

# پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان

فەرهاد حەمزە محەمەد

کۆمپانیای نەوت لەهەموو شوێنێکدا بە حوکمی ئیشەکەی و پەرتوبڵاوی شوێنەکانی کارکردن تیایدا، ڕووبەڕووی فەراوان داگیر دەکات و دامودەزگاکانی تیدا دادەمەزرێنێ، کاتێک کۆمپانیای (IPC) لەکەرکوک دەستیکرد بەدەرهێنانی نەوت و پاشان ناردنە دەرەوەی نەوتەکە ڕووبەری کارکردنی گەلێک بەرفراوانبوو کە لەبیرە نەوتەکانی کەرکوکەوە تاسنووری سوریا کە لوولە نەوتییەکانی پیدا تێپەردەبێت درێژەی دەکێشا، چەندین شارو شارۆچکەی وەک (K3,K2,K1)ی لەسەر دامەزراوە، ئەم سنوورە فراوانەش پێویستی بەپاراستن هەیە نەک لەکاری تیرۆریستی کە ئەوکاتە شتی وەها لەئارادانەبوو بەڵکو لەدزین و تێکدانی لەلایەن کەسانی نەشارەزاو نەزانەوە، جا پێش ئەوەی بیر لە دامەزراندنی پۆلیسی نەوت بکرێتەوە پاراستنی بیر لوولە نەوتییەکانیان بەخەڵکی عەشایەری ناوچەکە سپاردو بەقۆنتەرات دەیاندایە سەرۆک هۆزەکان، ئەوانیش لە خەڵکی هۆزەکەی خۆیان چەکداریان بۆ بەکرێ دەگرتن.

## دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس

لەسنووری قەزای دوبز ئەو کارە بەشێخ تاهیری قەرەدەرەو کاکە حەمەی شێخ حسێن سپێردرا، ئەوسا کە بە پاسەوانەکان دەوترا (سەنتەریی). لەساڵی 1950دا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوت دامەزراو یەکەم کەس کە بەڕێوەبەری ئەو پۆستەی وەرگرت محەمەد عەلی ئەسعەد بوو کە لەدایک بووی ساڵی 1900 بوو پاشان پۆستەکە درا بە فیکرەت مستەفا کە لەدایک بووی 1917ی بەغدا بوو.

ئامانجی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە پاراستنی کۆمپانیاکەو لوولە نەوتییەکان و ڕێگەوبانەکان بوو لە تێکدان و وێران کردن، بۆ ئەم مەبەستە چەند بنکەیەک لەبابار عەرەفەو (K3,K2,K1)، حەدیسە، زەنبور کرایەوە. پۆلیسی نەوت هەمان ئیمتیازاتی» فەرمانبەرانیان هەبوو، مووچەی پۆلیسی نەوت هەمان مووچەی پۆلیسی ناوخۆ بوو بەڵام دەرماڵەو موکافەئەی فەرمانبەرانی نەوتی هەبوو.

## هەمووی هەڵوەشایەوە

لەسەردەمی بەعسدا پۆلیسی نەوت تەنها بەرپرسی پرسگەکان بوو، بەڵام پاراستنی دامەزراوەکان خرایە ئەستۆی سوپا، پۆلیس و عەشایەری (سەنتەریی) لەماوەی نێوان ساڵانی (1927 - 2003)دا ئەوەندەیان زیان لێ نەکەوتبوو کەشایانی باس بێت.

بە ڕوخانی بەعس لە نۆی نیسانی 2003دا پۆلیسی نەوت و سوپای عیراق هەمووی هەڵوەشایەوەو دامەزراوەو لوولە نەوتییەکان بێ پاسەوان مانەوە، لەمانگی نیسانی ساڵی 2003دا هێزێکی عەشایەری بە سەرپەرشتی ئەمریکاییەکان و بەسەرۆکایەتی شێخ محەمەد کەسنەزانیی پێکهات بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان.

لە چواری ئایاری 2003دا گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای (kbr)ی ئەمریکی بەستراو نەوزاد ئەسعەد بەرزنجی کرا بە سەرپەرشتیاری سەربازیی هێزەکە کە جێگای ڕەزامەندی هێزی هاوپەیمانان بوو. لە سەرەتای ساڵی 2004یشدا کۆمپانیایەکی بەریتانی تایبەت بە پاسەوانی بە ناوی (ئێرنس) ئەرکەکەی وەرگرت و تا کۆتایی ئەو ساڵە بەردەوام بوو. لە یەکی ئایاری 2005دا بە بڕیارێکی (ثامر غضبان)ی وەزیری نەوت (بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان) پێک هات کە لە سێ لق پێکهاتبوو ئەوانیش (باکوور، ناوەڕاست، باشوور)، بەڕێوەبەری گشتیش لە بەغدا بوو. کارکردن لەو بەڕێوەبەرایەتییە لە سەرەتادا بە گرێبەست بوو پاشان لە 25ی ئاداری 2007 فەرمانێک لە سەرۆکایەتی وەزیرانەوە دەرچوو بە ناردنی ئەم هێزە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی عیراق، ناوەکەشی گۆڕا بۆ (پۆلیسی نەوتی باکوور).

لە 23ی شوباتی 2008یشدا بڕیاردرا پێنج هەزارو 563 پاسەوان بکرێن بە پۆلیسی هەمیشەیی لە سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

## کاری تیرۆریستی کەمبۆوە

سەبارەت بە ئەرکەکانیان دەتوانین بڵێین پۆلیسی نەوتی باکوور ئەرکی پاراستنی 98 پێگەی نەوتی لە سنووری شارەکانی کەرکوک و موسڵ و سەڵاحەدین و ئەنبار لەئەستۆ گرتووە وێڕای پاراستنی 180 کیلۆمەتر لە لوولەی نەوتی کەرکوک، ئەو بەشەی نێوان موسڵ و سنووری تورکیا.

ڕاستییەک هەیە بە پێویستی ئەزانم بۆ مێژوو باسی بکەم، لوولەی نەوتی (کەرکوک تورکیا) پێشتر ڕۆژانە دووچاری کاری تیرۆریستی دەبۆوەو دەتەقێنرایەوە، بەڵام دوای ئەوەی لە چواری حوزەیرانی 2007دا چوار فەوجی پۆلیسیان دروست کرد بۆ پاراستنی ئەو بۆریە ئیتر کاری تیرۆریستی لە ئاست ئەو بۆریە نەوتە زۆر کەمبۆوە.

ژمارەی کارمەندانی پۆلیسیش تا نوسینەوەی ئەم چەند دێرە حەوت هەزارو 450 ئەفسەرو پۆلیسە، ژمارەی ئەفسەری جێگیریش 143 ئەفسەرە.

یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی باکوور بۆتەوە کێشەی ئەفسەرە گرێبەستەکانە، لەو بەڕێوەبەرایەتییە 348 ئەفسەری گرێبەست هەبوو چەندین جار داوایان



عەمید نەوزاد ئەسعەد بەرزنجی

پێشکەش کردووە بۆ جێگیر کردنیان بەڵام بێسوود بووە، تا دواجار 45 ئەفسەریان لێجێگیر کردن و 303 ئەفسەریان هەر بە گرێبەست ماونەتەوە کە سەرجەمیان کوردن.

## زۆربەیان کوردن


پۆلیسی نەوت لە 14 فەوج پێک هاتووەو بەسەر کەرکوک و موسڵ و بێجیدا دابەش بوون، پێنج فەوجیان لە کەرکوک کاردەکەن و ژمارەیان نزیکەی سێ هەزار پۆلیس دەبێ، دەتوانین بڵێین 90% ی پۆلیسەکان لەنەتەوەی کوردن.

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە یەکەم بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت نەوزاد ئەسعەد بەرزنجی بوو کە لە شەشی حوزەیرانی 2005دا دەستی کێشایەوەو گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە. دواتر عەمید سامی ئەمین شوانی دەستبەکاربوو، ئەویش لە 19ی ئەیلولی 2009دا بە بڕیارێکی وەزارەت فەرمانی لادانی دەرکرا، بێئەوەی هۆیەکەی ڕوون بکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە لە سەردەمی ئەودا پۆلیس لەوپەڕی دیسپلین (ضبط)دا بوو، لەوبەدوا لە29ی ئەیلولی 2009دا عەقید عەدنان عیسا فەتاح جێگەی گرتەوەو تائێستا بەردەوامە.

## لەو پێناوەدا شەهیدیان داوە

لەو فەوجانەی لەناو کۆمپانیای نەوتی باکوور ئەرکی پاراستنی فەرمانبەرو دامەزراوە نەوتییەکانیان گرتۆتە ئەستۆ فەوجەکەی عەقید (حەیدەر محەمەد نەجم)ە کە لەسەرەتاوە بەشداریی لە پاراستنی کۆمپانیای نەوتدا کردووەو لە 15ی نیسانی 2003وە تائەمڕۆ بەردەوام ئەرکەکانی خۆی رادەپەڕێنێ.

پۆلیسی نەوت لەمیانی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا دەیان جار دووچاری کاری تیرۆرستی بووەتەوەو شەهیدی لە پێناودا بەخشیوە. لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە (دەیان کاری تیرۆرستی لەدژ کراوەو نزیکەی 100 شەهیدی لە پێناو پاراستنی سامانی وڵاتدا بەخشیوە.



پاراستن و چاکردنەوەی بۆرییە نەوتەکان ئەرکێکی قورسە

ئەندازیاری جیۆلۆجی
Fhm_k2003@yahoo.com

# دامەزراندن لەکۆمپانیای نەوتی باکوور

**فەرهاد حەمزە محەمەد***

ئەو کاتەی کۆمپانیای نەوتی باکوور بەدەستی ئینگلیزەکانەوە بوو دامەزراندنی کرێکار یان فەرمانبەر بە دەستی ئەندازیارە ئینگلیزەکان بوو، ئەوانیش بەبێ ڕەچاوکردنی نەتەوەو ئایینی خەڵکیان دادەمەزراند، تاقە پێوەر بەلایانەوە دڵسۆزیی بوو بۆ کارکردن.

ئەندازیارە بیانییەکان زۆر حەزیان بە ئیشی کرێکاری کورد دەکرد چونکە هەردەم زۆر بوون لە سەر کارکردن و فرت و فێلیان نەدەکرد. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین هەردەم ژمارەی کرێکاری کورد لە سەرووی نەتەوەکانی ترەوە بووە تەنها مەسیحی نەبێت چونکە مەسیحییەکان لای ئینگلیزەکان زۆر ڕێستراو بوون ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هارتاینییان، هەروەها لە ڕووی خوێندەوارێشەوە لە هەموو لایەك پێشکوتووتربوون.

لەساڵی 1972 بەدواوە کە نەوت کەوتە ژێر ڕکێفی حکومەتی عێراق، پێوەرەکانی دامەزراندن گۆڕا بەتایبەت دوای ساڵی 1975 تەنها عەرەب بۆی هەبوو دابمەزرێ، هەزاران عەرەبیان لە باشوورو ناوەڕاست و شاری موسڵەوە هاوردەکردو بەشێکیان لە کۆمپانیای نەوت دامەزراند.

لە ئامارێکی ساڵی 1966ی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا هاتووە کەلە نێوان ساڵانی 1960-1966 ژمارەی بیانی زۆر کەم بۆتەوەو ژمارەی عێراقی بەرزبۆتەوە تا وای لێهات لە کۆی شەش هەزارو 277 کرێکارو ئەندازیارو فەرمانبەر تەنها 44 بیانی تێدا مابووەوە. لە ئامارێکی تری ساڵی 1975یشدا ژمارەی کارمەندان بەم چەشنە هاتووە حەوت هەزارو 494 کارمەند لە نێوانیاندا حەوت هەزارو 68 کرێکارو 300 ئەندازیارو 126 فەرمانبەر، لەم ساڵەدا ئەندازیاری بیانی نەمابوون.

لەڕۆژی پێش ڕووخانی بەعس لە نیسانی 2003 دا لە کۆی نۆ هەزارو 839 کرێکارو فەرمانبەر 96 کوردی تێدامابوو ڕێژەکەش بەم چەشنەبوو: عەرەب 73% تورکمان 19% مەسیحی 6% کورد 1%.

دوای ڕووخانی بەعس لە 9نیسانی ساڵی 2003 دامەزراندن لەو کۆمپانیایە زیاتر لە ڕێگەی حزبەکانەوە ئەنجام دەدرا، لێرە ناتوانین ڕۆڵی مەڵبەندی دووی کەرکوکی (ی.ن.ك) باس نەکەین کە بە ڕاستی هەر لە سەرەتاوە کادرەکانی بێپسانەوە کاریان دەکردو ڕوویان لە هەموو لایەك دەکرد تا یەکێك دابمەزرێنن یان کەسێکی فەسل کراو بگەڕێننەوە. سەدان کەس کە شوێنی دەوامیان دوور لە کەرکوك بوو لە بێجی و بەغداو شوێنەکانی تر گەڕاندیانەوە بۆ کەرکوك. لەلایەکی تریشەوە هەوڵی دامەزراندنیش بە لیست بێت یان تاك هەر بەردەوام بوو بەڵام گەورەترین لیست ئەو لیستە بوو کە لە سەرەتای مانگی ئازاری 2005 دامەزران کە لە 180 دەرچووی کۆلێژو پەیمانگا پێکهاتبوون، بەڵام بەداخەوە لەم ژمارەیە 50 کەسیان دامەزراندنیان ڕەتکردەوە سەرەڕای ئەوەی چەندین جار لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەوازیان بۆ کرا.

لەلایەکی تریشەوە وەزارەتی نەوت بە ئارەزووی خۆی لیستی ناوی عەرەبی بۆ دامەزراندن ڕەوانەی کەرکوك دەکردو پارێزگاریش ڕەتی دەکردەوە لەبەرئەوەی خەڵکی کەرکوك نەبوون، بەڵام دواتر وەزارەت ڕێگەی لە پارێزگار بڕی کە چیتر دەست نەخاتە کاروباری وەزارەتە سیادییەکانەوە.

ساڵ لە دوای ساڵ دامەزراندن ئەستەم تر دەبوو دامەزراندن بە تاك تاك یان مەرکەزی ئەنجام دەدرا.

لە ساڵی 2007 کۆمپانیای نەوتی باکوور بڕیاری دامەزراندنی کارمەندی کاتی (وقتی) دەرکرد واتە بە ڕۆژانە، ئەوە بوو تا یەکی کانونی دووەمی 2010زیاتر لە چوار هەزار کرێکارو فەرمانبەرو کارمەندی کاتی دامەزراند، مووچەشیان ڕۆژانە بوو دەرچووی کۆلێژ 12 هەزار دینار، دەرچووی پەیمانگاو ئامادەیی 10 هەزار دینار، ناوەندی بەخوارەوە حەوت هەزارو 500 دینار، دوای چەند ساڵێك ئەم ڕۆژانەیە دوو قات کرا. ئەم کارمەندە کاتییانە تێکەڵاوبوون لە نەتەوەکان و ژمارەیان دەگەیشتنە چوار هەزارو 150 کارمەند کە تەنها 275 یان لە نەتەوەی کورد بوون.

بەڕێوەبەری گشتیی لەڕێگەی وەزارەتی نەوتەوە هەوڵی چەسپاندنی ئەم کارمەندە کاتییانەی دا سەرەتا لە ئازاری 2011 بە فەرمانێکی ئیداری 557یان لێ جێگیرکردن کە تەنها 65 کەسیان کوردبوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ئەوکاتەی هێشتا دەسەڵاتی بەعس دوور بوو لەنەوت ژمارەی کارمەندەکان خۆیان لە سەرووی دوو هەزار کەس دەدا کە ڕێژەی نەتەوەکان بەم چەشنەبوون (ئەم ئامارەی کۆمپانیای نەوتی عێراق تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ناو کەرکوکدا بوون نەك ئەوانەی دەرەوە)

کورد 38%، مەسیحی 40%، تورکمان 16% عەرەب 1%

ئەمڕۆش کەناوەڕاستی ساڵی 2011 یە دوای ئەو هەوڵانەی حیزبە کوردییەکان و سەرکردایەتی کورد بارودۆخی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە ڕووی دابەشبوونی نەتەوایەتییەوە بەم چەشنەیە:

| ناوی هەینە | ژمارەی عەرەب | ژمارەی تورکمان | ژمارەی کورد | ژمارەی مەسیحی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئیداری | 352 | 145 | 47 | 33 | 577 |
| تخطیط | 72 | 54 | 12 | 15 | 153 |
| حقول | 393 | 275 | 125 | 40 | 833 |
| طبیة | 187 | 84 | 45 | 20 | 336 |
| عملیات | 2642 | 494 | 184 | 70 | 3390 |
| مالیة | 97 | 49 | 10 | 2 | 158 |
| مشاریع | 173 | 156 | 53 | 16 | 398 |
| هندسیة | 1475 | 916 | 164 | 96 | 2651 |
| خدمات المواد | 805 | 376 | 69 | 34 | 1284 |
| الاقسام التابعة للمدیر عام | 183 | 97 | 32 | 32 | 344 |
| سەرجەم | 6379 | 2646 | 741 | 358 | 10124 |
| ڕێژە | 63% | 26% | 0.07% | 0.04% | |

تێبینی: 65 کارمەندی تێدایە لە نەتەوەو ئاینینەکانی تر

*ئەندازیاری جیۆلۆجی
fhm_k2003@yahoo.com

# ئێران لەڕێگەی عیراقەوە غاز دەنێرێتە ئەوروپا


فەرهاد حەمزە محەمەد

ئێران کە لەیەدەکی غازدا بە دووەم وڵاتی جیهان دەژمێردرێت خاوەنی چەند کێڵگەیەکی غازیە، بەڵام بەهۆی ئەو ئابلوقەیەی ئەمریکا خستویەتییە سەری نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە بهاوێت لە بواری ناردنەدەرەوەی غازدا، سەرباری ئەم گوشارانەش لەم دواییەدا لەو بوارەدا قۆڵی لێهەڵماڵیوەو کاری باشی بۆ خۆی کردووە لەوانە مۆرکردنی رێککەوتننامەیەك لەگەڵ تورکیا بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتیی ئێران بۆ ئەوروپا لە رێگەی تورکیاوە بۆ (یۆنان - ئیتالیا) لەوێشەوە بۆ چەند وڵاتێکی ئەورووپی کە درێژی ئەو لوولەیە 1740 کیلۆمەتر دەبێت. هەروەها لە سەرەتای ساڵی 2009 وڵاتی تایلەندیش لە بەرنامەیدابوو سوود لە غازی ئێرانی ببینێت.

دوا پرۆژەی ئێران لەو بوارەدا ئەوەیە کە لە تەمموزی ئەمساڵدا ئاشکراکرا ئەویش بە ئیمزاکردنی یاداشتێك لە نێوان عیراق و ئێران و سوریا، بۆ دامەزراندنی سیستمێکی گواستنەوەی غاز لە ناوچەی (عەسلەویە)ی باشووری ئێران بۆ سوریا، کە پاش تێپەڕبوونی بە عیراقدا دەبەسترێتەوە بە سیستمی خۆرهەڵاتی عەرەبی تا غاز بگەیەنێتە هەریەك لە سوریاو ئوردن و لوبنان پاشان لوولە غازییەکە بەرەو تورکیا دەچێت و لەوێشەوە بۆ ئەورروپا.

## رۆژ بەرۆژ پێویستی بۆ غاز زیاد دەکات


لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رۆژ بەرۆژ پێویستی جیهان بۆ غازی سروشتیی زیاد دەکات و واپێ دەچێت ئەم سەدەیە ببێتە سەدەی ململانێکان لەسەر غاز. بۆ زیاتر سەلماندنی قسەکەمانمان ئەوەتا ئەمریکا لەرێگەی چەند کۆمپانیایەکی نەمساوی و عەرەبییەوە بە نیازە غازی ناوچەی ئاسیای ناوەراست و کوردستانی عیراق لەرێگەی پرۆژەی (نابۆکۆ)وە رەوانەی ئەوروپا بکات تاببێتە رکەبەرێك بۆ لوولەکانی هەناردەکردنی غازی روسیا بۆ ئەورووپا.



کێڵگەیەکی غاز

ئەندازیاری جیۆلۆجی
fhm_k2003@yahoo.com

# ململانێی وەزارەتی نەوت و پارێزگاکان



کۆمپانیای نەوتی باکوور

**فەرهاد هەمزە محەمەد***

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە ململانێی نێوان پارێزگاکان بەتایبەت پارێزگای کەرکوک لەگەڵ وەزارەتی نەوتدا رۆژ لەدوای رۆژ فراوانتر دەبوو، ئەویش لە ئەنجامی راهاتنی وەزارەتی نەوت لەسەر سیاسەتە کۆنەکەی کە وەزارەتێکی سیادییەو بریار لە کەسەوە وەرناگرێت جگە لە ئەنجومەنی وەزیران.

پارێزگای کەرکوک بەحوکمی ئەو کەشە نیمچە دیموکراتییەی باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە دەیویست کۆمپانیای نەوتی باکووریش وەک فەرمانگەکانی تر بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو هەرچی دامەزراندن و بریار هەیە بە فلتەری پارێزگادا تێپەربێ و وەک هەریەکێک لە فەرمانگەکانی تری شارەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوەبوو هەرچی بریاری دامەزراندن لە بەغدا دەربچوایە دەبوو رەزامەندی پارێزگای لەسەر بێت ئەوسا بە تەواوی دادەمەزران.

## پارێزگاکانی باشووریشی گرتۆتەوە

چەندین لیستی عەرەب لە وەزارەتی نەوتەوە رەوانەی کۆمپانیای نەوتی باکوور دەکران بە مەبەستی دامەزراندن بەڵام پارێزگا هەرکەسێکیان دانیشتووی کەرکوک نەبوایە بریارەکەی هەڵدەوەشاندەوە. کار بەم چەشنە رۆی بەرێوە تا ساڵی 2007 بریارێک لە خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانەوە دەرچوو داوای لە پارێزگار کرد بەهیچ جۆرێک دەست لە کاروباری وەزارەتی نەوت وەرنەدات. لەو رۆژەوە خەڵکی گلەیی لە پارێزگارو حزبە کوردییەکان دەکەن لەوەی رێگا لەکارە ناعەدالەتییەکانی وەزارەتی نەوت ناگرن کە لە بەرژەوەندی کوردی کەرکوکدا نییە بەڵام ئەوەتا لە بریارێکی وەزارەتی نەوتدا بە ژمارە 32648 لە 28-12-2010 کە ئاراستەی کۆمپانیای غازی باشووری کردووە بەراشکاوی لە نێوان دووکەوانەدا هاتووە (داوادەکەین کۆمپانیا نەوتییەکان هیچ بریارێکی ئیدارەی پارێزگاکان جێبەجێ نەکەن).

کەواتە وەزارەتی نەوت هێشتا هەر بەعەقلییەتی سەردەمی پێشوو کاردەکات و رەچاوی تایبەتمەندیی هیچ شارو شارۆچکەیەک ناکات نەک تەنها کەرکوک بەڵکو بە پارێزگاکانی باشووریشەوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٣٨٤) لە ١٩/١/٢٠١١

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٥٧) لە ١٩/٤/٢٠١١

٧

# نەوتی شێدار


**فەرهاد هەمزە محەمەد***

کێڵگە نەوتییەکان بە تایبەت گەورەکان لەدوای دۆزینەوەی نەوت تیایاندا تاچەند ساڵێك کێشەیەکی نەوتۆیان نایەتە رێگە لەکاتی بەرهەمهێنانی نەوتداو تەنها نەوتی خاو دێتە دەردوە بێئەوەی ئاوی لەگەڵدابێت.

عەمباری نەوت (المكمن النفطي oil reservoir) لە سەرەتادا ستوونێکی (coloume) درێژی هەیەو بەبێ کێشە نەوت بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام دوای تێپەربوونی ماوەیەك بەسەر بەرهەمهێناندا تێبینی بوونی ئاو دەکرێت کە ئەگەر لەرێژەی 0.15% کەمتر بوو ترسی تێدا نییە، رێژەی خوێ تا 30ppm (واتە 30 بەش لە ملیۆنێك)، بەڵام لەم رادەیە تێپەڕیکرد لەدوو لاوە زیان دەگەیەنێت:

1- گۆڕینی رەنگی نەوتەکە بەلای شیریدا کە دەبێتە هۆی فەوتانی زۆر لە پێکهاتەکانی.

2- دەبێتە هۆی ژەنگاویکردنی لوولە نەوتییەکان و سەرئەنجام کونکردنیان.



عەمبارێکی نەوت

## لەدوو حاڵەتدا ئاو لەگەڵ نەوتدا دێت:

یەکەم: پیربوونی کێڵگەکەو کورتبوونەوەی ستوونی نەوت کە دەبێتە هۆی هاتنی ئاوی ژێر نەوتەکە لەگەڵیدا.


دووەم: خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکان، واتە دەرهێنانی زیاتر لەتوانای سروشتیی بیرەکان. ئەم حاڵەیان زیاتر تووشی کێڵگەکانی سنووری شاری کەرکوك هات کە بەرهەمهێنانی 500-600 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام حکومەتی عیراق لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەبەر پێویستییان بۆ نەوت بۆ درێژەدان بە شەڕەکەیان لەگەڵ ئێراندا گوشاری زۆریان خستەسەر کێڵگە نەوتییەکان، ئەوەبوو رۆژانە زیاتر لەیەك ملیۆن بەرمیلیان بەرهەمدەهێنا کە ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤی کردەسەر کێڵگەکە. چەندین پسپۆڕو شارەزا داوایان لەحکومەت کرد واز لەم کارە بهێنێت، بەڵام بیرکردنەوەی سیاسی بەسەر بیرکردنەوەی زانستیدا زاڵبوو.

وەزارەتی نەوت بۆ جیاکردنەوەی ئەو ئاوەی لەگەڵ نەوتەکەدا دێت لە ساڵی 1997دا لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکدا لەگەڵ کۆمپانیای (Gevarnar)ی کەنەدی رێککەوتن و پێنج وێستگەی چارەسەرکردنی نەوتی شێداریان لە چەند شوێنێکی شاری کەرکوکدا (باباگورگور، بای حەسەن، خەباز، جەمبور، ئاڤانە) دامەزراند. ئەم وێستگانە حاڵی حازر بەرێکوپێکی کاردەکەن و بەرێگەی گەرمی و کیمیایی و کارەبا ئاوو خوێ لە نەوت جیادەکەنەوە، ئەوسا رەوانەی دەرەوە یان پاڵاوگەکان دەکرێت.

***ئەندازیاری جیۆلۆجی**

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٣٢) لە ٢٠١١/٣/١٧

# کاریگەریی تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتەکان لەسەر کشتوکاڵ



بۆرییەکی گواستنەوەی نەوت

فەرهاد حەمزە محەمەد*

بۆرییە سەرەکییەکانی هەناردەکردنی نەوت ئەو بۆرییانەی نەوتی خاوی لێوە رەوانەی وڵاتان دەکرێت دەخرێنە ژێر زەوییەوە بەقوڵی 1,5 مەتر تا لەهەموو دەستکاریکردنێکی مرۆیی‌و کاریگەریی ئاووهەوا بپارێزرێن.

ئاشکرایە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە کردەوە تیرۆرستییەکان پەرەیان سەندو هەموو دامەزراوە حکومییەکان بە دامەزراوە نەوتییەکانیشەوە کەوتنە بەر شاڵاوی درندانەیان. هەموو لوولە نەوتییەکانی سەرانسەری عیراق دووچاری ئەم پەلاماردانە بیوونەوە، بەڵام هێڵی نەوتی (عیراق- تورکیا) پشکی شێری بەرکەوتبوو، چونکە ئەم هێڵە بەناوچە گەرم‌و پڕ تیرۆرستییەکانی سێکوچکەی سوننی عیراقدا تێپەڕ دەبێت. ئەم هێڵە لە دوو بۆری 40 و 46 ئینج پێک هاتووەو لە ناحیەی یایچی نزیک کەرکوکەوە دەردەچێت‌و بەناحیەی ریازدا تێپەڕدەبێت پاشان لە نزیک فەتحە لە رووباری دیجلە دەپەڕێتەوە دواتر بەخۆرئاوای ئەو رووبارەدا دەگاتە ناوچەکانی شۆرەو شەرگات‌و حەزدەر تا دەگاتە زاخۆ لەوێوە بۆ ناو تورکیا.

## دەیان جار تەقێنراوەتەوە

ئەو بەشەی دەکەوێتە ناو خاکی عیراقەوە زیاتر لە 300 کلم دەبێت ئەو بەشەی بەخاکی تورکیادا تێپەڕدەبێت نزیکەی 600 کلم دەبێت، ئەو بەشەی کە دەکەوێتە ناو خاکی عیراقەوە بەناوچەی گەرمی سوننە نشینەکاندا گوزەر دەکات. لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە ئەم هێڵە دەیان جار بەر تەقاندنەوە کەوتووەو برێکی زۆر نەوتی خاوی لێڕژاوە کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ژینگەو کشتوکاڵ دروست کردووە. لە ساڵی 2005دا تیرۆرستان چەند برێکی نەوتی کێڵگەی خەبازیان تەقاندەوە کە دوای مانگێک ئاگرەکەی کوژێنرایەوەو بووە هۆی سووتاندنی بەروبوومی کشتوکاڵیی ئەو سنوورە.

## رووباری دیجلەش لەمەترسیدایە

هێڵی لوولەی (عیراق تورکیا)ش دەیانجار دووچاری تەقاندنەوە بووەو ئەو نەوتەی لە بۆرییەکەدایە رژاوەتە سەر زەوییە کشتوکاڵییە بەپیتەکانی ئەو سنوورەو بۆتە هۆی پیسبوونی، بەشێوەیەک کە جارێکیتر بەئاسانی کشتوکاڵ لەو شوێنە نەکرێت. لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی بۆرییە نەوتەکە نزیک رووباری دیجلەیە نەوتە رژاوەکە جۆگەلە دەبەستێت‌و دەرژێتە رووبارەکەوە کە سەرەنجام جگە لە پیسبوونی ئاوەکە کاریگەریی خراپیشی بۆ سەر سامانی ماسی دەبێت.

دوا تەقاندنەوەش ئەوەبوو سەعات 9ی شەوی 2011/3/9 لەناحیەی حەزەری نزیک پارێزگای موسل روویدا کە زیانێکی زۆری لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی ئەو دەڤەرەدا ئەگەر تیمەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور فریانەکەوتنایە بەشێکی زۆری نەوتە خاوەکە دەرژایە رووباری دیجلەوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

کوردستانی نوێ



# بۆچی دژایەتی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی دەکرێت؟

فەرهاد حەمزە محەمەد*

رۆژی 3-7-2011 عەبدولکەریم لعێبی وەزیری نەوتی عیراق لە لێدوانێکدا دژایەتی خۆی بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی دەربڕی و بەشتێکی زیادە وەسفی کرد گوایە کارەکانی لەگەڵ وەزارەتی نەوت تێکهەڵکێش دەبێت. هەرچەندە دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەساڵی 2009دا هاتۆتە ئاراوەو لەیاسای نەوت و غازیشدا بە گرنگییەوە باسی لێکراوە. پێش ئەوەی بچینە سەر تەوەرە سەرەکییەکەمان با باکگراوەندێکی ئەم کۆمپانیایە بخەینەڕوو:

لەساڵی 1961دا عەبدولکەریم قاسم سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی عیراق بڕیاری ژمارە 80ی دەرکرد، بەوپێیە دەبوایە کۆمپانیای نەوتی عیراق کە ئینگلیزەکان بەڕێوەیان دەبرد بۆی هەبوو تەنها ئەو زەوییانە بەکار بهێنێت کە پێشتر کاریان تێداکردوەو ئەوانی تریشی لێدەسەنرێتەوە. دوابەدوای ئەمەش بڕیاردرا کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی دابمەزرێت کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی کەرتی نەوت بوو بۆ ئەو بەشەی کە عیراقییەکان خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، هەرچەندە کاری ئەم کۆمپانیایە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆر سست و لاوازبوو بەڵام لەساڵی 1972 بەدواوە بەرەو پێشەوەچوو هەنگاوی باشیشی هەڵێنا.

## جارێکی تریش هەڵوەشایەوە

لە سەردەمی بەعسدا کومپانیای نەوتی باکوورو باشوور کران بە دامەزراوە (مؤسسة) هەردووکیشیان خرانەژێر باڵی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانییەوە. لەساڵی 1987دا لەسەر پێشنیازی (حوسێن کامیل)ی زاوای سەدام حوسێن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی هەڵوەشایەوە، نەوتی باکوورو باشوور لێک جیاکرانەوەو هەریەکەیان کران بە کۆمپانیایەکی سەربەخۆ لەژێر فەرمانی وەزارەتی نەوتدا.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە بۆچی ئێستا دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە دژایەتی دەکرێت؟

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی لایەنێکی سەربەخۆیەو هەموو بڕیارێکی پەیوەندار بە نەوتەوە لەلایەن ئەم کۆمپانیایەوە دەدرێت، سیستمی کارکردنیشی سەربەخۆیەو جیاوازە لەگشت فەرمانگەکانیتر. سەرۆکی کۆمپانیا پۆستێکی سیاسی نییە بەڵکو پۆستێکی پیشەییەو پێویستە شارەزاییەکی چاکی لەبواری نەوتدا هەبێت.

بەدامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە دەسەڵاتەکان بە تەواوی لەوەزارەتی نەوت دەسەنرێتەوەو ئیشەکانی وەزیری نەوت زیاتر دەبێتە پرۆتۆکۆلی.

(تامر غەزبان) گەورە ڕاوێژکار لەبواری وزەدا بەرگری لەم پرۆژەیە دەکات و بەهەنگاوێکی گرنگ وەسفی دەکات بۆ پەرەپێدانی کەرتی وزە لەعیراقدا.

ئەندازیاری جیۆلۆجی
fhm_k2003@yahoo.com

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٥٠٤) لە ٥/٧/٢٠١١

# کاریگەریی نەوت لەسەر دیموگرافیای کەرکوک

فەرهاد حەمزە محەمەد

لەم وتارەدا نامەوێت باسی ئەو سەدان هەزار عەرەبە بکەم کە بەمەبەستی سیاسی لەسەردەمی حوکمی کۆماری عیراقدا بەتایبەت سەردەمی بەعس هاوردەی کەرکوک کراون و نیشتەجێکراون و هەموو ئیمتیازێکیان دراوەتێ، بەڵکو دەمەوێ لەرێگەی نووسراوەکانی ئەو سەردەمەوە باس لەسەردەمی حوکمی پاشایاتی بکەم کە نەوت چ کاریگەرییەکی لەسەر ژمارەی دانیشتووان بەجێهێشتووە.

لەساڵی 1919دا ئەوکاتەی هێشتا هیچ بیرەنەوتێك لەکەرکوك هەڵنەکەنرابوو هیچ دامەزراوەیەکی نەوتی لە ئارادانەبوو ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری شارەکە یان بڵێین قەزای کەرکوك 20 هەزار کەس بوو. لەساڵی 1927دا ئەوکاتەی یەکەم بیری نەوت هەڵکەنراو دەستکرا بە بەکرێگرتنی کرێکار چ لەناوەوەی کەرکوك و چ لەدەرەوەی ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری شار بەرزەوە بوو بۆ 35 هەزار سەر. لەساڵی 1931دا ئەو ساڵەی بەفەرمی ئیدارەی کۆمپانیای نەوتی عیراق (IPC) لەگەرەکی عەرەفەی شاری کەرکوك دامەزرا، بەو هۆیەوە چەندین فەرمانبەرو کرێکار دامەزرێنران، سنووری کارکردن لەکۆمپانیای نەوتی عیراق زۆر بەرفراوان بوو هەموو عیراقی دەگرتەوە تەنها شاری بەسرە نەبێت.

## پرۆسەکە عیراقی گرتەوە

هەروەها لەبەرئەوەی پرۆسەی گەران و هەڵکەندن و بەرهەمهێنان و هەناردەکردن پرۆسەیەکی زۆر فراوانەو ژمارەیەکی زۆر شارو شارۆچکەی عیراقی دەگرتەوە بۆ نموونە لەهەناردەکردنی نەوتدا لوولە نەوتییەکان لە کەرکوکەوە دەردەچێت تا سەر سنووری سووریا درێژە دەکێشێت لەو نێوانەش چەند وێستگەیەکی پاڵـان (PUMPING STATION) دامەزراوەو چەندین کارمەندی تێدا کاردەکەن کە کۆمپانیاکە وای بەلاوە باشبوو خەڵکی ناوچەکەبن. ئەم کارمەندانەش چەندین جار وای پێویست دەکرد بۆ کەرکوك بگوێزرێتەوە یان خۆیان داوایان دەکرد کە ئەمەش سەرەنجام کاری لەژمارەی دانیشتووانی کەرکوك دەکرد. بەحوکمی ئەوەی پرۆسەکە زیاتر ئینگلیزەکان خۆیان سەرپەرشتییان دەکرد، چونکە کادری عیراقی نەگەیشتبووە ئەو ئاستە لە زانستی نەوت کە ئەرکێکی وەها لەئەستۆبگرن، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر ئەندازیارو کرێکاری بیانییان بەخێزانەوە لەگەڵ خۆیان دەهێنا چەندین ساڵ لەکەرکوك دەمانەوە. لەساڵی 1935دا ژمارەی بیانییەکان لەسنووری پارێزگاکە چ ئەوانەی بەمەبەستی گەشتوگوزار یان کارکردن یان پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان هاتبوون گەیشتە 22 هەزار بیانی.



شاری کەرکوك

## زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان

لەساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوودا بەهۆی بوونی کێشەی کشتوکاڵی لەنێوان عەشیرەتەکان لەباشووری عیراق بەتایبەت شاری عەمارە. حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێك لەو خێزانانەی بۆ شاری کەرکوك گواستەوە. پسپۆرێکی ئەو سەردەمە لەو بارەیەوە دەڵێت (بەشێکی گەورەی کەرکوك نیمچە وشکاییە بەتایبەت بەشی باشووری، بەڵام بوونی کۆمپانیای نەوتی عیراق و بیرە زۆرەکانی رێژەی دانیشتووانەکەی بەرزکردۆتەوە).

بەپێی ئاماری فەرمی ساڵی 1947 ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری شاری کەرکوك 67 هەزارو 756 کەس بووە، ژمارەی ئەوانەی لەدایکبووی کەرکوکن 49 هەزارو 441 کەسن ئەوانی تر کە دەکەنە 18 هەزارو 315 کەس لەدایکبووی شارەکانی موسڵ و بەغداو کەربەلاو دیوانیەو چەند شارێکی تری باشووری عیراقن. لە ئاماری ساڵی 1957دا ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری شار گەیشتە 153 هەزارو 173 کەس.

لەساڵی 1951دا لەکاتی راکێشانی هێڵی نەوتی عیراق - سووریاو تێپەربوونی بەناوچەکانی بێجی و فەتحەو قائم و گوندەکانی سنووری سووریا، ئینگلیزەکان پەنایان بۆ دەستی کرێکاری ئەو دەڤەرانە بردو لە کۆمپانیای نەوتی عیراق دایانمەزراندن. لەم ساڵەدا ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری شار گەیشتە 92 هەزارو 444 کەس.

لەم چەند رستەیەی سەرەوە دەگەینە ئەو راستییەی بوونی نەوت لەکەرکوك سەرەکیترین فاکتەر بوو بۆ زۆربوونی ژمارەی عەرەب لەشارەکە هەرچەندە ئەگەر مەبەستەکە تەعریبیش نەبوبێت،

گومانی تێدانیە تا شۆرشی 14ی تەمموزی 1958 بەرنامەیەکی بەرفراوان و ستراتیجی نەبووە بۆ تەعریبی کەرکوك بەڵام لەدوای ئەو مێژووەوە بەتایبەت دوای هاتنی بەعسییەکان لەساڵی 1963 تەعریب کرا بە بەرنامە.

# کۆمپانیای فرۆشتنی نەوت ( SOMO )



فەرهاد حەمزە محەمەد*

لەساڵی 1935- 1972 ئەوکاتەی نەوتی عیراق لەژێر دەسەڵاتی کۆمپانیا بیانییەکاندا بوو فرۆشتنی نەوتە خاوەکەش هەر بە دەستی ئەوانەوەبوو، کەسانێك ئەو کارەیان ئەنجام دەدا کە بارەگەکەیان لەلەندەن بوو. لە بەرامبەر ئەمەدا کۆمپانیا بیانییەکان بەشێك نەوتی خاویان وەك قازانج دەدا بە حکومەتی عیراق، ئەمانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە هەناردەی بازاری دەرەوەیان دەکردو بەرامبەر ئەو نەوتەش پێویستی وڵاتیان لەکەل‌وپەل‌و داودەرمان هاوردە دەکرد.

دوای یەکی حوزەیرانی ساڵی 1972 کە نەوت خۆماڵی کراو کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عیراقەوە (بەڕێوبەرایەتی گشتی فرۆشتنی نەوت) دامەزرا کە ئەرکی بریتی بوو لەناردندەرەوەی نەوتی خاوو بەروبوومە نەوتییەکان. ئەم بەڕێوبەرایەتییە ڕاستەوخۆ بە سەرۆکایەتی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانییەوە بەسترابوو، بەڵام بەهۆی گرنگیی ئەرکەکەی‌و دوانەکەوتنی کارەکان گۆڕا بە دامەزراوەیەکی گشتیی بەناوی دامەزراوەی گشتیی فرۆشتنی نەوت. (Static Oil Marketing Organization) کە کورتکراوەکەی پێی دەڵێن SOMO .

## لەفرۆشیارەوە گۆڕا بۆ کریار

دوای چەند ساڵێك کارکردن بەم سیستمە دەستەی سەرپەرشتیاری فرۆشتنی نەوت دروست کرایەوە بە سەرۆکایەتی وەزیری نەوت‌و ئەندامێتی هەریەك لەدیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو بانکی ناوەندیی عیراقی‌و بەڕێوبەری جێبەجێکاری دامەزراوەکە.

لەساڵی 1998دا ناوی ئەم دامەزراوەیە گۆڕا بۆ کۆمپانیای فرۆشتنی نەوت (کومپانیایەکی گشتییە)، ئەرکی سەرەکیشی بریتییە لە فرۆشتنی نەوتی خاوو بەروبوومە نەوتییەکانی زیاد لە پێویستی ناوخۆ، بەڵام لە دوای ساڵی 2003 وە ئەم کۆمپانیایە بەهۆی بارودۆخی نوێی عیراقەوەو لەبەر کەمیی سووتەمەنی ئەرکی هاوردەکردنی بەروبوومە نەوتییەکانی وەك بەنزینیشی پێسپێردرا.

## خشتەی فرۆشی مانگانەی بڵاودەکاتەوە

تەمەنی ئەم کۆمپانیایە نزیکەی 40 ساڵێك دەبێت توانیویەتی لەدەرەوەی عیراق خۆی بناسێنێت‌و لەلایەن کۆمپانیا کریارەکانەوە بەچاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن.

ئەو دەروازانەش کە نەوتی لێوە فرۆشراوە بریتین لە (بەندەری بانیاس لەسوریا، بەندەری تەرابولس لەلوبنان‌و بەندەری یەنبوع لەسعودیە). لە ڕۆژگاری ئەمرۆی عیراقدا نەوت تەنها لەم بەندەرانەوە دەفرۆشرێت: (بەندەری بەسرە، بەندەری خۆر عومەییە، بەندەری جەیهانی تورکی.

کۆمپانیای فرۆشتنی نەوت لەماوەی تەمەنیدا 10 بەڕێوبەری گشتی بەڕێکردووە کە دواهەمینیان دکتۆر (فەلاح جاسم ئەلعومەری)یە کە لەساڵی 2006وە دەستبەکاربووە.

ئەم کۆمپانیایە هەموو مانگێك خشتەیەك بڵاو دەکاتەوە تیایدا بەوردی پرۆسەی فرۆشتنی نەوت لەو مانگەدا ئاشکرادەکات بە هەموو وردەکارییەکانییەوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

ژمارە (٥٤٩٠) لە ٢٠١١/٥/٢٧ کوردستانی نوێ

کوردستانی نوێ
9 زمارە ( 5478 ) هەینی ( 13 / 5 / 2011 )

# پەرەپێدانی کێڵگەی مەجنون لەگرێبەستێکی هاوبەشدا

**فەرهاد حەمزە محەمەد***



لەهەرسێ خولەکەی مۆڵەت بەخشین بەکۆمپانیا بیانییەکان کەلەلایەن وەزارەتی نەوتی عیراقەوە ئەنجامدرا ژمارەیەك کۆمپانیای جیاجیا چەند کێڵگەیەکی نەوتی عێراقیان بەرکەوت بەمەبەستی پەرەپێدانیان.

کێڵگەی مەجنون تاقە کێڵگەیە وێرای ئەوەی دراوە بە کۆمپانیا بیانییەکان بەڵام حکومەتی عیراقیش بە ڕێژەی 25% پشکی تێدا هەیە.

کێڵگەی مەجنون یەکێکە لە کێڵگە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی جیهان کەخاوەنی یەدەکێکی مەزنەو بە زیاتر لە 12،6ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت. کێڵگەی مەجنون دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی روباری دیجلەوە لە نێوان هەردوو پارێزگای بەسرەو میسان بەرامبەر شارۆچکەی قورنە. ئەم کێڵگەیە لەحەفتاکانی سەدەی رابردووەوە دۆزراوەتەوەو کاری تێدا کراوە، بەڵام لەساڵی 1980وە لە گەرمەی شەڕی (عیراق-ئێران)دا بەهۆی نزیکییەوە لەمەیدانی شەڕ حکومەتی عیراق لە ترسی ئاگر کەوتنەوە هەموو بیرە نەوتییەکانی ئەو کێڵگەیەی پڕکردەوە هەر کارێکیش کە تیایدا کرابوو بەفیڕۆچوو.

## گرێبەستی لاوەکیشی تێدایە

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق کۆمپانیای نەوتی باشوور بە تواناو شارەزایی کادری عیراقی دەستی کرد بە نوژەنکردنەوەی کێڵگەکەو توانی بەرهەمی نەوتی تێدا بگەیەنێتە 60 هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا، بەڵام ئەم برە بۆ ئەو کێڵگە زەبەلاحە زۆر کەمە، هەر بۆیە حکومەتی عیراق لەخولی دووەمی مۆڵەت بەخشیندا گرێبەستێکی لە گەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزاکرد بۆ پەرەپێداتی کێڵگەکە بەم شێوەیە: کۆمپانیای شێل کە بارەگاکەی لە هۆڵەندایە بە ڕێژەی 45%،کۆمپانیای پترۆناسی مالیزی بەرێژەی 30%و ئەوەی دەمێنێتەوە کە دەکاتە 25% کۆمپانیای نەوتی میسان ئەنجامی دەدات. بەپێی گرێبەستەکە پێویستە بەرهەمی نەوتی ئەو کێڵگەیە.لە کۆتایی ساڵی 2012دا لە 60 هەزار بەرمیلەوە بگەیەننە 175 هەزار بەرمیل، بڕی تێچوونی پرۆژەکەش 270 ملیۆن دۆلارە.

## مین و تەقەمەنی لەگرفتە سەرەکییەکانن

کۆمپانیای(شێل) لای خۆیەوە گرێبەستێکی لابەلای لەگەڵ کۆمپانیای (بترۆفاك)ی بەریتانی ئیمزاکرد بۆ ئەنجامدانی هەندێك کاری هونەری لەوانە راکێشانی بۆرییەك بە درێژیی 75 کیلۆمەتر لە شوێنی کێلگەکەوە تا ناوچەی زوبێر.

بە پێی بۆچوونی بەرێوبەری پرۆژەکە گەورەترین تەگەرەی بەردەم کارەکەیان ئەو (مین)ە زۆرانەیە کە لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵی (عیراق- ئێران)دا لە ناوچەکەدا چێنراون، کە کۆمپانیای (شێل)ی ناچار کردووە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی تردا گرێبەست ئیمزابکات بۆ پاك کردنەوەی ناوچەکە لە مین و پاشماوەی تەقەمەنی.

(پیتەر فۆسەر) سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای شێل دەڵێت عیراق خاوەنی یەدەکێکی گەورەی نەوت و غازە، ئێمە دەمانەوێت لەرێگەی شارەزایی و تەکنەلۆجیای تایبەت بە (شێل)ەوە پشتگیریی بکەین و هەوڵی بەردەوام بدەین بۆ بنیاتنانی ژێرخانی وزە لەعیراقدا.

***ئەندازیاری جیۆلۆجی**



کێڵگەی نەوتی مەجنون

# کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەی خانەقین



فەرهاد هەمزە محەمەد*

ناوچەی خانەقین یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی عیراق دەژمێردرێ لەرووی سامانی نەوتەوە کە بە درێژی و پانی دەڤەرەکەدا بڵاوبووەتەوە.

لەسنووری شارۆچکەی خانەقین ژمارەیەک پێکهاتەی (structure)ی جیۆلۆجی دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەوانەی کاریان تێداکراوەو بیریان لێهەڵکەنراوە هەروەها بوونی نەوتیان تێدا سەلێنراوە ئەمانەن:

1- کێڵگەی ناودومان: دەکەوێتە 10 کیلۆمەتری باشووری خۆرئاوای خانەقینەوە، لەساڵی 1979 لەلایەن کۆمپانیایەکی روسییەوە دۆزراوەتەوە، دواتر دوو بیریان تێدایە دەتوانن لەرووی ئابوورییەوە نەوتەکەی بەکاربهێنن کەزیاتر هۆیەکەی هەڵگیرسانی شەری عیراق ئێران بوو.

لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە هیچ لایەک لەم کێڵگەیە نەکراوەتەوەو شتێکی زیاتری نەخراوەتە سەر.

2- کێڵگەی جریپیکە: دەکەوێتە نزیک سنووری عیراق ئێرانەوە، 11 کیلۆمەتر لەشاری خانەقینەوە دوورە. درێژی کێڵگەکە نۆ کیلۆمەترەو پانییەکەشی سێ کیلۆمەترە. لەساڵی 1976رووسەکان دوای ئەنجامدانی روپێوێک لە جۆری سایسمیک(seismic survey) یەکەم بیری ئەزموونی (EXPLPRATIO)یان لێدا بەقوڵی 1710مەتر کە تێبینی بوونی نەوتو غازیان تێدا کرد. لەساڵی 1978یشدا بیری ژمارە دوو بەقوڵی 1910 مەتر لێدرا.

ئەم کێڵگەیەش تاوەکو ئەمڕۆ وەکو خۆی ماوەتەوەو دەسکاری تری تێدا نەکراوە.

3- کێڵگەی نەفتخانە: بەکۆنترین کێڵگەی دۆزراوەی عیراق دەژمێردرێو کێڵگەیەکی هاوبەشی نێوان عیراقو ئێرانە. لە دیوی ئێراندا پێی دەڵێن (نەفت شا)، ئەوبەشەی عیراق لە سەردەمی بەعسدا ناوی گۆڕا بۆ (نفط صدام).

درێژی ئەم کێڵگەیە لەناو عیراقدا 16 کیلۆمترە پانییەکەشی سێ کیلۆمەترە. لە ساڵی 1901وە تێبینی بوونی نەوتی تێدا کراوە. یەکەم بیری ئەزموونی لە 26-5-1923 لێدراوە. لە ساڵی 1927وە عیراق دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە هەرچی ئێرانە لە ساڵی 1935وە لە بەشی ئێرانی کێڵگەکە نەوت بەرهەم دەهێنن.

لە نێوان ساڵانی (1923-1980)دا توانراوە 38 بیر هەڵبکەنرێ. بەهۆی شەری عیراق-ئێرانەوە کار لەو کێڵگەیە وەستاو دوای کۆتایی هاتنی شەر چوار بیری تری تێدا لێدرا کە سەرجەمیان بوونە 42 بیر.

یەکێک لە خاسیەتە گرنگەکانی نەوتی ئەم کێڵگەیە ئەوەیە کە نەوتێکی سووکەو رێژەیەکی زۆرکەم گۆگردی تێدایە هەر بۆیە بەنزینی فرۆکەی لێ بەرهەم دەهێنن.

4- کێڵگەی چیا سورخ : دەکەوێتە نزیک سنووری عیراق-ئێرانەوە لە ناوچەیەکی شاخاوی سەختدا کە رووباری سیروانی پێدا تێپەردەبێت. درێژییەکەی 24 کمو پانییەکەشی چوار کم دەبێت.

لە رێگەی وێنە ئاسمانییەکانەوە دەرکەوتووە کە تەواوی کێڵگەکە دەکەوێتە خاکی عیراقەوە. لە ساڵی 1902دا کۆمپانیای نەوتی تورکی یەکەم بیری تێدا هەڵکەند پاشان بیری ژمارە (2، 3)ی بەدوادا هات کە لەهیچ کامیاندا نەگەیشتنە نەوت. لەنێوان ساڵانی (1922 - 1954) کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی ئێرانی بیری ژمارە (4، 5، 6، 7، 8، 9)ی هەڵکەند کە لە شەش بیری یەکەمدا بەهۆی کەمی قوڵیی بیرەکانەوە هیچ شتێکیان دەستنەکەوت، بەڵام لە بیری ژمارە حەوتدا کە قوڵییەکەی گەیشتە 1669 مەتر نەوت بە تێکرای 4880 بەرمیل لە خۆرێکدا تێبینی کرا. لە بیری ژمارە نۆشدا کە قوڵییەکەی 3926 مەتر بوو برێکی زۆر غازی تێدا دۆزرایەوە.

ئەم چوار کێڵگەیە لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە هیچ کارێکی تێدا نەکراوە. لە (1-1-2011) بەدواوە لەرووی ئیدارییەوە لە کۆمپانیای نەوتی باکوور جیاکراوەتەوەو بە کۆمپانیای نەوتی ناوەراستەوە لکێنراوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٣٧) لە ٢٧/٣/٢٠١١

# کێڵگەی نەوتی بەدرەی هاوبەش لە نێوان عیراق و ئێراندا

فەرهاد حەمزە محەمەد*

کێڵگەی بەدرە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پارێزگای واستەوە لە دووری 160کم لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری بەغدا. ئەم کێڵگەیە بە یەکێك لە کێڵگە هاوبەشەکانی نێوان عیراق و ئێران دادەنرێت، ئەو بەشەی کەوتۆتە ناو عیراقەوە درێژییەکەی 16کم و پانییەکەشی 6کم دەبێت.

لەساڵی 1977دا بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆمپانیایەکی رۆمانییەوە رووپێو (مسح)ی بۆ کراوە. پاشان لەساڵی 1978 کۆمپانیای (CGG)ی فەرەنسی هەمان کاری بۆ ئەنجام داوەو یەدەگی ئەم کێڵگەیەش 109ملیۆن بەرمیل نەوتە.

لە17ی حوزەیرانی 1978دا یەکەم بیری نەوتی لێ هەڵکەندرا بە قوڵی 5002 مەتر لەساڵی 1980دا بیری ژمارە دوو هەڵکەندرا بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی عیراق و ئێرانەوە تەواو نەکراو کار لەو کێڵگەیە بەیەکجاری وەستاو ئاوری لێنەدرایەوە تا دوای پرۆسەی ئازادی.

## بۆ چوار کۆمپانیا دەرچوو


لەساڵی 2008 بەدواوە حکومەتی عیراق بیری لە هێنانی کۆمپانیای بیانی بۆ عیراق کردەوە لەوەبوو لە خولی دووەمی بەخشینی مۆڵەت بەکۆمپانیا بیانییەکاندا کێڵگەی بەدرە بۆ چوار کۆمپانیا دەرچوو بە پشکی جیاواز کۆمپانیای (گاز بڕۆم)ی رووسی بە رێژەی 40%. کۆمپانیای(TIB)ی تورکی بە رێژەی 10%، کۆمپانیای (کۆگواز)ی کۆری بە رێژەی 30%، کۆمپانیای (پترۆناس)ی مالیزی بە رێژەی 20%. بە پێی گرێبەستی نێوان حکومەتی عیراق و ئەو کۆمپانیانە پێویستە لەسەریان بەرهەمی ئەو کێڵگەیە بگەیەننە 170هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی 5دۆلارو 40سەنت بۆ هەر بەرمیلە نەوتێکی بەرهەمهێنراو بەو مەرجەی 35%ی پارەکەی وەك باج بدرێت بە حکومەتی عیراق ، 25% بۆکۆمپانیای نەوتی باکوور دەبێت کە هاوکاریان دەکات.

## دەتوانێ کۆمپانیای تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت

لەو هەنگاوانەش کە دوای گرێبەستەکە نراوە ئەوەیە چەند دانیشتنێك لە نێوان کۆمپانیاکان و نوێنەری کۆمپانیای نەوتی باکوور ئەنجامدراون و بڕیار دراوە سەرلەنوێ رووپێوێکی تر بکرێتەوە. بەڕێوەبەری کۆمپانیا رووسییەکە رایگەیەندووە کە کۆمپانیاکەیان متمانە دەکاتە سەر شارەزایانی عیراقی لە ئەندازیارو هونەرییەکان و کرێکار.

هەر لە سنووری شاری واست پێشتریش کێڵگەی (الاحدب) درا بەچینییەکان و لە ئایندەدا ئەم شارەش دەبێت بە شارێکی نەوتی و بەرهەمی دەگاتە 275 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا کە بۆی هەیە کۆمپانیای نەوتی واست دابمەزرێنێت بە پێی ئەو رێنمایەی وەزارەتی نەوت لە سەری دەڕوات کە هەرشارێك 100هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت بۆی هەیە کۆمپانیایەکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی



**سویسرا** 17-2-2011:
جیمس سینگ بەڕێوەبەری دارایی کۆمپانیای نەستەلە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا باس لە قازانجی کۆمپانیاکەیان دەکات و لەوبارەیەوە رایگەیاند، قازانجی ساڵێکی تەواوی نەستەلە گەیشتۆتە 35,7

رۆیتەرز-کوردستانی نوێ

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤١١) لە ٢٢/٢/٢٠١١

کوردستانی نوێ ژمارە (٤٩٨٩) لە ٩/١٠/٢٠٠٩

# ئـــاییندەی عـیراق لەبواری نەوتدا

فەرهاد هەمزە محەمەد*

بەپێی ئەو ئامارانەی ڕێکخراوی ئۆپێک بڵاویدەکاتەوە بەکاربردنی جیهان بۆ نەوت ڕۆژانە ٨٤ ملیۆن بەرمیلە، هەر بەپێی خەمڵاندنی شارەزایانی ئەو بوارە لەساڵی ٢٠٢٠دا جیهان ڕۆژانـە پێویستی بـە١٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت دەبێت واتە ئەوکاتە پێویستە لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت ١٦ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێنراوی ڕۆژانـەیـان زیـاد بکەن، ئەو وڵاتانە کامانەن بتوانن ئەو بڕە نەوتە دابینبکەن؟ چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کەپێشەنگن لەبەرهەمهێنانی نەوتدا کەبریتین لەسعودیە، ئێران، کوێت، عیراق، ئەوەی ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمانە عیراقە کەتا چەند ساڵێتر توانای ناردنەدەرەوەی نەوتی هەیەو دەتوانێت پێویستیی جیهان لەمبوارەدا پڕ بکاتەوە.

عـیراق خـاوەنـی ٥٢٠ سـتراکـچەر (ترکیب)ی جیۆلۆجیە بەباکوورو باشووریەوە، لەم ژمارەیە تائێستا ٧٨ ستراکچەریان بیری نەوتی تێدا هەڵکەندراوەو یەدەکی نەوتی تێدا خەملێنراوە کە ١١٥ ملیار بەرمیلە.

• گریمان هەر ئەوەندە نەوتە لەعیراقدا هەیەو چیتری تێدا نییە با لەژماردنێکی خێرادا بزانین تاچەند ساڵێتر دەتوانین نەوت بەجیهان بفرۆشین؟

لـەڕۆژگـاری ئێستاماندا بەرهەمهێنانی نەوت لەعیراقدا ٢,٥ ملیۆن بەرمیلە لەڕۆژێکدا ئەگەر هەر لەسەر ئەم بڕە بـەردەوام بین و بەرهەم زیاد نەکەین، ئەوا ساڵانە ڕێژەی لێچۆران (استنزاف) دەگاتە ٠,٨٪ یەدەکی عیراق، کەواتە لەم بـارەدا تا ١٢٦ ساڵی تر عـیراق دەتوانێت نـەوت هـەنـاردە بکات. لەکۆتایی حەفتاکانی سـەدەی رابـردوودا ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت لەعیراقدا گەیشتە ٣,٥ ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا ئەوکاتە ڕادەی لێچۆران ١٪بووەو تەمەنی نەوتی یەدەکی عیراق دەگاتە ٩٠ ساڵ. ئەم خەملاندنانە لەکاتێکدایە ئەگەر هیچ کێڵگەیەکیتری نەوت نەدۆزرێتەوەو هەر لەسەر ئەوە بمێنێتەوە کەدۆزراوەتەوە.

دوای ئەوەی یاسای نەوت و غاز لەپەرلەمانی عیراق دەنگی بۆ نەدرا وەزارەتی نەوتی عیراق پلانی درێژخایەنی دارشـتـوە بۆ زیادکردنی بەرهەمی نـەوت لەساڵانی داهاتوودا، لەبەرنامەیاندایە لەچەند ساڵێکیتردا ڕادەی بەرهەمهێنان بگەیەنە ٧,٥ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، ئەوسا ڕێژەی لێچۆران دەگاتە ٢,٣٪، تەمەنی نەوتی یەدەکیش دەبێتە ٤٢ ساڵ.

کـەواتـە عـیراق بـۆ سـاڵـی ٢٠٢٠دەتـوانـێـت بەشدارییەکی کاریگەر بکات لەدابینکردنی نەوت بۆ جیهان بەبڕی ٨ ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا. بەڵام ئەگەر یەدەکی نەوتی عیراق لەرێگەی زیاتر گەڕان و پشکنین و هەڵکەندن بگەیەنرێتە ٢٠٠ ملیار بەرمیل ئەوە تا ٤٥ ساڵ عیراق دەتوانێت ڕۆژانە ١٢ ملیۆن بەرمیل هەناردە بکات. لەکۆتاییدا ڕاستییەك ماوە بیڵێین ئەویش ئەوەیە عیراق بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی پێویستییە دەستی کۆمپانیا بیانییەکان هەیە تارادەیەك بەرهەمهێنانی زیاد بکات ئەگینا بەم تەکنەلۆجیا کۆنەی ئێستا لەعیراق کاری پێدەکرێت ناتوانرێت بەرهەمی نەوت زیادبکرێت کەشادەماری ئابووری عیراقە.

* ئەندازیاری جیۆلۆجی /کەرکوك

# کێڵگە نەوتییەکانی سنووری شاری موسڵ

فەرهاد حەمزە*

دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیی یەکەم کە عیراق کەوتە ژێر ڕکێفی بەریتانیاوە، تیتر کۆمپانیا بیانییەکان بە ئاشکراو بە ڕێکەوتن لەگەڵ عیراقییەکان دەستیانکرد بەگەڕان و پشکین بەدوای نەوتدا. بەشێک لەو کۆمپانیایانە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەیان بەرکەوت کە سنووری شاری کەرکوکی دەگرتەوە، کۆمپانیایەکیان تێدا دامەزراند بەناوی کۆمپانیای نەوتی عیراق (IPC).

بەشێکی تریان بەری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەیان پێدراو کۆمپانیایەکیان تێدا بنیاتنا بەناوی کۆمپانیای نەوتی موسڵ (MPC).

ئەم کۆمپانیایەی دوایی پاش ئەنجامدانی ڕووپێوێکی (مسح SURVEY) ناوچەکە توانی ژمارەیەک ستراکچەر (ترکیب)ی جیولۆجی بدۆزێتەوە، پاشان دەستیکرد بە هەڵکەندنی بیری نەوت لە هەندێکیاندا. لەو کاتەوە تائەمڕۆ چەند جارێکیتر لە لایەن کۆمپانیا بیانیو عیراقییەکانەوە ڕووپێویی ناوچەکە کراوە.

نزیان نەوت بەرهەم دەهێنن

حاڵی حازر ژمارەی ستراکچەرەکانی سنووری شاری موسڵ نزیکەی 100 دانە دەبێت کە نزیکەی 25 دانە لەو ستراکچەرانە کەوتوونەتە بواری ئەزموونی (استکشافی EXPL0RATION)یەوەو هەریەکەیان بیرێکی نەوتیان تێدا هەڵکەندراوەو چوونەتە خانەی کێڵگەی نەوتییەوە. هەروەها 9 کێڵگەی نەوتی بەرهەمهێنی تێدایەو نەوتیان لێدەردەهێنرێ بەمەبەستی بەکاربردنی ناوخۆ، یان ناردنەدەرەوە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

1- کێڵگەی عەین زالە: کێڵگەیەکی بچووکەو لەساڵی 1937وە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە، لەساڵی 1951وە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە، چڕیی نەوتەکەی (32 (API پلەیە، ڕێژەی گۆگرد تیایدا 3% کەئەمەش ڕێژەیەکی بەرزەو کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر کوالیتی نەوت هەیە.

2- کێڵگەی سوفەیە: لە ساڵی 1974وە لە لایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانییەوە دۆزراوەتەوەو دەکەوێتە نزیک سنووری سوریا. (API)یەکەی 22 پلەیەو لە جۆری نەوتی قورسە.

3- کێڵگەی بوتمە: کێڵگەیەکی بچووکەو لەساڵی 1922دا لەلایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە، لەساڵی 1953وە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە. (API)یەکەی 30 پلەیە.

4- کێڵگەی ساسان: کێڵگەیەکی بچووکەو لە ساڵی 1956 لەلایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە، نەوتێکی سووکی هەیەو (API)یەکەی 40 پلەیە.

5- کێڵگەی عەلان: کێڵگەیەکی بچووکەو لەساڵی 1954 لەلایەن کۆمپانیای نەوتی موسڵەوە دۆزراوەتەوە، (API)یەکەی 33-34 پلەیە.

6- کێڵگەی گەیارە: لەساڵی 1927دا دۆزراوەتەوە، نەوتێکی قورسی هەیە (API)یەکەی لە نێوان 8-11 پلەیە، ڕێژەی گۆگرد تیایدا 8-11%یە

7- کێڵگەی نەجمە.

8- کێڵگەی قەسەب.

9- کێڵەی جاوان.

## لەبازارەکانی جیهاندا هەرزانە

ئەم سێ کێڵگەیەی دوایی لە سیفاتەکانیاندا نزیکن لەوانەی پێشووەوە.


ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا ئەوەیە کە نەوتی سنووری شاری موسڵ بە شێوەیەکی گشتیی لە جۆری نەوتی قورسەو لە بازارەکانی جیهاندا هەمیشە لە جۆرەکانیتر هەرزانترە.

هەروەها بەهۆی بوونی ئەم ژمارە زۆرەی کێڵگەی نەوتییەوە بوار فراوانە تا کۆمپانیایەکی تایبەت بەو شارە دابمەزرێنرێت و خەڵکی شارەکەی تێدا دابمەزرێنرێت و چیتر ڕەوانەی شاری کەرکوک نەکرێن.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی



کێڵگەیەکی نەوت



**ئیسرائیل** 9-2-2011:


پیرەمێردێک لە بازاری سەوزەو میوەی یەهودا، لە گرانیی بەرهەمەکان سەری سوڕماوە، هاوکات بەهۆی بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری نرخی خۆراک و سووتەمەنییەوە، بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتە بڕیاریدا باج لەسەر هاووڵاتیان و سەندیکاکان کەم بکاتەوە.

ڕۆیتەرز- کوردستانی نوێ

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٠٣) لە ١٣/٢/٢٠١١

# بۆچی بەرهەمی نەوتی کەرکوک کەمی کردووە؟

فەرهاد هەمزە محەمەد*



نەوت تاکە سەرچاوەی ئابوورییە

کێڵگەی نەوتی کەرکوک کە یەکێکە لە کێڵگە زەبەلاحەکانی جیهان یەدەکی نەوتی لە کاتی دۆزینەوەیدا خۆی 24 ملیار بەرمیل دەدا. لە ساڵی 1927ەوە تا ئەمڕۆ نزیکەی 14 ملیار بەرمیلی لێدەرهێنراوە. ساڵی 1979 سەردەمی زێڕینی بوو کە ڕۆژانە بەرهەمی دەگەیشتە 1,400,000 ملیۆن بەرمیل. ئەم کێڵگەیە تا پێش شەڕی عیراق ئێران چاکترین بەرهەمی هەبوو، بیرە نەوتەکان پەستان (pressure)ێکی چاکیان هەبوو بێ هیچ یارمەتیدانێک نەوت لە ناخی زەوییەوە دەگەیشتە سەر زەوی بۆ نموونە بیری ژمارە 164 بەتاقی تەنیا 110 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنا.

## ماندووبوونی کێڵگەکە

بە هەڵگیرسانی شەڕی عیراق ئێران لە ساڵی 1980 تا پرۆسەی ئازادی عیراق لە نیسانی ساڵی 2003دا کێڵگەی کەرکوک ڕۆژ بەڕۆژ توانای بەرهەم هێنانی کەم دەبێتەوە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی هونەری سەرەکی:

1- ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق ئێران هەناردەکردنی نەوت لە باشووری عیراقەوە بەهۆی شەڕەکەوە وەستابوو، حکومەتی عیراقیش تاکە سەرچاوەی ئابووری و داهاتی نەوتی کەرکوک بوو تا بتوانێت درێژە بەو شەڕە بدات ئەویش بەزیادکردنی بەرهەمی نەوت و هەناردەکردنی. بێگومان لە ڕووی زانستییەوە هەموو کێڵگەیەک توانای دیاریکراوی خۆی هەیە لە بەرهەم هێنان، ئەگەر لەوە زیاتر گوشاری بخرێتە سەر ئەوا بە خراپ دەشکێتەوەو دەبێتە هۆی لەرادەبەدەر ماندووبوونی کێڵگەکەو هاتنی ئاو شانبەشانی نەوت. بەهۆی ئەم مامەڵە خراپەوە لەگەڵ کێڵگەی نەوتی کەرکوکدا حکومەتی عیراق ناچاربوو یەکەیەکی هونەری نوێ لەناو کۆمپانیای نەوتدا دابمەزرێنێت بەناوی نەوتی شێدار بۆ جیاکردنەوەی نەوت لە ئاو.

## گیرانی کونیلەکان

2- لەماوەی ئابلوقەی ئابووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە نێوان ساڵانی 1990-1997 هەروەک زانراوە هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە وەستابوو، لەم ماوەیەدا دەرهێنانی نەوت لە سەرانسەری عیراق تەنها بۆ بەکاربردنی ناوخۆ بوو. گومانی تێدانییە پرۆسەی پاڵاوتنی نەوت بەمەبەستی دابینکردنی گازو بەنزین و نەوتی سپی بۆ هاوڵاتیان نزیکەی نیوەی پاشەڕۆی لێدروست دەبێت کە لەکاتی خۆیدا هەناردەی دەرەوە دەکرا بەڵام بەهۆی وەستانی هەناردەکردنەوە فڕێیان دەدایە ناو بیرەکانی کێڵگەی نەوتی کەرکوکەوە تەنانەت هەرچی پاشەڕۆی پاڵاوگەکانی باشووریش هەبوو بۆ کەرکوکیان دەهێنا کە ئەمەش کارێکی نێگەتیڤی گەورەی کردە سەر عەمبار (مکمن)ی نەوتی کەرکوک و بووە هۆی گیرانی کونیلە (porosity)کانی ئەو عەمبارەو کەمبوونەوەی بەرهەمی.

کێڵگەی نەوتی کەرکوک کە لە هەرەتی گەنجییدا نانی هەموو عیراقی دەدا ئەمڕۆکە بە کێڵگەیەکی پیر دەژمێردرێت و زۆر کێڵگەی تر پەیدابوون کە پێشبڕکێی لەگەڵدا دەکەن.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٤٠٠) لە ٢٠١١/٢/٩

# کاریگەرییەکانی نەوت لەسەر پیسبوونی ژینگە



گواستنەوەی نەوت بەڕێگەی کەشتی هەمیشە زیانبەخشە

فەرهاد هەمزە محەمەد

مێژووی دەرهێنانی‌و گواستنەوەی نەوت چەندین جار دووچاری ڕووداوی نەخواستراو بووە کە بووەتە مایەی پیسکردنی ژینگە بە تایبەت دەریاکان. هەر لە سەرەتای هەناردەکردنی نەوتەوە تا ئەمڕۆ دوو ڕێگە هەبووە بۆ هەناردەکردن یەکەمیان ڕێگەی لوولە نەوتییەکانە کە ڕێگەیەکی پاکەو کەمترین پارەی تێدەچێت دووەمیان ڕێگای کەشتییە نەوت هەڵگرەکانە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر بووە بەباو. ئەم ڕێگەیەیان لە کاتێکدا دەگیرێتەبەر کە نەتوانرێ نەوت بەبۆری بگوێزرێتەوە بەهۆی بوونی ئاستەنگی سروشتیی یا دەستکرد لە بەردەمیدا.

## پاڵێوگەکانیش هۆکارن

گواستنەوەی نەوت بەڕێگەی کەشتی هەمیشە زیانبەخشە بۆ ژینگەی دەریا چونکە لە بەندەرەکاندا ڕۆژانە دەیان بەرمیل نەوت دەرژێنە دەریاکانەوە، یان ئەوەتا کەشتییەکان بەهۆی ڕووداوی لابەلاوە یان تەقینەوە دووچاری نقوم بوون دەبن کە سەرەنجام هەزاران بەرمیل نەوت دەرژێتە دەریاکانەوەو دەبێتە هۆی پیسبوون.

ڕێگەیەکی تری پیسبون بەهۆی پاڵێوگەکانەوەیە کە زۆربەیان پاشماوەکانیان دەرژێننە دەریاکانەوە. پرۆسەی هەڵکەندنی بیری نەوتیش لە دەریادا بەش بەحالی خۆی بەشداری لە پیسبوونی ژینگەی دەریادا دەکات وەك ئەوەی لە نیسانی ساڵی پاردا لە مەکسیك ڕوویداو کاریگەریی خراپی لەسەر ژینگەی دەریا بەجێهێشت، بەپێی خەملاندنی شارەزایان ساڵانە 5-10 ملیۆن تۆن نەوت‌و پاشماوەکەی دەرژێتە دەریاکانەوەو مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ژیانی ڕووەك‌و گیانەوەرە دەریاییەکان دروست دەکات.

## پیسبوون چییە؟

بریتییە لە فڕێدانی تێکەڵەی ڕەق، شل یان غازی بۆ ناو ژینگە چ ئاسمان واتە هەوا یان ئاو یان زەوی بێت کە کار لە ڕەگەزەکانی ئەو شوێنە دەکات. ڕۆچوونی نەوت بۆ ناو دەریا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بڕێکی زۆر لەو خواردنانەی دەریاکان بەرهەمی دەهێنن کە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە بەشە خواردنەکانی مرۆڤ. هەروەها یەکێکیتر لە ئەنجامەکانی پیسبوونی دەریاکان بە نەوت تێکچونی تامی گۆشتی ماسییەکانە بۆ نموونە لە ساڵی 1970دا لە کەنداوی (تارووت)ی سعودی 100 هەزار بەرمیل نەوت ڕژایە ئەو کەنداوەوە کە بووە هۆی وەستانی ڕاوەماسی بۆ ماوەیەك ئەویش لەبەر تێکچوونی تامی گۆشتی ماسییەکانی ئەو کەنداوە.

## نەوت دەریا ژەهراوی دەکات

زۆر مادەی ئۆرگانی ژەهراوی لەناو نەوتدا هەیە کە دەبێتە مایەی مردنی هەندێ لە زیندەوەرانی ناو دەریا. وێڕای ئەمانە لەبەر کەمیی چڕیی (کثافة)ی نەوت لە چاو ئاودا، دەبێتە هۆی سەرئاوکەوتنی نەوتەکەو دروستکردنی چینێك بەسەر ئاوەوە سەرەئەنجام توانەوەی ئۆکسجین لە ئاوی دەریا کەم دەکات کە ئەمەش پێویستییەکی گەورەی زیندەوەرانی دەریایە.

ئەگەر نموونەی پیسبوونی ئاوی دەریا بهێنینەوە ئەوە ڕۆچوونی هەزاران بەرمیل نەوت بۆ ئاوی دەریای مەکسیك لە ساڵی پاردا باشترین نموونەیە، بەپێی ڕاو بۆچوونی زانایان ئەو نەوتە ڕژاوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی مادەی زەرنیخی ژەهراوی لە ئۆقیانووسەکاندا کە مەترسییەکی درێژخایەن لەسەر سیستمی ژینگەی دەریا دروست دەکات.

ئەمڕۆش پیسبوونی ژینگە گەورەترین کێشەی سەردەمەو مەترسییەکی گەورەیە لە سەر ئایندەی ژیان لە سەر هەسارەی زەوی.

**ئەندازیاری جیۆلۆجی**

---

**ئوردن ٢١-١-٢٠١١:**
یەکێك لە خۆپیشاندەران لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی هەینی لە ناوەڕاستی عەمانی پایتەختدا نانی بەرزکردۆتەوە وەك نارەزاییەك دژی گرانیی لەو وڵاتەدا، لەو خۆپیشاندانەدا زیاتر لە چوار هەزار کەس بەشدارییان کردو ڕەخنەنەیان لە سیاسەتی ئابووری حکومەتی ئەو وڵاتە گرت، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بێکاریی‌و هەژاریی‌و بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی‌و خۆراکەوە.
ڕۆیتەرز-کوردستانی نوێ



کوردستانی نوێ ژمارە (٥٣٨٧) ٢٠/١/٢٠١١

# خاسیەتەکانی نەوتی عیراق


فەرهاد هەمزە محەمەد*


نەوت بەگرنگترین سامانی سروشتی دادەنرێت کە خوا بە خەلکی عیراقی بەخشیوە وێرای خێر و بێری ئاوی هەردوو روبـاری دیجلەو فورات و بە پیتی خاکەکەی. گرنگی نەوتی عیراق لە بازارەکانی جیهاندا لەم خالانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

1- یەدەکێکی زۆر: عیراق خاوەنی لە 10%ی یەدەکی نەوتی جیهانە دەکاتە 115 ملیار بەرمیل. بەپێی رای شارەزایانی جیۆلۆجی دور نییە زیاتریش بێت چونکە عیراق خاوەنی 526 ستراکچەری جیۆلۆجییە تا ئێستا 78یان نەوت دەرهێنراوە لەو ژمارەیەش 26 یان لە کاردان و نەوتیان لێ دەردەهێنرێت. بەپێی زانیارییەکانی کارگێری وزەی ئەمریکی یەدەکی نەوتی عیراق دەگاتە 400 ملیار بەرمیل.



نەوت گرنگترین سامانی سروشتیی عیراقە

## کەمترین تێچوون

2- کەمی تێچونی بەرهەم هێنان: بری تێچونی بەرهەمهێنانی نەوتی عیراق لە کەمترین ئاستدایە لە جیهاندا ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کێلگە نەوتییەکان لەسەر وشکانین و نەوتەکەش نزیکە لە ئاستی رووی زەوییەوە بۆ نموونە چالە نەوتەکانی باوەگرگر قولاییەکەیان کەمتر لە 500 مەترە هەروەها بەهۆی ئەو پەستانە سروشتییەی هەیەتی کەمتر پێویستی بە وزەی تر هەیە بۆ هێنانە دەرەوەی. گۆڤاری (نەوت و غازی جیهانی) لە توێژینەوەیەکیدا سالی 2002 جەختی کردۆتەوە کە بۆ دەرهێنانی هەر بەرمیلێك نەوتی عیراقی پێویستی بە 5.5 دۆلاری ئەمریکییە بەلام لە ولاتانی تر زۆر لەوە زیاتر دەکەوێت بۆ نموونە نەوتی دەریای باکور دەگاتە 12 - 15 دۆلار، کێلگەکانی تەکساس لە ئەمریکا تێچوونی دەرهێنانی هەر بەرمیلێکی دەگاتە 24 - 33 دۆلار، کێلگەکانی کەنەدا 20-25 دۆلار، نەرویج 12-17 دۆلار، روسیا 5 - 9 دۆلار.

بەو پێیە ئەگەر نرخی هەر بەرمیلێکی نەوت دابەزێتە خوار 20 دۆلار ئەوا کێلگەکانی ئەمریکای باکور هیچ قازانجێك ناکەن بەلام نەوتی عیراق لەو بارەشدا هەر قازانجی خۆی دەکات.

## تەمەنی خەملێنراو لە پێوەرە گرنگەکانە

لە راستیدا ئێستا لە عیراقدا بری تێچوونی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت ناگاتە 2 دۆلار.

4- بوونی دەروازەی زۆر بۆ ناردنە دەرەوە وەك دەریای ناوەراست و کەنداو هەروەها دەریای سوور.


5- درێژی تەمەنی نەوتی عیراق: تەمەنی خەملێنراوی نەوت لە پێوەرە زۆر گرنگەکانە، عیراق بەو توانا زۆرو زەوەندەی هەیەتی دەتوانێ بوترێ دوا ولاتە کە نەوت تێیدا کۆتایی پێدێت. بە گوێرەی توێژینەوەیەکی جیۆلۆجی کە لە سالی 2006دا ئەنجام دراوە عیراق تا 164 سالیتر هەر بە خاوەنداریتی نەوت دەمێنێتەوە.

6- زۆری تێکرای بەرهەمی بیرە نەوتەکان: بە پێی توێژینەوەکان تێکرای بەرهەمی هەر بیرە نەوتێك لە عیراق دەگاتە 13.8 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، لە سعودیە 8 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، لە ئێران 2.1 هەزار بەرمیل، لە کەنەداو ئەمریکا 55 بەرمیل لە رۆژێکدا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت تێکرای بەرهەمی بیرە نەوتەکان لە عیراق 900 جار لە بەرهەمی بیرە نەوتەکانی ئەمریکا زیاترە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٣٥١) لە ١٢/١٢/٢٠١٠

# عیراق و ئێران پێشبڕکێی یەدەکی نەوت دەکەن



نەوت کێبڕکێی وڵاتان زیاتر دەکات

**فەرهاد حەمزە**

نەوت سەرباری ئەوەی خۆی فاکتەرێکی گرنگی ئاراستەکردنی سیاسەتە، یەدەکی نەوتیش دیسانەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووەو لە چوارچێوە زانیستییەکەی دەرچووە.

دیاریکردنی یەدەکی نەوتی هەر وڵاتێك هەندێ فاکتەری سیاسی و ئابووری تێوە گلاوە. لە فاکتەرە ئابوورییەکان ئارەزووی وڵاتی بەرهەمهێن و کۆمپانیا نەوتییەکانە باس لە زیادبوونی یەدەکی نەوت بکەن چونکە رەنگدانەوەی پۆزەتیڤی دەبێت لە سەر پشکی ئەو کۆمپانیایانە لە بۆرسە جیهانییەکاندا. هەندێك جار کۆمپانیاکان هەموو یەدەکیان بە جارێك ئاشکرا ناکەن بەڵکو هەندێ زانیاری دەهێڵنەوە لە ئایندەداو لە کاتی پێویستدا رایدەگەیەنن.

لە فاکتەرە سیاسییەکانیش ئەوەیە وەك هەندێك لە وڵاتانی ئۆپێك لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەنجامیاندا بە ئاشکراکردنی زیادبوونی یەدەکی نەوتیان بێ ئەوەی هیچ کێڵگەیەکی نەوتی نوێ دۆزرابێتەوە، مەبەستیشیان لەو هەنگاوە زیادکردنی پشکی بەرهەمیانە چونکە رێسایەك لە نێو وڵاتانی ئۆپێکدا هەیە کە بەرهەمی نەوت بەپێی یەدەکی نەوت دیاری دەکرێت، چەندێك یەدەك بەرز بێت ئەو وڵاتە دەتوانێت زیاتر بەرهەم بهێنێت.

## پێشبڕکێکە ئەمساڵ دەستی پێکرد

چەندین ساڵ دەبێت یەدەکی مسۆگەری نەوتی عیراق لەسەر 115 ملیار بەرمیل نەوت وەستاوە بەڵام لە مانگی تشرینی یەکەمی 2010دا حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عیراق رایگەیاند: یەدەکی نەوتی وڵاتەکەی بۆ 143 ملیار بەرمیل بەرزبۆتەوە واتە بەرێژەی نزیکەی لە 25% زیادیکردوە، بەو پێیە عیراق کە چوارەم وڵاتی خاوەن یەدەکی نەوت بوو دەبێتە سێیەم وڵات ئێرانیش کە پێشتر لە ریزی سێیەمدا بوو دەچێتە خانەی چوارەمەوە.

دوای لێدوانەکەی شەهرستانی ئەوەندەی نەبرد مەسعود میرکازمی وەزیری نەوتی ئێران باسی لە بەرزبوونەوەی یەدەکی نەوتی وڵاتەکەی کرد لە 138 ملیار بەرمیلەوە بۆ 150،31 ملیار بەرمیل، بەو پێیە گەرایەوە شوێنەکەی پێشووی خۆی کە پلەی سێیەم بوو لە ریزبەندی وڵاتانی خاوەن یەدەکی نەوتدا دوای سعودیەو ڤەنزوێلا.

## هۆکارەکان سیاسین

بێگومان دیاردەی بەرز کردنەوەی یەدەکی نەوت لەلایەن هەردوو وڵاتەوە جێگەی تێڕامان و سەرنجدانە. عیسام چەلەبی کە لەسەردەمی بەعسدا وەزیری نەوتی عیراق بوو، دەیان ساڵ لە کەرتی نەوتدا کاری کردووە لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی (رۆیتەرز ئینسایدەر) زیادکردنی یەدەکی نەوتی لەلایەن ئەو دوو وڵاتەوە گەراندەوە بۆ فاکتەری سیاسیو تەئکیدی کردەوە هیچ بەڵگەیەکی مادی لە ئارادا نییە پشتیوانیان لێبکات، ئەوەشی وت ئەو ژمارانەی ئەوان باسی لێوە دەکەن ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێ مامەڵەکردنیش لەگەڵ یەدەکی نەوتدا ئاوەها ناکرێت. لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا روونی کردەوە عیراق ماوەی 7 مانگە بێ حکومەتە وا پێدەچێت حکومەتی کۆتایی پێ هاتوو دەیەوێت لە دوا رۆژەکانی تەمەنیدا ئەم دەسکەوتە پێشکەش بە میللەت بکات. هەروەها چەلەبی هەمان هەڵوێستی بۆ ئەو زیادکردنەی یەدەکی نەوتی ئێران هەبوو.

ئاشکرایە باسکردن لە یەدەکی نەوت پێویستی بە توێژینەوەی زانستی ورد هەیە. شەهرستانی زۆربەی ئەم زیادکردنەی گەراندۆتەوە بۆ کێڵگەی قورنە لە باشوری عیراق کە بە تاقی تەنیا خاوەنی 43.3 ملیار بەرمیلە کە بەو پێیە دەبێتە دووەم کێڵگەی نەوت لە جیهاندا.

**ئەندازیاری جیۆلۆجی*

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٢٤٧) لە ٢٥/١١/٢٠١٠

# لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست



فەرهاد هەمزە محەمەد*

لە سەرەتای ئەمساڵدا وەزارەتی نەوتی عیراق داوایەکی خستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست کە سەرمایەکەی (٨٥)ملیۆن دۆلارە، ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی. لە یەکی ئەیلولی ٢٠١٠ بڕیارەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە بەو مەرجەی تا کۆتایی ساڵ پەیوەندییان بە کۆمپانیای نەوتی باکورەوە بمێنێ، بەڕێوەبەرێکی گشتی بۆ دانرا بەناوی (دلمان نەجم عەبدوڵلا) کە ئەندازیارێکی نەوتەو شارەزاییەکی چاکی لەو بوارەدا هەیە.

## فاکتەرێکی بەهێز بۆ زیادبوونی ژمارەی عەرەب

پێش یەکی ئەیلول نەوتی ناوەڕاست بەشێك بوو لە کۆمپانیای نەوتی باکور. لەسەردەمی ئینگلیزەکانیشدا بەشێك بوو لە کۆمپانیای نەوتی عیراق(IPC) کە بارەگاکەی لە شاری کەرکوك بوو. لەدوای خۆماڵیکردنی نەوتەوە بە بڕیارێکی بەناو (مجلس قیادە الثورە)ی ڕژێمی بەعس، لە١٥/٤/١٩٨٠ دامەزراوەی گشتی نەوتی ناوەڕاست(المنشا العامە لنفط الوسط)دامەزرا، کەلە هەمو ڕوویەکی دارایی‌و کارگێڕییەوە سەربەخۆ بوو، بارەگاکەشی لە بەغدا بوو لەناوچەی (راشدیە)، ئەندازیارێکیش کرا بە بەڕێوبەری گشتی. سنووری کارکردنیشی لەنێوان هێلی پانی (٣٢,٥ - ٣٤) بوو. ئەوەبوو ژمارەیەکی بەرچاو فەرمانبەری بۆ دامەزرا، لە ساڵی ١٩٨٧ حکومەتی بەغدا لە گەرمەی جەنگی ئێران - عیراقدا ئەم کۆمپانیایەی هەڵوەشاندەوەو لکاندی بە کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە فەرمانبەرەکانیشی کە زۆربەی عەرەب بوون گوێزرانەوە بۆ کەرکوك کە ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزی زیادبوونی ژمارەی عەرەب بوو لە کەرکوك. بەم جۆرە سنووری کۆمپانیای نەوتی باکور لە کوتەوە تا موسڵ درێژبوەوە بە پێی یاساش دانیشتووانی پارێزگاکانی کوتو دیالەو سەلاحەدین‌و ئەنبارو بەغداو کەرکوك‌و موسڵ بۆیان هەیە لە کەرکوك دابمەزرێن، کە بەڕاستی بڕیارەکە لەخزمەتی پرۆسەی تەعریبدا بوو.

لەدوای پرۆسەی ئازادی، وەزارەتی نەوتی عیراق پێشنیازێکی خستەڕوو بەو پێیە هەر شارێك بتوانێت (١٠٠)هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمبهێنێت بۆی هەیە کۆمپانیای نەوت لەشارەکەدا دابمەزرێنێ. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەم شارانەی ناوەڕاستی عیراق (کوتو دیالەو بەغدا) ئەو وزەو توانایەیان تێدایە، لەم ڕوانگەیەوە کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست دامەزرێنرا.

ئەو کێڵگانەی دەکەونە ئەو سنورەوە دەچنە چوارچێوەو ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست کە ئەمانە دەگرێتەوە(شرق بغداد، الاحدب، بدرە، ظفریە، نفط خانە، منصوریە، جربیکە، ناودومان، تل غزال، طلابات، خشم الاحمر، قمر، پلکانە، ئینجانە، عەکاز).

## لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان

یەکەم لایەنە پۆزەتیڤەکان: ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی سوککردنی بەردەوامی پرۆسەی تەعریب لە ڕێگای دامەزراندنی عەرەب لە کەرکوك چونکە بەم هۆیەوە شارەکانی کوتو ئەنبارو بەغداو دیالە مافی دامەزراندنیان لە نەوتی کەرکوکدا نامێنێت‌و چیتر وەزارەتی نەوت خەڵکی ئەو شارانە ڕەوانەی کەرکوك ناکات. جگە لەمە وەزارەتی نەوت ڕێگاشی واڵاکردووە بۆ هەر فەرمانبەرێك خەڵکی ئەو شارانە بێت بیەوێ لە کۆمپانیای نەوتی باکورەوە بگوێزنەوە کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست.

دووەم/لایەنە نێگەتیڤەکان: هەندێ ناوچەی سنوری هەرێمی کوردستان بەتایبەت ناوچەی خانەقین، بەر ئەم کۆمپانیا نوێیە دەکەوێت، ئەو ناوچەیەش سێ کێڵگەی نەوتی بەردەکەوێت، کە بریتین لە (نەفت خانە، ناودومان، جرەبیکە) جگە لەمەش هەموو ئەو کرێکارە کوردانەی کە لەو سێ کێڵگەیە کاردەکەن کە ژمارەیان نزیکەی (١٠٠-١٥٠) کرێکار دەبێ، لە کەرکوك دور دەکەونەوە.

پێشتریش وەزارەتی نەوت هەنگاوێکی لەم چەشنەی ناو (کۆمپانیای نەوتی میسان)ی دروستکردو لە کۆمپانیای نەوتی باشووری جیاکردەوە، بەدوریش نازانرێ کۆمپانیای نەوتی نەینەواو زیقاریش دروست بکرێت.

وەزارەتی نەوت ئەم سیاسەتە نوێیە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو فراوانبون‌و پێشکەوتنەی کە لە کەرتی نەوتدا ڕویداوەو ساڵ لەدوای ساڵ بەرهەمی نەوت ڕو لە زیادبوونە، هەروەها دەبێتە هۆی دامەزراندنی ژمارەیەك کرێکارو فەرمانبەر وێڕای ئەمانە ئەرکی قورسی سەر کۆمپانیای نەوتی باکوورو باشوور سوکدەکات.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی-کەرکوك

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٢١٣) لە ٢٤/١٠/٢٠١٠

کوردستانی نوێ
ژمارە (٥١٩٦) لە ٧/٦/٢٠١٠

# فراوانبوونی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی چین

فەرهاد هەمزە محەمەد*

لەسەدەی رابردوودا کەباس لەوڵاتی چین دەکرا تەنها باس لەژمارەی زۆری دانشتوانەکەی دەکراو وەك وڵاتێکی کشتوکاڵی وەسفدەکرا بێئەوەی پەنجە بۆ کەرتی پیشەسازی درێژ بکرێت، بەڵام دوای کرانەوەی بەرووی جیهانی دەرەوەداو شکاندنی ئەو قاوغەی کەحوکمی کۆمۆنیستی ماوتسی تۆنگ بۆی دروستکردبوو رۆژ لەدوای رۆژ لەپێشکەوتن و پەلهاویشتندا بوو لەهەموو بوارەکاندا، بەجۆرێك وای لێهاتووە لەنێو وڵاتە پیشەسازییە پیشکەوتووەکاندا حیسابی بۆدەکرێت. لەبواری نەوتدا زۆر چووەتە پێشەوەو هەنگاوی گەورەی ناوە، ئەوەتا بەرژەوەندییەکانی خۆی گەیاندووەتە ئەمریکای لاتین و سەری پردێکی بۆ چوونە ئەو کیشوەرەوە دۆزیوەتەوە.

## یەدەگێکی گەورەی نەوت

کۆمپانیای وەبەرهێنانی نەوتی چینی لەدەرەوە کەگەورەترین کۆمپانیای دۆزینەوەی چینییە لەدەرەوەی ئەو وڵاتە کە توانیویەتی ٥٠٪ی پشکەکانی گروپی برایدس بۆ نەوت و گازی ئەرجەنتینی بەبڕی ٣ ملیارو ١٠٠ ملیۆن دۆلار بکڕێت. گروپی برایدسی ئەرجەنتینی خاوەنی ٦٣٦ ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگە لەگەڵ بوونی لقی بەرهەمهێنان لەوڵاتانی ئەرجەنتین و بۆلیڤیاو چیلی.

نیل بیڤیردج گەورە لێکۆڵەرەوەی بواری نەوت دەڵێت: ئەو پرۆتوکۆلە (صفقە) بۆچین زۆر گرنگە، چونکە دەیکاتە خاوەن یەدەگێکی نەوتیی مەزن وێرای بەرهەمهێنان، واش بڕیارە پێشهاتنی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ پرۆتۆکۆلەکە ئیمزا بکرێت و کۆتایی پێبێت.

## چەند گرێبەستێك لەئێران

چین پێش ئەمریکای لاتین توانیبووی لەکیشوەری ئاسیاش رۆڵی بەرچاوی خۆی ببینێت بەتایبەت لەئێران، لەساڵی ٢٠٠٤دا پرۆتۆکۆلێکی هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەگەڵ ئێراندا ئیمزاکرد، ساڵی ٢٠٠٥یش گرێبەستێکی بەبڕی یەك ملیار دۆلار بۆ هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەی (یاباران)ی ئێرانی ئیمزاکرد، لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩شدا گرێبەستێکی بەبڕی ١ملیارو ٧٠٠ ملیۆن دۆلار بۆپەرەپێدانی کێڵگەی باکووری (ئەزدەگان) ئیمزا کرد، دوای چەند مانگێك گرێبەستێکی تری بەبڕی ٥ ملیارو ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی (پارس) بۆ گازی سروشتی ئیمزاکرد، بەرامبەر ئەمانەش چین نەوتی پاڵاوتەکراو بەئێران دەفرۆشێتەوە.

## لەسودانیش کێڵگەی نەوتی هەیە

ئەفریقاش یەکێکە لەو کیشوەرانەی کەچین توانیویەتی جێپێی خۆی تێدابکاتەوە، لەسودان کۆنترۆڵی چەندین کێڵگەی نەوتی کردووەو بڕی پارەی وەبەرهێنراوی لەو وڵاتە دەگاتە ٤ملیار دۆلار. چاودێران کۆکن لەسەرئەوەی چین ٣٠٪ی پێویستییەکانی لەنەوتی خاو لەئەفریقاوە هاوردەکات، هەروەها توانیویەتی زۆر زیرەکانە بەرامبەر واشنتون یاری بەکارتەکانی خۆی بکات، گرنگترینیان بەکارهێنانی چەکی قەرز پێدانە بەبێ سوود کەئەمە یارمەتی زۆر دەوڵەتی رەش پێستیداوە دووربکەونەوە لەقەرز وەرگرتن لەسندوقی دراوی نێو دەوڵەتی و ئەو مەرجە قورسانەی دەیسەپێنن.

## مەترسیی رووبەڕووبوونەوە

ئەیان بریمەر توێژەر لەپەیمانگای سیاسەتی نێودەوڵەتی لەوتارێکیدا رایگەیاند، پێوستی بەردەوامی چین بۆ گەنجینەیەکی جێگیر لەنەوت و کەرەسەی خاو پاڵی پێوە ناوە بچێتە قوڵایی ناوچەکانی جیهانەوە ئەوشوێنانەی کەپێشتر لەژێر دەسەڵاتی واشنتۆندا بوون.

جۆزیف لیبرمان سیناتۆری ئەمریکی هۆشداریدا کەئەم کێبڕکێ توندەی ئەمریکاو چین لەسەر وزە دوور نییە گەورەترین مەترسی دروستبکات و سەرەنجام رووبەڕووی یەك ببنەوە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی-کەرکوك

# کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەدا

فەرهاد حەمزە محەمەد

دوای ئەوەی لەساڵی 1931دا ئیدارەی کۆمپانیای نەوتی عیراق IPC لەشاری کەرکوک بەرەسمی دامەزرا، دەستیانکرد بەپێکهێنانی بەشەکانی ئەندازیاری و شارەوانی تایبەت بەخۆیان. ئەم بەشانە خاوەنی ئامێرو ئۆتۆمبێل و تەکنیکی تایبەت بەخۆیان بوون. ئەم کۆمپانیایە تا ئەوکاتەی لەیەکی حوزەیرانی ساڵی 1972دا خۆماڵیکرا ئینگلیزەکان خۆیان سەرپەرشتی هەموو کارێکیان دەکردو توانییان لەشاری کارکردنی خۆیاندا خزمەتێکی باش بە شارەکە بگەیەنن و دەستێکی ئاوەدانی بۆ درێژ بکەن چونکە لەو ساڵانەدا حکومەتی عیراق ئەوەندە دەستڕۆیشتوو باڵادەست نەبوو.

## کارەبای کەرکوک لەئەستۆدەگرێ

1- بواری کارەبا: وزەی کارەبا یەکێکە لەپێویستییە سەرەکییەکانی پرۆسەی هەڵکەندن و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت، چونکە لەسەرجەم پرۆسەکەدا چەندین ماتۆر کاردەکەن، کە پێویستییان بە وزەی کارەبایە، لەبەر ئەم هۆیە یەکەم خەمی کۆمپانیاکە دابینکردنی کارەبا بوو. پێش ئەوەی حکومەتی عیراق کارەبا بۆ هاووڵاتیانی کەرکوک دابین بکات و وێستگەی کارەبای دوبز دابمەزرێنێت ئینگلیزەکان لە ساڵی 1949دا لەڕێگەی وێستگەی کارەبای تایبەت بەکۆمپانیاکەوە کارەبایان بۆ پرۆژەی پاڵاوتنی ئاو لە دوبزەوە بۆ کەرکوک تەرخانکرد. بۆ ساڵی دوایی 1950 کۆمپانیای نەوت ڕۆژانە دوو هەزار کیلۆ وات وزەی کارەبای بۆ ڕووناککردنەوەی کەرکوک تەرخانکرد. ساڵی 1952 ئەوبڕە کارەباییەیان گەیاندە سێ هەزارو 800 کیلۆ وات. لەم ساڵە بەدواوە ئیتر شاری کەرکوک لەڕووی کارەباوە بوو بەخاوەنی کارەبای تایبەت بەخۆی ئەویش بەدامەزراندنی وێستگەی کارەبای دوبز کە تا ئەمڕۆش لە کاردایە.

## دابینکردنی ئاوی خواردنەوە

2- بواری ئاو: ئاو لە گرنگترین ئەو بوارانەیە کە کۆمپانیای نەوتی عیراق بەشداری تێداکردووە بۆ دەستەبەرکردنی ئاو بۆ دانیشتوانی شارەکە. لەساڵی 1950دا بەڕێکەوتنی نێوان موتەسەریفی کەرکوک و کۆمپانیای نەوت پرۆژەی ئاوی کەرکوکیان لەشارۆچکەی دوبز کردەوەو بەشێکی ئەرکەکەیان گرتە ئەستۆ. ساڵی 1954 لوولەیەکی ئاوی 24 ئنجییان لە شارۆچکەی دوبزەوە بۆ ناو شاری کەرکوک ڕاکێشا کە لەتوانایدابوو ڕۆژانە 4,5 ملیۆن گالۆن ئاو بۆ خەڵکی شارەکە دەستەبەر بکات. لەهەر شارۆچکەو شارەدێ و گوندێک قەیرانی ئاو هەبوایە دەستبەجێ تیمە تایبەتەکانی کۆمپانیای نەوت دەگەیشتنە ئەو شوێنەو بیری ئاویان بۆ هەڵدەکەندن تا ڕزگاریان بێت لە کەمئاوی. ساڵی 1968 بەهۆی گەورەبوونی شارەکەو زیادبوونی دانیشتوانەکەی ئاوی پرۆژەی دوبز نەدەگەیشتە هەندێک لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوک وەک تەپەی مەلا عەبدوڵاو قەڵا، بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای نەوت بە بەستنی دوو پەمپی تر بۆ وێستگەی ئاوی دوبز توانرا پاڵاوتنی ئاو لە حەوت ملیۆن گالۆنەوە بۆ 11 ملیۆن گالۆن بەرز بکەنەوە بەمەش کەمیی ئاویان لەناو شاری کەرکوک بۆ ئەو قۆناغە چارەسەرکرد. هەر لەو ساڵەدا بۆ یارمەتیدانی گوندەکانی دەوروبەری تسعین و تازە خورماتوو بەشیر 17 بیری ئاویان بە قووڵی 300 مەتر بۆ هەڵکەندن بەمەبەستی زیادکردنی ئاوی خواردنەوەو ئاودێری.

## ئامانجی سیاسی لە پشتەوەبوو

لەسەردەمی حکومەتی بەعسیشدا کاری باشیان بۆ کەرکوک کرد، هەرچەندە ئامانجەکە سیاسی بوو بۆ باشترکردنی گوزەرانی عەرەبە هاوردەکان بوو. پێش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 یان چاکتروایە بڵێین پێش ئابڵوقەی نێودەوڵەتی لەسەر عیراق، حکومەتی بەغدا ویستی پرۆژەی ئاوی یەکگرتوو لە نزیک کەیوان بکاتەوەو کۆمپانیای هۆندای کۆری ئەرکەکەی لەئەستۆگرت، بەڵام بارودۆخی ئابڵوقەی سەر عیراق وایکرد پرۆژەکە پێش تەواوبوونی بوەستێت. کەمئاویی کاریگەریی تەواوی لەسەر شارەکە جێهێشتبوو، بەتایبەت گەڕەکە تەعریبە تازە دروستکراوەکان، لەبەر ئەم هۆیە کۆمپانیای نەوتی باکوور پرۆژەکەی تەواوکردو لەمانگی حوزەیرانی ساڵی 1992دا ئاوی گەیاندە شارەکەو لەکەمئاویی ڕزگاری کرد، گەڕەکی شۆڕیجەش لەگەڕەکە کەمئاوە کوردنشینەکان بوو کە سوودیان لێبینی.

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو حکومەتی عیراق بە هۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەمریکاو لەترسی ئەگەری وشکبوونی ئاوی زێی بچووک کە سەرچاوەی ئاوی کەرکوکە پێشنیازیان کرد پرۆژەیەکی نوێ دابڕێژرێ بەناوی ئاوی بەدیل، بۆ ئەم مەبەستەش ناوچەی ساڵەیی و شوانییان دەستنیشان کرد تا بیری ئاوی تێدا لێبدەن. ئەوەبوو ئەندازیارانی کۆمپانیای نەوت 80 بیری ئاویان لەو ناوچەیە هەڵکەندو لەڕێگەی بۆرییەوە گەیاندیانە ناو کەرکوک و تەنها مابوو لەگەڵ پرۆژە کۆنەکەدا ببەسترێ، بەڵام پرۆسەی ئازادی ساڵی 2003ی بەسەرهات و هەرچی بۆری و پەمپ و شتومەکی پرۆژەکە هەیە هەموو تاڵانکران، ئەگەر وای بەسەر نەهاتایەو بۆ ئەم ڕۆژەی کەرکوک بمایە ئەوا سوودێکی زۆری لێدەبینرا. ئەوەندەی ئاگادارم بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەرکوک بەنیازبوو ئەم پرۆژەیە زیندوو بکاتەوە ئەوە بوو لیژنەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد، لەڕاپۆرتی کۆتاییاندا پێشنیازیان کرد 22 ملیار دیناری بۆ تەرخان بکرێت بەڵام بەغدا ڕەتیکردەوە.

3- بواری ڕێگەوبان: لەساڵی 1954دا کۆمپانیای نەوتی عیراق دوای دوو ساڵ کارکردن توانیی پردێک لەسەر زێی بچووک لەقەزای دوبز دروست بکات کە درێژییەکەی هەزارو 400 پێیە. تا ئێستاش ئەو پردە ماوەو بەکاردەهێنرێ.

## پاش پرۆسەی ئازادی

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە کۆمپانیای نەوتی باکوور هیچ بەشدارییەکی بەرچاوی لەئاوەدانکردنەوەی کەرکوکدا نەکردووە، چونکە وەزارەتی نەوتی عیراق ڕێگەی پێنەداوە، هەرچەندە عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری پێشووی کەرکوک چەندین جار داوای یارمەتیدانی بۆ ئاوەدانکردنەوە لێکردوون، ئەوەی کردوویەتی کاری بچووکە وەک ناردنی شۆفڵ و ئامێر بۆ تەختکردنی ڕێگاوبانەکان و ناردنی ئاوی تەنکەر بۆ هەندێ شوێن کە دووچاری قەیرانی ئاو دەبوونەوە.

لەکاتی نووسینەوەی ئەم وتارەدا دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک لە سەردانێکیدا بۆ لای نوری مالیکی سەرۆک وەزیران داوای لێکردن کە وەزارەتی نەوت هاوکاری ئیدارەی کەرکوک بکات لە خزمەتکردنی شارەکەدا.

ئەندازیاری جیۆلۆجی
fhm_k2003@yahoo.com




وێنەیەکی مێژوویی موتەسەریفی کەرکوک و بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی عیراق لەکاتی هەڵکەندنی بیرێکی ئاودا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٠٥٩) لە ٢٨/١٢/٢٠٠٩

# نەوتی عیراق لەنێوان گرێبەستەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا



**فەرهاد هەمزە محەمەد***

سالی ١٩٧٢ حکومەتی عیراق توانی لەرێگەی خۆمالی کردنی نەوتەوە کۆنترۆلی تەواوی دامەزراوە نەوتییەکان بکات‌و بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئیتر بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت دەستی کرد بەبانگهێشتی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ عیراق تاوەکو دەست بکەن بەهەلکەندنی بیری نەوت لەکێلگە نەوتییەکاندا، بۆ ئەم مەبەستە پەنای بۆ کۆمپانیا رۆژئاوایی و رۆژهەلاتییەکان بردو گرێبەستی لەگەلدا ئیمزاکردن، جۆری گرێبەستەکانی ئەو کاتە گرێبەستی خزمەت بوو واتە دوای هەلکەندنی بیرەکە ئیتر ئەو کۆمپانیایە عیراقی بەجێدەهێشت، گرێبەستیش بەمەتر واتە لەسەر نرخی هەلکەندنی هەرمەترێک رێک دەکەوتن لە کۆتاییدا چەند مەتر دەرچوو ئەوا پارەکەیان وەردەگرت‌و بیرەکەیان تسلیمی عیراقییەکان دەکردەوە بۆ نموونە کۆمپانیایەکی ئیتالی مەتری بە ٢٤٠ دۆلار هەلدەکەند کەچی کۆمپانیای ولاتە رۆژهەلاتییەکان هەر مەترێکیان بە ٣٥ دۆلار هەلدەکەند واتە زۆر هەرزانتر.

جۆرێکیتری گرێبەست هەبوو پێیدەوترا (Daily rent) واتە (کرێی رۆژانە) ئەم جۆرە گرێبەستە لەگەل کۆمپانیای ئیتالی (Sypam)دا بەسترا هەر رۆژێک کارکردن بە ١٣ هەزار دۆلار بوو، دواتر دابەزییە سەر ٧ هەزار دۆلار لەکۆتاییدا کرایە ٧ هەزار دیناری عیراقی.

## دوای پرۆسەی ئازادی

بەلام لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە بارودۆخەکە گۆراو لەئەنجامی زنجیرە شەرێکدا دامەزراوە نەوتییەکانی عیراق دووچاری داتەپین بوون، فاکتەرێکیتریش بوونی ئەمریکاو ولاتانیترە لەعیراقدا کە هەموویان خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتن لەم ولاتەدا، هەر بۆیە بۆ گەشەدان بە کەرتی نەوت سەرەتا یاسای نەوت‌و غازیان دەرکرد کە ماوەیەکی زۆر لە پەرلەمان مایەوەو دەنگی لەسەر نەدرا، دواتر حکومەتی عیراقی ناچار بوو دەست بکاتە گرێبەست لەگەل کۆمپانیا بیانییەکان لەسەر شێوەی(وەبەرهێنان) لەیەکەم خولی ئەو گرێبەستانەدا کە لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا ئەنجام درا ٦ کێلگەی نەوتی خرایە بەردەستی ژمارەیەک کۆمپانیای بیانی ئەنجامدا، کێلگەی رومێلە بۆ دوو کۆمپانیای چینی‌و بەریتانی دەرچوون‌و بە گوێرەی گرێبەستی ئیمزاکراوی نێوان حکومەتی عیراق‌و ئەو کۆمپانیایانە بەرامبەر بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت بری ١,٩٠ دۆلار وەردەگرێت.

لە ١١و ١٢ ئەم مانگەشدا (کانوونی یەکەم) وەزارەتی نەوت ١٠ کێلگەیتری عیراقی خستە بەردەم ٤٤ کۆمپانیای بیانییەوە لە رێگەی کەمکردنەوەوە ئەنجامەکەی بەم چەشنە بوو:

١-کێلگەی مەجنون بە هاوبەشی بۆ هەردوو کۆمپانیای (شیل)ی ئینگلیزی هۆلەندی بە رێژەی ٦٠٪و کۆمپانیای (بترۆناسی مالیزی بە رێژەی ٤٠٪ دەرچووە، بەپێی گرێبەستەکە ئەو کۆمپانیایانە بەلێنیانداوە بەرهەمی ئەو کێلگەیە بگەیەننە ١,٨ ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا بۆ ماوەی شەش سال، بەرامبەر بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوتیش ١,٢٩ دۆلار وەردەگرن، ئەم کێلگەیە لە باشووری عیراقەو نزیک سنووری ئێرانە، یەدەکی نەوت تیایدا دەگاتە ١٢,٥ ملیار بەرمیل.

٢-کێلگەی (حلفایە) بە هاوبەشی بۆ کۆمپانیاکانی CNBCی چینی بە رێژەی ٥٠٪و (تۆتال)ی فەرەنسی بە رێژەی ٢٥٪و (بترۆناسی) مالیزی بە رێژەی ٢٥٪ دەرچوو، بە پێی گرێبەستەکە لە ماوەی شەش سالدا رادەی بەرهەمهێنان لەو کێلگەیە دەگەیەننە ٥٣٥ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ١,٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

٣-کێلگەی (غەرراف) بە هاوبەشی بۆ هەردوو کۆمپانیای (بترۆناس)ی مالیزی (جاپکس)ی ژاپۆنی دەرچووە، بەو مەرجەی بەرهەمی نەوت لەو کێلگەیە بگەیەنن ٢٣٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ١,٤٩ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت.

٤-کێلگەی (رۆژئاوای قورنە) بۆ کۆمپانیای (لۆک ئۆیل)ی رووسی دەرچووە یەدەکی نەوت تێیدا ٢١,٨ملیار بەرمیلە.

٥-کێلگەی بەدرە دەکەوێتە ناوەراستی عیراقەوە بۆ کۆمپانیای غاز برومی رووسی دەرچووە بە هاوبەشی لەگەل کۆمپانیای TBIی تورکی‌و (پترۆناس)ی مالیزی‌و (کۆغاز)ی کۆری، بەپێی گرێبەستەکە ئەم کۆمپانیایانە بەرهەمی ئەو کێلگەیە دەگەیەننە ١٧٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ٥,٥دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت.

٦-کێلگەی رۆژهەلاتی بەغدا دەکەوێتە نزیک (شاری سەدر)و یەدەکی نەوت تیایدا ٨,١ ملیار بەرمیلە لەسەرەتادا داخوازی لەسەری نەبوو بەلام دواتر بەهاوبەشی بۆ هەردوو کۆمپانیای (لۆک ئۆیل)ی روسی (شتات ئۆیل)ی نەرویجی دەرچوو بەو مەرجەی بەرهەمی نەوت تیایدا بگەیەننە ١,٨ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ١,١٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت.

٧-کێلگەی (گەیارە) لە نزیک شاری موسل یەدەکی نەوت تیایدا ٨٠٧ ملیۆن بەرمیلە ئەم کێلگەیش داخوازی لەسەر نەبوو بەلام دواتر بۆ کۆمپانیایەکی ئەنگۆلی دەرچوو بەو مەرجەی بەرهەمی نەوت لەو کێلگەیە بگەیەننە ١٢٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا بەرامبەر وەرگرتنی ٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت، شایانی وتنە نەوتی کێلگەی گەیارە نەوتێکی قورسەو بەرهەمهێنانی ئاسان نییە. هەموو ئەم گرێبەستانە لەجۆری گرێبەستی خزمەتن‌و ماوەی زەمەنیان دیاریکراوە. لە یەکێک لە بەندە گرنگەکانی هەموو ئەو گرێبەستانە ئەوەیە ٨٠٪ی ئەو کرێکارو ئەندازیارانەی لەو پرۆژانە کاردەکەن دەبێت عیراقی بن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەلی کار بۆ خەلکی عیراق دابین دەکات. ئەوەی ماوەتەوە بیلێین ئەوەیە هەرچەندە لە ناو پەرلەمانی عیراقدا زۆر لایەن رەخنە لەنادەستووری ئەم گرێبەستانە دەگرن بەلام ئەگەر بە ویژدانیشەوە قسە بکەین ئەوا ئەبێت بلێین تائێستا لە مێژووی عیراقدا هیچ گرێبەستێک بەم شەفافیەتە لەبەردەم کەنالەکانی راگەیاندندا ئیمزا نەکراوە.

جیۆلۆجی/کەرکوک

FHM_K2003@YAHOO.COM



کێلگەی نەوتی رومێلە

No: 4659 Monday 25/8/2008
ساڵی حەڤدەهەم-ژمارە (٤٦٥٩) دووشەممە ٢٠٠٨/٨/٢٥

# کێڵگە نەوتییە بەرهەمهێنەکانی عیراق

■ فەرهاد حەمزە محەمەد*

بەهۆکمی هەڵکەوتەی جیۆلۆجی و جوگرافی عیراق و ولاتەکەمان کە کەوتووەتە سەر دەریایەک نەوت، دوا توێژینەوەی جیۆلۆجی ئەوە ساغدەکاتەوە کە لەعیراقدا نزیکەی(٥٣٠) (structure)ی جیۆلۆجی هەیە ئەگەری بوونی نەوتیان تێدایە. لەم ژمارە زۆرە تائێستا تەنها لە(١١٥) لەو(structure) بیرهەڵکەندراوە(٤١٥)یان ماوەتەوەو دەستیان پێنەگەیشتووە، تەنها شاری بەسرە خاوەنی(١٥) کێڵگەیە کە(١٠) لەم کێڵگانە بەرهەمهێنەو چاوەڕێی زیاتر گەشەپێدان و بەرهەمهێنان دەکات. پارێزگای بەسرە خاوەنی(٥٩٪)ی یەدەگی نەوتی عیراقە، هەردوو پارێزگای عەمارەو ناسریەش(١٢٪)ی یەدەگی نەوتی ولاتی تێدایە، ئەوەی کەدەمێنێتەوە(٢٩٪)یە بەرپارێزگاکانی ناوەڕاست و کەرکوک و هەرێمی کوردستان دەکەوێت،(١٤٪) پارێزگاکانی ناوەڕاست،(١٢٪) کەرکوک(٣٪)هەرێمی کوردستان.

بالێرەدا هەڵوەستەیەک لەسەر هەندێ لەو کێڵگانەی باشووری عیراق بکەین:

١- کێڵگەی(رومێلە) گەورەترین کێڵگەی باشووری عیراقە لەرۆژئاوای شاری بەسرەوە دەستپێدەکات رووەو باشوور تا بەشی خوارەوەی دەکەوێتە ناو ولاتی کوێتەوە. لەجیهاندا بەنۆیەم کێڵگە دەژمێردرێ و نەوتەکەی لەجۆرە هەرە چاکەکانە. یەکەم بیر لەتشرینی دووەمی ساڵی(١٩٧٠) هەڵکەنراوە، ئێستا ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکانی گەیشتووەتە(٦٦٣) بیری بەرهەمهێن. لەماوەی شەڕی عیراق ئێراندا بەرهەمهێنان لەم کێڵگەیە وەستابوو، رژێمی ئەوسای عیراقیش کوێتی بەدزینی نەوتی عیراق تاوانباردەکرد.

٢- کێڵگەی(مەجنون) کێڵگەیەکی زۆر گەورەی شاری بەسرەیە، ئەگەر پەرەی پێبدرێ بەرهەمی رۆژانەی دەگاتە(٦٠٠) هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا.

٣- کێڵگەی(قورنە) دەکەوێتە سنووری پارێزگای بەسرەوەو لەساڵی(١٩٧٣) یەکەم بیری تێدا هەڵکەنرا. رژێمی بەعس پێش رووخانی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیا رووسییەکاندا بەستبوو بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی نەوت لەم کێڵگەیە، بەڵام دوای رووخانی رژێمی بەعس ئەمریکییەکان کەوتنە رقەبەرایەتییەکی توند لەگەڵ رووسەکان و نەیانهێشت پێبنێنە ناو خاکی عیراقەوە.

حکومەتی پێشووی عیراق بەرنامەیەکی هەبوو بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت تا بەرهەمی نەوت بگاتە(٦,٣) ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا، ئەوەبوو بەبری(٣٨) ملیار دۆلار گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا چینی و فەرەنسی و رووسییەکاندا بەست، بەڵام بەکۆتاییهاتنی رژێم ئەم گرێبەستانەش هیچ کاریگەرییەکیان نەما.


لێرەدا خشتەیەک دەخەینەڕوو ئەو کێڵگانەی تێدا پیشاندراون کە نەوتیان لێ بەرهەمهێنراوەو بەمەبەستی بازرگانی نەوتیان لێوە رەوانەی دەرەوە کراوە(واتە کێڵگە گەشەپێدراوەکان)

کەواتە ئەگەر سەرنج بدەین لەکۆی ئەو(١١٥) کێڵگەیەی دۆزراونەتەوە تەنها لە(٢٧) کێڵگەیان نەوت بەرهەمهێنراوەو رەوانەی دەرەوە کراوە، بەڵام لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا دوای پرۆسەی ئازادیی لەو(٢٧) کێڵگەیەش تەنها(١٥) کێڵگەیان خراونەتەکارەوەو ئەوانیتر وازیان لێهێنراون، لەبەرئەوەی عیراق لەبواری تەکنیکی نەوتدا زۆر دواکەوتووەو لەتوانایاندا نییە خۆیان لەقەرەی کێڵگەیەکی زۆر بدەن.

| پارێزگا | ژمارەی کێڵگەکان | ناوەکانیان |
|---|---|---|
| بەسرە | ١٠ | رومێلەی باکوور، رومێلەی باشوور، مەجنون، زوبێر، نەهر عومەر، قورنە، لحیس، گوبە، حسبە، حلفایە |
| میسان | ٤ | بازرگان، ئەبوغرێب، فکە، عەمارە |
| بەغدا | ١ | شرق بەغداد |
| دیالی | ١ | نەفتخانە |
| صلاح الدین | ٣ | تکریت، عەجیل(دواتر ناوی گۆڕا بۆ سەدام)، بەلەد |
| کەرکوک | ٤ | کەرکوک، جەمبور، بای حەسەن، خەباز |
| نەینەوا | ٤ | عەین زالە، گەیارە، صفیە، بگمە(جۆری نەوتەکەی قورسەو زۆر بەنرخ نییە) |

* ئەندازیاری جیۆلۆجی لەکەرکوک.
FHM_K2003@yahoo.com

# بایەخی نەوتی عیراق بەلای ئوردنەوە



نەوتی عیراق هەمیشە لە برەودایە

فەرهاد هەمزە محەمەد*

ئوردن دراوسێی بەشی خۆرئاوای عیراقەو لە سەردەمی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقدا مامەڵەی جیاجیای لەگەڵدا کراوە. لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا بە تایبەت لە دوای دەسپێکردنی شەری عیراق ئێراندا ئوردن چووە بەرەی دژ بە ئێرانەوەو بە چەك و سوپا شان بەشانی عیراق وەستا. لە کاتی شەری دەرکردنی عیراق لە کوێتیشدا دژ بە عیراق نەوەستاو هاوسۆزی حکومەتی بەعس بوو. لە بەرامبەر ئەمانەدا حکومەتی پێشووی عیراق هەردەم ئەو نەوتەی بە ئوردنی دەفرۆشت نرخی لە وڵاتانی تر کەمتربوو. هەرچەندە هیچ لولەیەکی گواستنەوەی نەوت لە نێوان عیراق و ئوردندا نەبوو بۆیە لە ڕێگەی تانکەرەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرا بە تایبەت لە ماوەی ئابلوقەی نێودەوڵەتی سەر عیراق لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا.

## بارودۆخی ئاسایش ڕێگربوو

لەسەردەمی حکومەتی نوێشدا دیسانەوە بەرژەوەندی ئوردن خراوەتە بەرچاو. لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە لە نیسانی 2003 تا ساڵی 2006 لەبەر نا ئارامی ناوچەی خۆرئاوای عیراق لە توانادا نەبور نەوت هەناردەی ئوردن بکرێت، بەڵام لەو ساڵەدا (2006) ڕێککەوتنێك لە نێوان عیراق و ئوردن بۆ ماوەی 2 ساڵ ئیمزاکرا کە بەو پێیە ڕۆژانە 10 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی ئوردن بکرێت، ئەم جارەش بە هۆی خراپی باری ئەمنییەوە نەتوانرا ڕێککەوتننامەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەبوایە سەرەتا هەناردەکردن بە 10هەزار بەرمیل دەستی پێبکردایەو هەنگاو بەهەنگاو زیادیش بکرێت تا دەگەیشتە 100هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکداو لە هەر بەرمیلێکیشدا 18 دۆلار دادەشکێنرێ و لە خوار نرخی بازارەوە دەبێت.

## 22 دۆلار خاترانە

لە مانگی ئابی ساڵی 2008 جارێکیتر ئەم مەسەلەیە کەوتەوە بەرباس و ئەوە بوو ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ ماوەی 3 ساڵ ئیمزاکرد کە لە ئابی 2011 کۆتای پێدێت، بەپێی ڕێککەوتننامە نوێیەکە ڕۆژی 10 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی تانکەرەوە ڕەوانەی ئوردن دەکرێت بە داشکاندنی 22 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام ئەم جارەیان تانکەرە نەوت هەڵگرەکان ئەو نەوتە لە قەزای بێجییەوە باردەکەن لە جیاتی کەرکوك، دوای 800 کیلۆمەتر ڕۆیشتن دەیگەیەننە سنوری ئوردن و لەوێ بەتاڵی دەکەن پاشان تانکەرە ئوردنییەکان بۆ پالێوگەی (زەرقا) دەیبەن ژمارەی ئەو تانکەرانەش کە ڕۆژانە لەو ڕێیە کاردەکەن 400 تانکەرە. ئەم تانکەرانەش هەندێکجار دوچاری ڕووداوی دڵتەزێن دەبن، وەك ئەوەی لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی 2010 ڕوویدا کە 18 تانکەر گریان تێبەربوو و سوتان لە ئەنجامدا دوو شۆفێر گیانیان لە دەستداو 12ی تریش بریندار بوون.

هەرچەندە ئوردن ڕۆژانە ئەم برە نەوتە لە عیراقەوە وەردەگرێت بەڵام پێویستیی ناوخۆی پڕناکاتەوە، چونکە ڕۆژانە پێویستی بە 100 هەزار بەرمیل نەوتە.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٢٦٣) لە ٢٠١٠/١٢/٢٦

کوردستانی نوێ
بۆ کوردستانێکی نوێ
knwe.org
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
ژمارە: ( ٥٠٤١ ) دووشەممە ٧ / ١٢ / ٢٠٠٩

کوردستانی نوێ
بەستایلی نوێ، هەواڵی نوێ و هەموو شتێکی نوێوە، کوردستانی نوێ لە:
www.knwe.org
بخوێنەرەوە.

# نەوتی دەریای قەزوین و ململانێی زلهێزەکان

فەرهاد هەمزە محەممەد*

سایبریا ژۆنی سەرۆکی پێشووی تورکمانستان وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت (جارێکیتر دەریای قەزوین بۆنی خوێنی لێدێت). بەم دواییە راستی ئەم وتەیە دەرکەوت دوای ئەوەی روسیا رێککەوتنێکی لەگەڵ هەریەک لەتورکمانستان و کازاخستان مۆرکرد بۆ دامەزراندنی هێڵی ناردنەدەرەوەی غازی سروشتی ناوچەی تورکمانستان بۆ بازارەکانی ئەوروپا.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە چاوەروان دەکرێت ناوچەی دەریای قەزوین ببێتە یەکێک لەناوچە هەرە گەرمەکان لەجیهان و ماوەیەکە ئەمریکا ژێربەژێر خەریکی هەڵمەتێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریاکە، لەبەرامبەر ئەمەشدا هەریەک لەروسیاو ئێران و هێزە ئیقلیمییەکانیتر لەپەرەی بەربەرەکانێدان.

## گرنگی دەریای قەزوین

گرنگیی ناوچەی دەریای قەزوین لەچیدایە؟ ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئاسیاو بەهەریەک لەئازربایجان و کازاخستان و تورکمانستان و روسیا دەورەدراوەو روبەرەکەی ٣٧٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

گرنگیی ناوچەکە لەوەدایە بەشێکی گەورەی نەوتەکەی دەستی لێنەدراوەو بووەتە مایەی کێبرکێی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت لەجیهاندا، روسیاو ئەمریکا بەپلەی یەکەم دێن، دوای ئەوەش تورکیاو ئێران بەپلەی دووەم.

بەپێی خەمڵاندنەکانی وەزارەتی وزەی ئەمریکی یەدەکی نەوتی ناوچەکە دەگاتە سەرووی ٢٥٠ بلیۆن بەرمیل، غازی سروشتیش خۆی لە(١٧٠) ترلیۆن پێ سێ جا دەدات.

## لایەنەکانی ململانێ

هەریەک لەلایەنەکانی ململانێ کەناماچی تایبەتی خۆی هەیە دەتوانرێت بەم چەشنە باسیان لێبکرێت.

١. **روسیا:** مۆسکۆ دەیەوێت بوونێکی بەهێزی لەناوچەکەدا هەبێت لەبەرامبەر هاوپەیمانێتی ئەوروپاو ئەمریکادا، ئەویش بە کۆنترۆڵکردنی رێگای ناردنەدەرەوەی غازی نێوان تورکمانستان و ئەوروپا، لەساڵی ٢٠٠٦ روسیا ٤٢ ملیار مەتر سێ جای لەغازی سروشتی تورکمانستان کری (هەر مەترە سێجایەکی بە ١٠٠ دۆلار) کەچی روسیا ئەم برە غازەی لە بازارەکانی ئەوروپا هەر مەترە سێجایەکی بە ٢٥٠ دۆلار فرۆشتەوە، کەئەمە داهاتێکی چاکە بۆ روسیا.

٢. **چین:** ئەم وڵاتە خاوەن سنوورێکی هاوبەش و دوورودرێژە لەگەڵ کازاخستان، ئاشکرایە چین وا بۆ چەند ساڵێک دەچێت رووی لە گەشەسەندنێکی ئابووری فراوان کردووەو هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە بۆیە لەم قۆناغە پێویستیان بەوەیە خۆیان وەک هێزێکی نێودەوڵەتی بسەپێنن، ئەبوونی نەوت کۆسپێکی بەردەم ئەم پێشکەوتنەیە، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٩٧ یاداشتێکی لێکگەیشتنیان لەگەڵ حکومەتی کازاخستاندا مۆرکرد، بۆ بنیاتنانی هێڵێکی نەوتی، هەرچەندە هێشتا چین خاوەنی ئەو پارەو تەکنەلۆجیا بە هێزە نییە بتوانێت سوود لە سامانی نەوت لە دەریای قەزوین ببینی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوەی چین ترس و دڵەراوکێی لای ئەمریکایی و رووسیاییەکان دروست کردووە.

٣. **ئەوروپا:** کێشەی وڵاتانی ئەوروپا تەنها لەوەدا نییە حکومەتی روسیا کۆنترۆڵی بەرهەم هێنان و ناردنە دەرەوەی غازو نەوتی روسیا دەکات، بەڵکو هێڵەکانی هەناردەکردنی غازو نەوتی کازاخستان و تورکمانستان و ئازربایجانیشی گرتووەتە دەست هەربۆیە لەناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە ئەوروپاییەکان دەیانەوێت خۆیان لەو وڵاتانە نزیک بکەنەوەو قایلیان بکەن تا بەرهەمەکانیان بەخاکی روسیادا نەنێرنە دەرەوە، بەڵام تائێستا بە هۆی باڵادەستی روسیاوە ئەم هەوڵانە بێئەنجام بوون.

٤. **وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:** ئەمریکا لە رابردوودا لە رێگەی هەوڵە بەردەوامەکانیەوە توانی لە ساڵی ١٩٩١ رێگە بۆ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت خۆشبکات و روسیا دابرێت لەوڵاتانی دەوروبەری، وڵاتانی ناوەراستی ئاسیا دوو بایەخی لای ئەمریکاییەکان هەیە/ یەکەمیان رێگەگرتن لە گەرانەوەیان بۆ چوارچێوەی دەسەڵاتی روسی. دووەمیان/ رێگەگرتن لە روسیا لە کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتانە.

٥. **ئێران:** سنووری باکووری ئێران دەگاتە دەریای قەزوین و لە سەردەمی پێشودا شان بەشانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کۆنترۆڵی ئەو دەریایەیان کردبوو بەبێ ئەوەی نەوتی لێدەربهێنن تەنها سوودی ئەوسای ئێران لەراوە ماسی بوو، بەڵام دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت ئێران هیچ دەسەڵاتێکی لەو ناوچەیە نەماوەو دەیەوێت هەرچی نەوتی دەریای قەزوین هەیە لەرێگای ئێرانەوە بگوێزرێتەوە بۆ کەنداوی فارس، بەمەش ئێران بایەخێکی گەورەی ستراتیجی بەدەستدەهێنی و نیمچە کۆنترۆڵێکی کەنداوەکە دەکات، بەپێی راپۆرتی ستراتیجی ساڵانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، دوورنییە ململانێکانی سەر دەریای قەزوین بگاتە پێکدادانی چەکداری.


چاودێران پێیانوایە بایەخدانی ئەمریکا بەدەریای قەزوین لەبەر نەوتەکەی نیە، ئامانجێکی سەربازی لەپشتەوەیەو لەو رێیەوە دەیەوێت لەلایەکەوە ئابلوقەی سەر ئێران توند بکات لەلایەکی تریشەوە دەتوانێت دەستبەسەر سەرچاوەکانی وزەدا بگرێت و نرخی جیهانی نەوت بگرێتە دەست خۆیەوە.



چەند هێزێک ململانێ لەسەر دەریای قەزوین دەکەن

*ئەندازیاری جیۆلۆجی/کەرکوک
fhm_k2003@yahoo.com

# ئایا خۆری نەوت ئاوا دەبێت؟



نەوتی جیهان لە کەمبوونەوەدایە

**فەرهاد هەمزە محەمەد**

هەموو توێژینەوە جیۆلۆجییەکان ئەوە ساغ دەکەنەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەوتی جیهان لە کەمبوونەوەدایەو ڕۆژێک دادێت کە تەواو دەبێت. دیاردەی نەمانی نەوت کێشەیەکی جیهانیی گەورەیەو لە پێش کێشەی کونبوونی چینی ئۆزۆنەوەیە.

ئەو نەوتەی لە ژێر زەویدایە بڕەکەی دیاریکراوەو ناکرێت تازە بێتەوە، بەکاربردنی مرۆڤیش بۆ نەوت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. لە ساڵی (1950)وە زانای جیۆلۆجی (ماریون هابارت) پێشبینی نەمانی نەوت دەکات. کێڵگەی (غەروار)ی نەوتیی لە سعودیە کە گەورەترین کێڵگەی جیهانە لە ساڵی 2003 دا گەیشتە لوتکەی بەرهەم هێنانی، وڵاتی ئەندەنوسیا کە گەورەترین بەرهەمهێنی نەوت بوو لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا بەرهەمی ڕۆژانەی 1.52 ملیۆن بەرمیل بوو کەچی لە ساڵی 1999 بەدواوە دابەزی و تا لە ساڵی 2003دا گەیشتە 1.07 ملیۆن بەرمیل ئەمەش وایکرد پەنا بەرێتە بەر هاوردەکردنی نەوت لە دەرەوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ناوخۆ.

## بەرهەمی ئۆپێکیش کەمی کردووە

ئێرانیش کە یەکێکە لە وڵاتە بەرهەمهێنە گەورەکانی نەوت هەمان دیاردەی بەسەردا هاتووە، کێڵگەی (ئاغا جاری) لە ساڵانی حەفتاکاندا ڕۆژانە 1 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی بەرهەمدەهێنا کەچی ئێستا ناگاتە 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. کێڵگەی کەرکوک لە کۆتایی حەفتاکاندا بەرهەمی دەگەیشتە 1,6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەچی ئێستا لە باشترین حاڵەتدا 700 هەزار بەرمیل تێپەڕ ناکات.

گۆڤاری (petroleum review) کە سەر بە دەزگای وزەی لەندەنییە لە ژمارەیەکی ساڵی 2003دا باس لە دابەزینی بەرهەمی نەوتی 18 وڵاتی بەرهەمهێن دەکات کە 29% نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن، هەروەها ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای (British petroleum) پەنجە بۆ وڵاتانی ئۆپێک ڕادەکێشن کە بەرهەمیان لە 24.7 ملیۆن بەرمیل لە ساڵی (1977)وە دابەزیوەتە سەر 22.1 ملیۆن بەرمیل لە کۆتایی ساڵی 2003دا.

## نەوت دەگاتە 100 دۆلار

لە بارەی دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی تازەشەوە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە ساڵی 2000دا 16 کێڵگەی نوێ دۆزراونەتەوە لە ساڵی 2001دا هەشت دانە دۆزراونەتەوە، لە ساڵی 2002دا سێ دانەو لەساڵی 2003دا هیچ کێڵگەیەک نەدۆزراوەتەوە. هەر بۆیە کۆمپانیای CIBC WORLD MARKE پێشبینیکرد لە ساڵی 2010دا نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بگاتە 100 دۆلار.

ئەمریکییەکان دەمێک بوو دەرکیان بەم مەترسییە کردبوو هەر بۆیە لە سەردەمی (جیمی کارتەر) سەرۆکی پێشووی ئەمریکادا هەوڵدرا کەمتر متمانە بکرێتە سەر نەوت و ئەلتەرناتیڤێکی بۆ دابهێنرێت، ئەوەبوو دەستیان کرد بە دارشتنی یەکەم سیاسەتی نەتەوەیی بۆ وزە بە بەکارهێنانی وزەی خۆر لە جیاتی نەوت بەڵام کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دژی ئەم پرۆژەیە وەستان و لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا پشتیوانییان لە (ڕۆناڵد ریگان)ی ڕکابەر کردو (جیمی کارتەر)یان لە سەر حوکم لادا.

## هەڵپە بۆ نەوت بەردەوامە

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا هەڵپەکردن لە دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی وزە لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە لەو پەڕی گەرمیدایە، ئەمریکا ئەفغانستانی داگیرکرد لەبەرئەوەی دەکەوێتە سەر شاڕێی ئەو لوولە نەوت و غازییانەی لە دەریای قەزوێنەوە دەگەنە چین و هندستان و ژاپۆن، عیراقیش کە لەسەر دەریایەک نەوت مەلە دەکات سەرچاوەیەکی چاکی وزەیە بۆ بەگەڕخستنی دەزگای شەڕی ئەمریکا لە هەڵمەتە جەنگییەکانیدا لە ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا. چینیش خۆی گەیاندە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی لە کەنەدا بۆ سوودوەرگرتن لە لمی نەوتیی (الرمال النفطية)و 17% ئەم لمەیان لە کۆمپانیایەکی کەنەدی کڕییەوە.


*ئەندازیاری جیۆلۆجی



کوردستانی نوێ ژمارە (٥٢٥٩) لە ٢١/١٢/٢٠١٠

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦٨٠) لە ٢٠١٢/١/١٩

# پیشەسازیی پترۆکیمیایی



کارگەیەکی پترۆکیمیایی

**فەرهاد حەمزە محەمەد***

پیشەسازیی پترۆکیمیایی بریتییە لە دەرهێنانی مادەی ئاڵۆز لە نەوتو غازی سروشتی، یان ئەوەتا دەتوانین بڵێین بریتییە لەو پیشەسازییانەی کە هەندێ کەرەستەی کیمیایی تێدا بەرهەم دەهێنرێ کە سەرچاوەکەیان نەوتو غازە، واتا لە رەگەزی کاربۆنو هایدرۆجین پێکهاتووەو دوای ئەوەی هەندێ رەگەزی تری وەک ئۆکسجینو نایترۆجینی تێکەڵ دەکرێت. نموونەی ئەو پیشەسازییە پاککەرەوەکان، دەرمانە کیمیاییەکانی مارو مێروو، گریس، لاستیکی پیشەسازیی، پلاستیک ..هتد.

مێژووی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە جیهاندا کۆنە، بەڵام لە عیراقدا دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی رابردوو کە بۆ یەکەم جار لە بەسرە کارگەیەکی پیشەسازیی پترۆکیمیایی دامەزرا.

**کۆمپانیای گشتی پیشەسازیی پترۆکیمیایی بەسرە**

لە ساڵی ١٩٧٧دا کۆمپانیای گشتی پیشەسازیی پترۆکیمیاییەکان لە بەسرە دامەزرا وەک یەکەمین کۆمەڵگەی پترۆکیمیایی لە عیراق. کۆمەڵگەکە لە شەش یەکەی سەرەکی پێکهاتووەو دیزاین کراوە بۆ بەرهەمهێنانی پۆلیمەرو پترۆکیمیاییەکان بۆ بەکاربردنی ناوخۆو هەناردەکردنیشی بۆ دەرەوە. ئەم کۆمەڵگەیە لەکاتی خۆیدا پرۆژەی گەورەی تێدابوو لەوانە دەستەبەرکردنی ئاوی پاکو بەرهەمهێنانی وزەی کارەباو چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی ژێرخانی فەرمانگەو کۆگاو یەکەکانی نیشتەجێبوونو ئاگرکوژێنەوەکان. بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی عیراق ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٨٠دا نەتوانرا کار بەو کۆمپانیایە بکرێو بە یەکجاری لە کار وەستا. لە ساڵی ١٩٨٨دا لە رێگەی گرێبەستێکەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی بە بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەستکرا بە نۆژەنکردنەوەی کۆمپانیاکە، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنی شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا نۆژەنکردنەوەکە ئەنجام نەدرا. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ بە توانای خودی عیراقییەکان دەستکرا بە چاککردنەوەی ئەو بەشانەی لە ئەنجامی شەڕەکەدا زیانی لێکەوتبوو. لەم ساڵە بەدواوە بە رێژەی ٤٠٪ی وزەی دیزاینکراو دەستی کردەوە بەکار. لە ساڵی ٢٠٠٢دا توانای بەرهەمهێنانی گەیشتە ٣٠٪. ئەم کۆمپانیایە توانایەکی باشی هەبوو لە پیشەسازیی پلاستیکدا. لەدوای پرۆسەی ئازادییشەوە دوای رێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی لە ساڵی ٢٠١٠وە بەرهەمەکانی هەناردەی دەرەوە دەکات.

**هەرێمی کوردستانیش پێویستی پێیەتی**

هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەوەی کە خاوەن نەوتو غازی خۆیەتی ئەگەر هەوڵ بدرێ دەتوانرێ کارگەیەکی پیشەسازیی پترۆکیمیایی دابمەزرێنێ، بەرهەمەکانیشی پێویستی ناوخۆی شارەکانی هەرێم پربکاتەوە بێئەوەی پەنا ببرێتە بەر وڵاتانی دەرەوە، جگە لەوە دامەزراندنی کارگەیەکی وەها بواری کار بۆ هەزاران کەس لە خەڵکی هەرێم دەستەبەر دەکات چ ئەوانەی لەناو کارگەکە کاردەکەن، یان ئەوانەی بازرگانیی بە بەرهەمەکانیانەوە دەکەن. بۆ نموونە کارگەی پیشەسازیی پترۆکیمیایی بەسرە چوار هەزارو ٤٤٨کەس کاری تێدا دەکەن، کە ئەمە ژمارەیەکی کەم نییەو رێژەیەکی چاکی بێکاریی کەمدەکاتەوە.

پیشەسازیی پترۆکیمیایی پێویستییەکی زۆر گرنگی وڵاتە، چونکە بەرهەمەکانی زۆربەی بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، ماڵ نییە کەرەستەی پلاستیکی تێدا بەکارنەیەت، دوکان نییە رۆژانە چەندین دەستە عەلاگە بەکارنەهێنێت، جووتیار نییە لە کێڵگەکەیدا پەیینی کیمیایی نەپرژێنێتە زەوییەکەیەوەو چەندین بواری تر.

کەواتە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی کارگەیەکی پیشەسازیی پترۆکیمیایی بخاتە چوارچێوەی بەرنامەی کارییەوەو خەمی لێبخوات لەگەڵ دەستەبەرکردنی جومگە گرنگەکانی ئەم پیشەسازییە کە بریتیین لە ئەندازیارو کەسانی هونەری شارەزا لەو بوارەدا، لەگەڵ ناردنە دەرەوەی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ راهێنانیان لە سەر ئەم جۆرە پیشەسازییە.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین ئەوەیە کەرەستە خاوەکانی ئەم پیشەسازییە لە هەرێمدا هەیە ئەوەی ماوەتەوە بۆ سوود وەرگرتن لەو کەرەستەیە ئیرادەیە.

***شارەزا لە بواری نەوتدا**


# كێڵگەی عەككاس لەنێوان ئیدارەی پارێزگای ئەنبارو وەبەرهێناندا

فەرهاد هەمزە محەمەد*

كێڵگەی عەككاس كە بە یەكێك لە كێڵگە غازییەكانی عیراق دەژمێردرێت دەكەوێتە بیابانی خۆرئاوای عیراق‌و 30 كیلۆمەتری باشووری شارۆچكەی قائیمەوە.

درێژی كێڵگەكە 30 كیلۆمەترە پانییەكەشی 12 كیلۆمەترە. لەساڵی 1949-1950دا یەكەم ڕووپێوی ناوچەكە كراوە، لە ساڵی 1994دا یەكەم بیری تێدا هەڵكەنراوە‌و قووڵییەكەی گەیشتووەتە چوار هەزارو 237 مەتر، لەدوو ماوە (interval)دا تێبینی بوونی غاز كراوە لە قووڵی 2001-2003 مەتردا هەروەها لەقووڵی 2071-2091 مەتردا. دوابەدوای ئەوە شەش بیری تریش هەڵكەنران كە لە هەموویاندا تەنها تێبینی بوونی غاز كراوە.

یەدەكی غاز لەم كێڵگەیە بە 5.6 ترلیۆن پێ سێجا دەخەمڵێنرێت. لەماوەی حوكمی ڕژێمی پێشوودا ئەم كێڵگەیە بە دەستلێنەدراوی مابۆوەو هیچ بەرهەمێكی نەبوو. ئاشكرایە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە وەزارەتی نەوتی عیراق كێڵگە نەوتییەكانی خستە بەردەم زیادكردنی كۆمپانیا بیانییەكانەوە بەمەبەستی زیادكردنی بەرهەمی نەوت لەعیراقدا. لەخولی سێیەمی زیادكردنەكاندا كە لەساڵی 2010دا ئەنجامدرا سێ كێڵگەی غازی گرتەوە كە یەكێكیان كێڵگەی عەككاس بوو، لەو زیادكردنەدا ئەم كێڵگەیە بۆ هەردوو كۆمپانیای (كوگاز)ی كۆری و كۆمپانیای (مۆنای گاز)ی كازاخستان دەرچوو.



كێڵگەی عەككاس لە بیابانی خۆرئاوا

## تا ئێستاش ئیمزا نەكراوە

سەرەتا بڕیاریوو لە14ی تشرینی دووەمی ساڵی 2010دا ڕێككەوتنەكە ئیمزا بكرێت، بەڵام بەهۆی ڕازی نەبوونی ئیدارەی پارێزگای ئەنبار ڕێككەوتنەكە ئیمزانەكرا، چونكە ئیدارەی پارێزگاكە نایەوێت هیچ كۆمپانیایەكی بیانی لەو كێڵگەیەدا كاربكات، هەروەها دەیانەوێت داهاتی كێڵگەكە بەپلەی یەكەم لەخزمەتی پارێزگاكەدا بێت، بەڵام لێپرسراوانی وەزارەتی نەوت وای بەباش دەزانن لەداهاتی ئەو كێڵگەیە ژمارەیەك پرۆژەی ستراتیژیی لەو پارێزگایە بكرێتەوە لەوانە كارگەی پترۆكیمیایی‌و وێستگەی بەرهەمهێنانی كارەبا ئەوەی دەمێنێتەوە لەغازەكە دەچێتە تۆڕی نیشتمانییەوەو هەناردەی دەرەوە دەكرێت هەروەك حسێن شەهرستانی وەزیری پێشووی نەوت وتبووی بەرهەمی غازی كێڵگەی عەككاس تەنها هەناردەی ئەوروپا دەكرێت.

دوای زنجیرە دانوستانێك‌و تەختبوونی گرفتەكانی بەردەم ئیمزاكردنی ڕێككەوتنامەكە وادەی 24ی شوباتیان دانا بۆ ئەم كارە، بەڵام لەو وادەیەش ڕێككەوتنامەكە ئیمزانەكرا، عبدالكریم لعیبی وەزیری نەوت هۆی ئیمزانەكردنی ڕێككەوتنامەكەی گەڕاندەوە بۆ ئیدارەی پارێزگای ئەنبار.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

كوردستانی نوێ ژمارە [٥٤٢٤] لە ٢٠١١/٣/٨

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٦١٢) لە ٢٠١١/١٢/٢٦



# هێڵێکی نوێ بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت لەڕێگەی سوریاوە

*فەرهاد حەمزە محەمەد

لەم ڕۆژانەدا وەزارەتی نەوتی عێراقی لە عێراقیکدا ئاشکرای کرد کە بە نیازن هێڵێکی نەوت لە باشووری عێراقەوە ڕووەو سوریا ڕابکێشن بە درێژایی 1800 کیلۆمەتر بەمەبەستی هەناردەکردنی نەوتی باشووری عێراق ڕووەو سوریا کە لە توانایدا بێت ڕۆژانە 2,5 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات.

هەرچەندە ئەم هێڵە هێشتا نەدراوەتە هیچ کۆمپانیایەک بۆ جێبەجێکردنی، هەروەها وردەکارییەکانی ڕانەگەیەنراوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو بڕە زۆرەی لێوەی هەناردە دەکەن وا پێویست دەکات بۆرییەکە جووت بێتو هەریەکەیان لە 40 ئینج بەسەرەوە بێت، چونکە بە درێژایی مێژووی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی سوریاوە تائێستا ئەم بڕە واتە(2,5 ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا) هەناردە نەکراوە، بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەر بە بابەتەکە وا لێرەدا باسێک لەو لوولە نەوتانە دەکەین کە لە کەرکوکەوە بەرەو سوریا دەچوون.

## گرفتەکە
## تەنها بۆریی ڕاکێشان نییە

لەکۆتایی ساڵی 1934دا توانرا دوو لوولەی 12 ئینجی لەکەرکوکەوە ڕووەو حەیفا لەفەلەستینو تەرابلوس لە لوبنان ڕابکێشرێ، هەردوو هێڵەکیش بەرەسمی لەکانوونی دووەمی ساڵی 1935دا لەلایەن مەلیک غازییەوە کرانەوە، هێڵەکەی کەرکوک - حەیفا درێژییەکەی هەزارو 10 کیلۆمەتر بوو، هەرچی هێڵەکەی کەرکوک - تەرابلوسە 860 کیلۆمەتر بوو، سەرجەم ووزەی بەرهەمهێنانی نەوت لەوکاتەدا 84 هەزارو 200 بەرمیل بوو لەڕۆژێکدا، بێگومان ڕاکێشانی ئەم دووبۆرییە زۆر سەخت بوو، چونکە کارەکە تەنها بۆری ڕاکێشان نییە بەڵکو دەبوایە لەچەند شوێنێکدا وێستگەی پاڵنان (محطة الضخ)یش بنیات بنرێ بۆ پاڵنانی نەوتەکە، لەو پرۆسەیەدا بەهەزاران ئەندازیارو کرێکاری شارو شارۆچکەکانی ئەو ناوچانە بەشدارییان تێدا کردو لەنێو تەپو توزی بیاباندا کاریان دەکرد.

هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی



* هێڵێکی نەوتی عێراق- سوریا

لەساڵی 1939-1945 ئاستەنگێکی گەورەی خستە بەردەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتو لە کۆی 52 بیری نەوت تەنها چواریان بەکارکردویی مانەوە.

## ڕووداوە سیاسییەکان ڕێگربوون

ساڵ لەدوای ساڵ داواو پێویستی جیهان بۆ نەوت ڕوو لەزیادبوون بوو، ئەمەش پاڵی بەکۆمپانیای نەوتی عێراق(IPC)ەوە نا بیر لەڕاکێشانی دوو لوولەی تری 16 ئینج بکاتەوە، شانبەشانی دوو هێڵەکەی پێشوو ڕووەو هەریەک لەحەیفاو تەرابلوس، بەڵام ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی 1948ی فەلەستینو شەڕی عەرەب - ئیسرائیل بووە هۆی پەکخستنی ئەو پرۆژە نوێیەو تەنانەت وەستانی هەتاهەتایی ناردنەدەرەوەی نەوت لەڕێگەی حەیفاوە، ئەوەی مایەوە تەنها ڕێگەی تەرابلوس بوو کە دواجار هێڵە 16 ئینجییەکەش تەواو بوو، بەرهەمی ڕۆژانەی نەوت گەیشتە 250 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

پاش بەیەکجارەکی پەککەوتنی هێڵی حەیفا کۆمپانیای نەوتی عێراق بڕیاریدا هێڵی 30 ئینجی (کەرکوک - بانیاس) ڕابکێشێ کەدرێژییەکەی 705کیلۆمەتر دەبوو، بەتەواوبوونی ئەو هێڵە لەساڵی 1952 دەستکرا بەناردنەدەرەوەی نەوت بۆ سەر بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بڕەکەی زیادی دەکرد تاساڵی 1956 کەبۆ ماوەی چەند مانگێک ڕاگیرا لەئەنجامی شەڕی نێوان میسرو ئیسرائیل، بەڵام لەساڵی 1957 سەر لەنوێ دەستی بەکارکردەوە، هەر لەهەمان ساڵدا دەستکرا بەڕاکێشانی هێڵی تر بۆ تەرابلوسو بانیاس تا لەساڵی 1961 بۆرییەکی 32 ئینجی خرایە کار.

## تۆڕی ناردنە دەرەوەی نەوت

خاڵێکی زۆر گرنگ لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەویش ئەوەیە ناردنە دەرەوەی نەوت لەعێراقدا کرابووە تۆڕێک Network، چەندین هێڵی ناردنی نەوت هەبوو هەموو پێکەوە بەسترابوون، واتە ناردنە دەرەوەی نەوت لەکەرکوکو بەسرەوە بەیەکەوە بەسترابوو، لەکەرکوکەوە نەوت بەرەو سوریاو تورکیا دەچوو، لەبەسرەشەوە بەرەو کەنداوی عەرەبی. هێڵێک لەبەسرەوە ڕاکێشرابوو بۆ K3 کە نەوتی کەرکوکیشی پێدا تێپەڕدەبوو، بەم جۆرە هەر کاتێک نەوتی کەرکوک پەکی بکەوتایە لە بەسرەوە نەوت ڕەوانەی سوریا یان تورکیا دەکرا، بەپێچەوانەوە ئەگەر بەسرە پەکی بکەوتایە لەکەرکوکەوە نەوت ڕەوانە دەکرا، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی لەبەرئەوەی K3 بۆردومان کراو بوو بەبنکەیەکی سەربازی ئەمریکا ئیتر نەوتی کەرکوکو بەسرە پەیوەندیان پێکەوە نەما.

ناردنەدەرەوەی نەوتی کەرکوک لەم ڕێگەیەوە بەمەبەستی بازرگانی تاساڵی 1983 بەردەوام بوو، لەو ساڵەدا حکومەتی سوریا لەبەرئەوەی هاوپەیمانی ئێران بوو لەشەڕی دژی عێراق، بۆ زیاتر گوشار خستنەسەر حکومەتی عێراق ڕۆیشتنی نەوتی لەم لوولانەوە ڕاگرت.

## پرۆژەکەی نۆژەنکردنەوەکەش سەری نەگرت

بارودۆخەکە بەو شێوەیە مایەوە تاساڵی 2001 کە پەیوەندی نێوان سوریاو عێراق ئاسایی بووەوە ئەوسا بۆ ماوەیەکی کورت ئەو لوولە نەوتانەیان سەر لەنوێ ئیش پێکردەوە، بەڵام بەتواناییەکی زۆر کەمەوە، چونکە پاش ئەوماوە زۆرەی وەستان لوولەکان تووشی داڕزان بووبوون و کۆن بوون.

پاش نیسانی 2003و ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەندێ هەوڵ دراوە بۆ زیندوکردنەوەی لوولە نەوتییەکانی نێوان کەرکوک - حەیفا ئەوەبوو (محمد ئاشتیە) وەزیری ئەشغالی گشتی فەلەستینی ڕۆژی 21ی ئەیلولی 2005 لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند: دەسەڵاتدارانی فەلەستینی سەرقاڵی تاوتوێکردنی پرۆژەی بەستنەوەی کەرکوکن بەکەرتی غەززەی فەلەستینییەوە لەڕێگەی لوولە نەوتییەکانەوە واتە زیندووکردنەوەی پرۆژە کۆنەکەی ساڵانی سییەکان کە لەو ڕێگەیەوە نەوت لە کەرکوکەوە ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرا. بەڵام ئەم هەوڵە هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بەدوادا نەهات.

لە دوای پرۆسەی ئازادیشەوە وەزارەتی نەوتی عێراق ویستی لەڕێگەی کۆمپانیایەکی ڕووسییەوە هێڵەکە نۆژەن بکاتەوە، بەڵام تاوەکو ئەم ساتە ئەو پڕۆژەیە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

lekolinawa10@yahoo.com

کوردستانی نوێ ژمارە ٤٦٤٧ لە ٢٠٠٨/٨/١١

No: 4647 Monday 11/8/2008
ساڵی حەقدەهەم-ژمارە (٤٦٤٧) دووشەممە ٢٠٠٨/٨/١١

# با زانستییانە کێڵگەی نەوتی کۆرمۆر بەکاربهێنین

■ فەرهاد هەمزە محەمەد*

کێڵگەی کۆرمۆر دەکەوێتە سنووری ناحیەی قادر کەرەمەوە (٣٥)کم لەباشووری رۆژهەلاتی کەرکوکەوەیە، هاوتەریبە لەگەل کێلگەی جەمبور بەدووری (١٤)کم.

ئەم کێلگەیە (٣٣)کم درێژەو (٤)کم پانە. یەکێکیشە لەو کێلگانەی لەبیستەکانی سەدەی رابردووەوە دۆزراوەتەوە. لەساڵی (١٩٢٦) جیۆلۆجییەکانی کۆمپانیای (IPC) بۆ یەکەمجار باسیان لێوەکردووە. لەساڵی (١٩٢٨) بیری ژمارە (١) KM-I تاقوولایی (١٩٩٠)م هەڵکەندرا، بەلام بەهۆی بوونی غازەوە هەندێ ئاستەنگییان هاتەرێ. لەساڵی (١٩٥٢) جارێکیتر گەرانەوە سەر هەمان کێلگەو بیری ژمارە ٢ (KM-٢) یان و تاقوولایی (١٦٢٤)م هەلکەندو لەیەکێك لەچین (Formation)ەکان غازیان دۆزییەوە.

لەساڵی (١٩٨٠) بیری ژمارە ٣ (KM-٣) یان تاقوولایی (٢٩٦٥)م بردو غازیان لەسێ چین (Formation) دۆزییەوە.

لەساڵی (١٩٨٩) بەپێی پلانی وەزارەتی نەوتی عیراق پێنج بیری تر هەلکەندراو ژمارەیان گەیشتە هەشت بیر، ناوی کێلگەکەشیان نا (انفال) بەهۆی ئەوەی کێڵگەکە کەوتووەتە ناوجەرگەی ئەو ناوچانەی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی تێدا ئەنجامدرا.

ئەوەی لەتوێژینەوەی وەزارەتی نەوتی عیراق هاتووە، ئەستوراییی ستوونی غازی (Gas colume) ئەو کێلگەیە خۆی لە (٦٠٠)مەتر دەدات.

کاتێك دەڵێین کێڵگەی کۆرمۆر کێڵگەیەکی غازییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەنەوتی تێدانییە، چونکە لەعیراقدا جگە لەبیابانی رۆژئاوا هیچ کێڵگەیەکی هایدرۆکاربۆنی نەدۆزراوەتەوە کە (Free Gas) بێت، بەڵکو هەمیشە نەوتی تێدابووە.

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە ئەم بیرانە کەوتنە ژێر قەلەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. پاش توندبوونی قەیرانی کارەبا لەهەرێم، حکومەت بیری لەوەکردەوە ئەم کێڵگە غازییە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا بخاتەگەر، ئەوەبوو لەگەل کۆمپانیای (دانا غاز)دا دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبایان لەچەمچەمال و پیرداود (هەولێر) دامەزراند، ئێستاش وا لەقۆناغی راکێشانی لوولەی غازن بۆ ئەم دوو وێستگەیە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەکیمانە بیڵێین ئەوەیە، ئەگەر ئەم کێڵگە هایدرۆکاربۆنییە تەنها بۆ بەرهەمهێنانی غاز بەکاربهێنری، ئەوا زیانێکی گەورە بەگەنجینەی نەوت لەکوردستاندا دەگەیەنرێت، چونکە ئەگەر تەنها غازەکەی لێدەربهێنرێ، ئەوا بۆ ئایندە ناتوانرێ سوود لەو نەوتەی لەناویدایە وەربگیرێت، چونکە بەنەمانی غازەکە هیچ پالەپەستۆ (Pressure)یەك لەئارادا نامێنێ تا نەوتەکە سەرخاتە سەرەوە، بۆیە چاکتروایە شانبەشانی بەکارهێنانی ئەو غازە چەند بیرە نەوتێکیش هەڵبکەنرێ تا غازو نەوت بەتەنیشت یەکەوە بەرهەمبهێنرێ و سوودیان لێببینرێ، پێچەوانەی ئەمە کارێکی نازانستییانەیەو زیان بەکێلگەکە دەگەیەنێت.

*ئەندازیاری جیۆلۆجی-کەرکوك.
Fhm_k2003@yahoo.com

### سیناریۆکان دووبارە دەبنەوە

# ڕێککەوتنە نەوتییەکەی هەرێمو بەغدا کاتییە یان هەمیشەیی؟

فەرهاد حەمزە محەمەد*



بەبێ یاسای نەوتو غاز، کێشەی هەرێمو ناوەند بێ چارەن

وەک ئەوەی هەموو لایەک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بیستمان کە حکومەتی هەرێمو بەغدا لەسەر کێشەی پارەی کۆمپانیاکان ڕێککەوتوون، لەسەر ئەوەی بەغدا پارەی ئەو کۆمپانیایانە خەرج بکاتو حکومەتی هەرێمیش ڕۆژانە ١٤٠ هەزار بەرمیل نەوت لەکێڵگەکانی خۆیەوە هەناردە بکات، لەساڵی داهاتووشدا ئەو بڕە بگەیەنێتە ٢٠٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا.

### ڕێککەوتننامەکە بێ کەموکوڕی نییە

ئەگەر تاوێک لەو ڕێککەوتنە ورد ببینەوە دەبینین لەگەرمەی کێشەی نێوان هەرێمو بەغدا لەسەر پێکهێنانی فەرماندەیی دیجلە کە ئەوەندەی نەمابوو تۆخەکە بتەقێتەوە ئەو ڕێککەوتننامەیە لەدایک بوو، ئەمە خۆی لەخۆیدا مایەی تێڕامانە. زۆر شتی گرنگ هەبوو کە ڕێککەوتنەکە هیچ لایەکی لێنەکردۆتەوە کە گرنگترینیان گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان کە بەغدا هیچ کاتێک دانی پێدانەناوەو ئەم خاڵە لاوازەی ڕێککەوتنەکە سیفەتی دەڵمەیی بەسەریدا دەبڕێ. ئەوەتا هێشتا مەرەکەبی ڕێککەوتنەکە وشک نەبۆتەوە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم باس لەئەگەری هاتنی ١٢ کۆمپانیای تری بیانی بۆ کوردستان دەکات لەوانە کۆمپانیای شێل کە لەکۆمپانیا گەورەکانی بواری وزەیە لەجیهاندا، لەهەمان کاتدا حکومەتی ناوەند ئامادەنییە دان بەهیچ گرێبەستێکدا بنێت ئەگەر لەدەرەوەی پرسو ڕای ئەودا بێت.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا ئەم ڕێککەوتنە هەمیشەییە یان تەنیا دەرزییەکی سڕکەرەو بۆ ماوەیەکی کاتی کاریگەریی دەبێت؟.

ئەگەر تاوێک بگەڕێینە دواوە دەبینین جاری تریش ڕێککەوتن کراوەو شەهرستانی سەردانی هەولێری کردووەو پارەی کۆمپانیاکان دراوە، بەڵام دواجار دیسانەوە تێکچوونەتەوە.

ئەم ڕێککەوتنانەی ئەنجام دەدرێن هەموو کاتین، چونکە هیچ یاسایەک نییە لەوڵاتدا پڕۆسەی بەرهەم هێنانی نەوت ڕێکبخاتو بەڕێوەی ببات، تا ئەو کاتەی یاسای نەوتو غاز دەردەچێتو دەسەڵاتی هەرێمەکانو ناوەند دیاری دەکرێت، بارودۆخەکە هەر بەم چەشنە دەمێنێتەوە.

### دوو ڕەشنووس بۆ یاسای نەوتو غاز

سەبارەت بەیاسای نەوتو غاز دوو ڕەشنووس لەبەردەستدایە، ڕەشنووسی ساڵی ٢٠٠٧و ساڵی ٢٠١١، لەیەکەمیان دەسەڵاتی هەرێمەکان زیاترەو لەدووەمیان ئەو دەسەڵاتانە تەسک کراونەتەوە. لەم دوو ڕەشنووسەدا کامیان قبوڵ دەکرێت؟، لەڕەشنووسی یەکەمدا بەگەڕانەوە بۆ ماددەی ١٠٩ی دەستوور دەسەڵاتێکی فراوان بەهەرێمەکان دراوەو مافی گرێبەستو بەرهەم هێنانیان هەیە کە ئەمەش لای بەشێک لەکاربەدەستانی ناوەند پارووەکی قورسەو بەئاسانی قووت نادرێت. هەرچی گرێبەستی دووەمە لەئەنجومەنی وەزیرانی بەبێ ئامادەبوونی وەزیرە کوردەکان تێپەڕێنراوەو دەسەڵاتی ناوەند زیاد لەپێویستە.

لەمیانی مامەڵەی چەندین ساڵەی نێوان هەرێمو بەغدا دەردەکەوێت کە هۆی دەرنەچوونی یاسای نەوتو غاز، زاڵبوونی گیانی سەنترالیزمە بەسەر گیانی دیموکراتیو فیدراڵیو قبوڵکردنی بەرامبەرو یەکسانی. ئەگەر حکومەتی ناوەند لەناخەوە بڕوای بەیەکسانی هەموو شارەکانی عیراق هەبێتو جیاوازی لەنێوان بەسرەو سلێمانیو نەجەفو هەولێرو کەرکوک نەکرێت، بڕوای بەوە هەبێت کە کوردیش مافی ئەوەی هەیە نەوت لەخاکەکەی بەرهەم بهێنێو لەپیشەسازی نەوتدا پێشکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەو کاتە دەکرێت نەرمییەک لەئاست ماددەی ١٠٩ی دەستووردا بنوێنرێو بەم چەشنەی لێبێت (لیژنەیەکی پسپۆڕ لەحکومەتی فیدراڵ کە کوردیش تیایدا ئەندامێکی باڵابێت کارەکانیان لەدارشتنی سیاسەتو نەخشەکێشانی پیشەسازییەکانی نەوتو غاز چڕبکەنەوە، هەرێمو پارێزگا نەوتییەکانیش جێبەجێکاری ئەو سیاسەتەبنو ئیشپێکردنی دامەزراوە نەوتیو غازییەکان بگرنە ئەستۆ کە بەیاسا ڕێکخرابێت).

تا ئەو ڕۆژەی بڕوا بەیەکسانیو دیموکراتی لەئارادا نەبێت، تا ئەو کاتەی لەکەمیندا بین بۆ یەکتر، ئەم سیناریۆیانە بەیناو بەینێک دووبارە دەبنەوە.

> تا ئەو کاتەی یاسای نەوتو غاز دەردەچێتو دەسەڵاتی هەرێمەکانو ناوەند دیاری دەکرێت، بارودۆخەکە هەر بەم چەشنە دەمێنێتەوە

*شارەزا لەبواری نەوتدا

# ٤٣٠ پێکهاتەی جیۆلۆجی لەعیراق بەدەست لێنەدراوی ماوەتەوە



فەرهاد حەمزە محەمەد*

بەدرێژایی کەمتر لەسەدەیەک لەپرۆسەی گەڕان‌و هەڵکەندنی بیری نەوتدا لەلایەن کۆمپانیا بیانی‌و عیراقییەکانەوە، سەلمێنراوە کە ٥١٠ پێکهاتەی جیۆلۆجی لەوڵاتدا هەیە. ئەو دەیان ساڵەی کارکردن لەبواری نەوتدا تەنیا کار لە ٧٨ پێکهاتەی جیۆلۆجیدا کراوە، لەو ژمارەیەش ٥٢ کێڵگەیان چەند بیرێکی کەمی تێدا لێدراوەو پاشان وازیان لێهێنراوە، بۆیە تەنیا بەکێڵگەی دۆزراوە هەژماردەکرێن، ئەوەی ماوەتەوە ٢٦ کێڵگەیە ئەوانەش کێڵگەی گەشەپێدراون (حقول مطورە)و ژمارەیەکی زۆر بیریان تێدا لێدراوەو رۆژانە بەرهەمیان هەیە، لەوانە کێڵگەکانی کەرکوکو بای حەسەن‌و رومێلە کە تاپێش داگیرکردنی کوێت هەموویان لەکاردا بوون، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی تەنیا ١٥ کێڵگەیان لەکاردا ماونەتەوەو نەوت بەرهەم دەهێنن.

**زیادکردنی بەرهەمی کێڵگەکان**

ئێستا لەعیراقدا نزیکەی ٤٣٠ پێکهاتەی جیۆلۆجی بەدەست لێنەدراوی ماونەتەوەو هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەیانەوە نییەو زۆربەشیان دەکەونە باشوورو ناوەراستی عیراقەوە، بەتایبەت شاری بەسرە.

ئەوەی لەیەدەکی سەلمێنراوی نەوتی عیراقدا زانراوە کە بڕەکەی ١٤٣ ملیار بەرمیلە، بەڵام بەپێی (رووپێوی سایسمک) seismic survey) یەدەکی نەوتی خەمڵێنراوی عیراق لەسەرووی ٣٠٠ ملیار بەرمیلەوەیە.

لەدوای ئەو شکستە گەورانەی بەهۆی شەڕە یەک لەدوا یەکەکانەوە بەسەر پرۆسەی نەوتدا هات، وەزارەتی نەوتی عیراق دەیەوێت لەرێگەی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانەوە بڕی بەرهەم هێنان لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا بۆ ١٢ ملیار بەرمیل لەرۆژێکدا بەرزبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش تائێستا سێ خولی مۆڵەت پێدانی ئاشکراکردووە، تیایدا چەندین کێڵگەی نەوت‌و غاز دراونەتە دەست ئەو کۆمپانیایانەوە تا کاری تیادا بکەن‌و بەرهەمەکانی بەرز بکەنەوە.

**خولی چوارەمی مۆڵەتپێدانەکان**

بڕیارە لەمساڵدا خولی چوارەمی مۆڵەت پێدان ئاشکرا بکرێت کە زۆر جیاوازە لەخولەکانی پێشوو، جیاوازییەکەش ئەوەیە ئەو شوێنانەی لەم خولەدا بەکۆمپانیا بیانییەکان دەسپێردرێت هێشتا بەتەواوەتی نەدۆزراونەتەوەو دڵنیاش نین کە چی لەقوڵایی زەویەکاندا هەیەو ئەوەی لەسەریان زانراوە تەنیا لەچوارچێوەی مەزەندەکردنە.

لەم خولەدا ١٢ بلۆک زەوی کە دەکەوێتە پارێزگاکانی بابل، موسەنا، دیالە، واست، موسڵ، ئەنبار، نەجەف، دیوانیە، بەسرەو ناسریە دەخرێنە بەردەم کەمکردنەوەو گومانیش دەکرێت لەحەوت بلۆکی ئەو زەویانەدا غازی تێدابێت‌و پێنجەکەی تریش نەوت لەخۆبگرێت.

**بلۆکە غازیەکان**


١- دەکەوێتە پارێزگای موسڵ‌و رووبەرەکەی حەوت هەزارو ٣٠٠ کیلۆمەتر دووجایە.

٢- هەردوو پارێزگای موسڵ‌و ئەنبار تیایدا هاوبەشن‌و رووبەرەکەی هەشت هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

٣- دەکەوێتە پارێزگای ئەنبارەوە رووبەرەکەی حەوت هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

٤- دەکەوێتە نێوان هەردوو پارێزگای نەجەف‌و ئەنبارەوەو رووبەرەکەی نۆ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

٥- لەنێوان هەردوو پارێزگای دیالەو واستەو رووبەرەکەی شەش هەزار کیلۆمەتر دووجایە.



بیری نەوت‌و غازی نوێ لەعیراق دەدۆزرێتەوە

**بلۆکە نەوتییەکان**

١- دەکەوێتە خاکی پارێزگاکانی قادسیەو بابل‌و نەجەف‌و موسەناو رووبەرەکەی شەش هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

٢- دەکەوێتە پارێزگای بەسرەوە رووبەرەکەی نۆ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

٣- دەکەوێتە چوارچێوەی هەردوو پارێزگای موسەناو ناسریەوەو رووبەرەکەی پێنج هەزارو ٥٠٠ کیلۆمەتر دووجایە.

٤- لەسنووری پارێزگای نەجەف‌و موسەنایەو رووبەرەکەی هەشت هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

٥- بەهەمان شێوە دەکەوێتە هەردوو پارێزگای نەجەف‌و موسەناوەو رووبەرەکەی هەشت هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

یەکێک لەتایبەتمەندی گرێبەستەکانی وەزارەتی نەوتی عیراق ئەوەیە کە قازانجێکی کەم بۆ کۆمپانیا بیانییەکان دەهێڵێتەوە. ئامانج لەم خولەش بەرزکردنەوەی رادەی بەرهەمهێنانی نەوتە لەگەڵ زیادکردنی یەدەکی چەسپاوی نەوتی عیراق.

*شارەزا لەبواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٧٧) لە ٢٠١٢/٩/١٢

# ناردنە دەرەوەی غازی كوردستان بەشداریكردنە لەگەمەیەكی ستراتیژییدا

■ فەرهاد هەمزە محەمەد

غازی سروشتی هەروەكو نەوت ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر لەرێگەی زۆر وردە بەقایەكی ژووەكی دروست بووە كەدوای مردنیان كەڵەكە بوونەتەوە چوونەتە ناخی زەوییەوە، دواتر بەهۆی گەرمی و پەستانەوە tempretuer and pressure) ئەم مادە ئۆرگانییانە گۆڕاون بۆ غازی سروشتی، غازی سروشتی لە قوڵایی زیاتر لە ٦ هەزار مەترو لەژێر پلەی گەرمی زیاتر لە ١٥٠ پلەی سەدی دروست بووە، غاز لەسروشتدا بە دوو جۆر هەیە یان لەوەدا لەسەرووی ئاستی نەوتەوە چینێكی پێك هێناوەو پێی دەوترێ ( الغاز المصاحب) (associated Gas) یان لەوەدا بەتەنها هەیەو پێی دەوترێت (free Gas) لەعێراقدا تائێستا تێبینی ئەوەی كراوە هەیە لەچەشنی یەكەمە واتە كێڵگە نەوتییەكان نەوت و غازیان پێكەوە تێدایە، تەنها كێڵگەی (عەكاس) لە رۆژئاوای عێراق نەبێت كەمەزەندە دەكرێت تەنها غازی تێدابێت.

ئەو كێڵگانەی لەباكووری عێراق غازی سروشتیان تێدا هەیە ئەمانەن:

-١كێڵگەی عەجیل (تكریت).

-٢كێڵگەی مەنسوریە (دیالی).

-٣كێڵگەی (جەمبور) (باشووری كەركوك).

-٤كێڵگەی كۆرمۆر (رۆژهەڵاتی كەركوك نزیك ناحیەی قادر كەرەم).

-٥كێڵگەی چەمچەماڵ.

كێڵگەی چوارەم و پێنجەم لەساڵانی پەنجاكانەوە ئینگلیزەكان بیریان لێهەڵكەندووەو دەركیان بەبوونی غاز كردووە تێیدا، بەڵام هیچ بەرهەمیان لێوەبەرنەهێناوە، سەبارەت بەكێڵگەی چەمچەماڵ تەنها دوو بیری تێدا هەڵكەنراوە دوای ئەوە نەوتیان تێدا بەدی نەكردو تەنها غازی لێ دەرچووە تیتر وازیان لێهێناو تائێستاشی لەگەڵدا بێت كەس نەچووە بەلایدا.

بەڵام كێڵگەی كۆرمۆر لەساڵانی هەشتاكاندا كۆمپانیای نەوتی باكوور ژمارەیەك بیری تری تێداهەڵكەندو گەیشتە ٩ بیر، ئەوەی لەم كێڵگەیە بەدیكرا ئەو غازە سروشتییە زۆرەیە كەتێیدایە، بەرای جیۆلۆجییەكان ئەو دوو كێڵگەیە ٣,٦ تریلیۆن مەتر سێ جا غازی تێدایە.

غازی سروشتی هەروەكو نەوت لەپێویستییە سەرەكییەكانی ژیانی رۆژانەیەو رۆژ لەدوای رۆژ خواست لەسەری زیاتر دەبێت، روسیا بەیەكەم وڵاتی جیهانی دادەنرێت لەبەرهەمهێنانی غازی سروشتیدا، ئێران بەپلەی دووەم، قەتەر بەپلەی سێیەم دێت.

روسیا ساڵانێكی زۆرە بەدوو هێل غازی سروشتی رەوانەی ئەوروپا دەكات یەكەمیان هێلی باكورە كە بەژێر دەریای بەڵتیقدا تێپەر دەبێت تادەگاتە ئەڵمانیا.

دووەمیان هێلی شین كەغاز لیوەی رەوانەی توركیاو وڵاتانی خورئاوای ئەوروپا دەكات.

ئێستاش بەنیازە هێلی سێیەم رابكێشی بەناوی south stream كە لەكۆتایی ساڵی ٢٠١٥ كۆتایی دێت، ئەم هێڵە بەژێر دەریای رەشدا تێپەر دەبێت و غاز دەگەیەنێتە ژمارەیەكی تری وڵاتانی ئەوروپا، لەتوانایدایە رۆژانە ٣١-٦٣ ملیار مەتر سێ غازی سروشتی رەوانە بكات.

بێگومان روسیا بەتەواوكردن و كەوتنە كاری ئەم پرۆژەیە دەبێتە هێزێكی ئابووری گەورە لەجیهانداو كاریگەریی خۆی دەبێت و زیاتر لەوڵاتانی ئەوروپا نزیك دەبێتەوەو حیسابی بۆ دەكرێت.

وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەحوكمی ئەوەی بەدرێژایی مێژوو رقەبەرێكی گەورەی یەكێتی سۆڤیەتی جاران و روسیای ئێستایە لەهەوڵی بەردەوام دایە بۆ سنوورداركردنی ئەو توانایەی روسیا، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك كۆمپانیای هانداوە تاهێلێكی تری ناردنە دەرەوەی غازی سروشتی رابكێشی بەناوی هێلی (نابۆكۆ) تاببێتە موونافسی گەورەی هێڵە روسییەكەو لەكاریگەرییەكەی كەم بكاتەوە.

هێلی (نابۆكۆ) بری ٨ملیار دۆلاری تێدەچێت هەریەك لەكۆمپانیاكانی (O.M)ی نەمساوی و (O.M.L)ی هەنگاری و هەردوو كۆمپانیای هیلال و دانا غازی ئیماراتی بەشداری تێدا دەكەن.


بریاروایە نەخشەی ئەم هێڵە بەخاكی توركیا تێپەربێت و بەژێر دەریای قەزویندا غازی سروشتی بگەیەنێتە ئەوروپا، ئەو وڵاتانەش كەبەشداری ناردنە دەرەوەی غازی تێدا دەكەن وڵاتانی ئاسیای ناوەراست و هەرێمی كوردستانی عێراقن.

دوا وادەش بۆ تەواوبوونی ئەم هێڵە ساڵی (٢٠١١) یە، لەم پرۆژە نوێیە هەرێمی كوردستان رۆژان بە ٣ملیار مەتر سێ جار لەغازی سروشتی بەشدار دەكات و رەوانەی ئەوروپا دەكرێت.

حكومەتی عێراق لەزاری وەزیری نەوتەوە ئەم بیرۆكەیەی رەت كردەوەو قبوڵیان نییە بەبێ راوێژ لەگەڵ بەغدا هیچ هەنگاوێك بنرێت، لەولاشەوە روسەكان لەرێگەی لێپرسراوەكانەوە بێخەمی خۆیان لەم پرۆژەیە دەربڕیوە ئەوەتا ئەلكسەندەر سولتانۆف جێگری وەزیری دەرەوە دەڵێت ناردنە دەرەوەی غازی هەرێمی كوردستانی عێراق لەرێگەی هێلی (نابۆكۆ)وە لە بایەخی ناردنە دەرەوەی غازی روسیا بۆ ئەوروپا لەداهاتوودا كەم ناكاتەوە.

هەر بەگوێرەی راوبۆچوونی بەرپرسانی رووس پرۆژەی south stream پێش پرۆژەی (نابۆكۆ) كۆتایی دێت.

لە كۆتاییدا ئەوەندە ماوە بڵێین ئەم پرۆژەیە ناتوانێت ئامانجی سەرەكی خۆی بپێكی بەپەكخستنی رۆڵی روسیا چونكە پرۆژەكە ناتوانێت ئەوبرە غازە پێویستە بۆ ئەوروپا دابین بكات و متمانەیان لەسەر روسیا نەمێنێت، كاتێك پرۆژەكە سەركەوتوو ئەبێت ئێرانیش بێتە كایەكەوەو بەشداری بكات لەناردنە دەرەوەی غازی سروشتی كەئەمەشیان بەلای ئەمریكییەكانەوە پەسەند نیە.



كێڵگەیەكی دەرهێنانی غاز

كوردستانی نوێ ژمارە ٤٨٩١ لە ٢٠٠٩/٦/٨

# سوودوەرگرتن لەغازی سروشتیی سووتێنراو

فەرهاد حەمزە محەمەد*

رۆژانــە ملیۆنان بەرمیل نــەوت بەرهــەم دەهێنرێتو شانبەشانی ئەم نەوتەش بڕێکی غازی شراوەی تێدایە کەپێی دەڵێن (الغاز المصاحب associated gas) ئەم غازە لەعیراقدا بڕەکەی ئەوەندە زۆرە کە سوود لە بەشێکی کەمی وەردەگیرێتو بەشە زۆرەکەی دەسوتێنرێت. ئەم بڕە لە کۆمپانیای نەوتی باکووردا بە ١٥٠ ملیۆن پێ سێجار لە کۆمپانیای نەوتی باشوور بە ٧٠٠ ملیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکرێت.

ئەم غازەی دەسوتێنرێت بەفیرۆدانێکی گەورەی سامانی وڵات دەژمێردرێتو دەکرێت بە سوودوەرگرتن لەم غازە کارەبای سەرانسەری عیراق دابین بکرێتو تەنانەت لێشی بفرۆشرێت، هەروەها هەرچی کارگە هەیە پێی بخرێتە کارو غازی ماڵان بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لەئێستا دەستەبەر بکرێت دەشتوانرێ بە بۆری رابکێشرێت بۆ ماڵان.

### دەرفەت نەرەخسا

حکومەتی پێشووی عیراق لــەدوای جەنگی کوێتەوە بەهۆی ئابلۆقەی ئابوورییەوە دەرفەتی بۆ نەڕەخسا ئــەم کــارە تــەواو بکــاتو بە نیوەناچڵی مایەوە.

دوای پرۆسەی ئازادی پرۆژەکە دستپێکردەوە لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە وەزارەتــی نەوتی عیراق توانی بیرێک لــەم غــازە سووتێنراوە بکاتەوەو بگاتە رێگەچارەیەک ئەوەبوو هەردوو کۆمپانیای شێڵو میسیۆبیشی بانگهێشت کردو گرێبەستی لەگەڵ بەستن بۆ ئــەوەی چیتر نەهێڵرێ ئــەو غــازەی لە کۆمپانیای نەوتی باشوور بەرهەم دەهێنرێ بسوتێتو بەفیرۆ بچێت، بەڵکو بەکاربهێنرێ بۆ دابینکردنی بەشێک لە پێداویستییەکانی ناوخۆی عیراق ئەوەی دەشمێنێتەوە هەناردەی دەرەوە بکرێو بفرۆشرێت بەجۆرێک قازانجەکەی ٥١٪ی بۆ حکومەتی عیراق ٤٩٪ش بۆ هەردوو کۆمپانیا بیانییەکە دەبێت. ئەم هەنگاوە کارێکی چاکە، بــەڵام غــازە سوتاوەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور ناگرێتەوە.

### سوودوەرگرتن لە غازی بەرهەمهێنراو

ئەگەر تاوێک بگەڕێینە دواوە بۆ ساڵانی حــەفتاکانی ســەدەی رابــردوو دەبینین حکومەتی عیراق لەوکاتەدا لە بواری رێگرتن لە بەفیرۆچوونی غازدا زۆر چووبووە پێشەوە، بەڵام جەنگە یەک لە دوای یەکەکان گەورەترین کۆسپی خستە رێگەیو هەموو نەخشەکانی هەڵوەشاندەوە.

لە ناوەڕاستی حەفتاکانی ســەدەی رابــردودا قۆناغی یەکەمی کۆکردنەوەی غازی باشوری عیراق ئەنجامدرا کە دواتر دەنێردرا بۆ کارگەی بەرهەمهێنانی غازی شل لە قەزای (زوبێر)، پاشان گەیاندنی لە رێگەی بۆرییەوە بۆ بەگەڕخستنی چەند پڕۆژەیەکی پیشەسازیی وەک پترۆکیمیاویو کاغەزو پەیینو ئاسنو چەندین پــرۆژەی تر، ئەمە وێــڕای کارپێکردنی چەند ویستگەیەکی کارەبا لە (نەجیبیەو ناسریە). هەروەها راکێشانی لولەیەکی گواستنەوەی غاز لە رومێلەوە بۆ حەدیسە شانبەشانی هێڵی ستراتیجی.

### سێ پڕۆژەی زەبەلاح

لە ساڵی ١٩٧٩شدا دەستکرا بەجێبەجێکردنی سێ پــرۆژەی زەبــەلاح، ئەویش دامەزراندنی پاڵاوگەکانی باکوورو کۆمپانیای غازی باکوورو کۆمپانیای غازی باشوور. هەموو ئەم پرشۆژانە رۆڵیکی باڵایان گێڕا لە رێگرتن لە سوتاندنی غاز.

سەرەڕای شەڕی هەشت ساڵەی عیراق-ئێران هەموو ئەم پڕۆژانە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بەتەواوی جێبەجێکران. هەموو وێستگەکانی کەبسکردنی غاز نوێکرانەوە، لە کەرکوک ١٢ وێستگەی کەبسکردنی غاز دامەزرا. لە ئەنجامی ئەم چاکسازییەی ئەنجامدرا توانرا ئەو غازەی لە بەرهەمهێنانی سێ ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا پەیدا دەبوو پاک بکرێتەوەو کەبس بکرێ. ئەوەی لە پێویستی ناوخۆی وڵات زیاد دەبوو لە چەند تانکیەکی گەورەدا لە (خۆر زوبێر) لەباشوری عیراق کۆدەکرانەوە تا ئامادە بکرێن بۆ هەناردەکردن. تێچووی ئەم پڕۆژانە لەوکاتەدا دوو ملیار دۆلار بوو کە لە توانایدا بوو ساڵانە ٤,٤ ملیۆن تۆن غازی پرۆپانو بیوتانو گازۆلینی سروشتی هەناردە بکات.

### شەڕی کەنداو پڕۆژەکەی پەکخست

پڕۆژەکە لە تەمموزی ١٩٩٠ گەیشتە دوا قۆناغیو کۆتایی هات بە جۆرێک غازی عیراق ئامادەبوو بۆ هەناردەکردن. دواتر یەکەم کەشتی بیانی لە بەندەری (خۆر زوبیر) لەنگەری گرت بۆ بارکردنی ئەو غازەی لە تانکیەکاندا هەڵگیرابوون، بەڵام بەهۆی روداوی داگیرکردنی کوێتەوە لە دووی ئابی ١٩٩٠دا ئەو کەشتیە بەپەلە بەندەرەکەی بەجێهێشتو ئیتر هەناردەکردنی غاز لە عیراق دەنگو رەنگی نەما.

ئەم پڕۆژەیە لە توانایدا بوو ٩٥٪ی غازی بەرهەم هاتووی عیراق بە باکوورو باشورییەوە پاک بکاتەوەو نەهێڵێت بسووتێ، ئەمە وێڕای دروستکردنی تۆڕێکی گەورەی لوولەی غازیی کە بە هەزاران کیلۆمەتر مەزەندە دەکرێت کە دابەشی سەرانسەری عیراق ببوو بۆ گەیاندنی غاز بۆ وێستگەکانی کارەباو پڕۆژە پیشەسازییەکان کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کەموێنە بوو.

ئــەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە هەرچەندە بەعسییەکان بایەخێکی گەورەیان بە کەرتی نەوت دەدا، بەڵام ئامانجیان قایمکردنو توندوتۆڵ کردنی رژێمەکەیان بوو نەک خزمەتکردنی گەلی عیراق، داهاتی ئەو نەوتە زۆرەشی لەجەنگو مەرامەکانی خۆیدا خەرج دەکرد.

*شارەزا لە بواری نەوتدا

کوردستانی نوێ ژمارە(٥١١) لە ٢١/٦/٢٠١١

# هێنانی غاز لە ڕێگەی ئێرانەوە

فەرهاد هەمزە محەمەد*

لەمانگی ئایاری ڕابردوودا هەواڵێك سەرنجی ڕاکێشام ئەویش ئەوەیە کە وەزارەتی کارەبای عیراق ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ئێراندا ئیمزا کردووە بۆ هاوردەکردنی غازی سروشتی لەئێرانەوە بۆ ئیشپێکردنی جەنەرەیتەر (مولدە)ە کارەباییەکان. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ئێران بۆرییەکی غازی لەلای خۆیەوە تاکێلگەی غازی مەنسوریە لەپارێزگای دیالە درێژ دەکاتەوە لەوێشەوە بۆ وێستگەی کارەبای شاری سەدرو وێستگەیەکی تر. بەو پێیە ئێران ڕۆژانە 25 ملیۆن مەتر سێجا غاز بەنرخی جیهانی بۆ ماوەی 5 ساڵ ڕەوانەی عیراق دەکات بۆ بەرهەم هێنانی دوو هەزارو 500 مێگاوات کارەبا. بڕیاریشە لەماوەی 18 مانگدا کۆتایی بەو پرۆژەیە بێت.


ئەگەر چاوێك بەو پرۆژەیەدا بخشێنین هەست بەوە دەکەین کە پرۆژەکە زیاتر سیاسیە لەوەی ئابوری بێت چونکە عیراق خاوەنی غازێکی زۆرەو ڕۆژانە بە فیرۆ دەچێتو دەسوتێت، تەنها لەکێلگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکور ڕۆژانە 150 ملیۆن مەتر سێجا غاز دەسوتێتو ژینگە پیس دەکات واتە شەش بەقەد ئەو برە غازەی بڕیارە لەئێرانەوە هاوردە بکرێت. بۆچی بیر لەوە ناکرێتەوە چەند کۆمپانیایەکی بیانی بهێنرێتە عیراقەوە تا ئەو غازەی ڕۆژانە دەسوتێنرێت پاك بکرێتەوەو سوودی لێوەربگیرێتو لەبوارە جیاجیاکاندا بەکاربهێنرێت.

## وەزارەتی نەوت ئاوڕی لێ ناداتەوە

کۆمپانیای نەوتی باکور ڕۆژانە دوای دەرهێنانی نەوت ڕەوانەی وێستگەی جیاکردنەوەی غاز (degassing station) دەکرێ کە ژمارەیان 24 دانەیە لەسنووری کۆمپانیاکە پاشان ڕەوانەی وێستگەکانی کەبسکردن دەکرێنو ژمارەیان 12 ویستگەیە، لەوێشەوە ڕەوانەی کۆمپانیای غازی باکور دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی غازە جیاوازەکان (میسان و ئیسان بۆ بەگەرخستنی وێستگەکانی کارەباو کارگە گەورەکان، غازی پرۆپان بۆ ماڵان).

لەساڵانی هەشتاکاندا کە بەرهەمی نەوت سێ بەقەد ئێستابوو لەبەرئەوەی وێستگەکانی کەبسکردن نوێبوونو توانای کارکردنیان باشبوو غازێکی زۆر کەم دەسووتاو زۆربەی سوودی لێوەردەگیرا.

نازانرێ بۆچی وەزارەتی نەوتی عیراق ئاوڕێك لەکۆمپانیای نەوتی باکور ناداتەوە بۆ گۆڕینی ئەو تەکنیکە کۆنەی لەهەموو بوارەکاندا کاری پێدەکرێتو تەکنیکی سەردەم هاوردە بکرێت کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی زیاترو ئاوەدانبوونەوەی وڵات.


پرۆژەیەکی غازی ئێران

*ئەندازیاری جیۆلۆجی

# پێگەی غازی سروشتی لەسیاسەتی نێودەوڵەتییدا



فەرهاد
حەمزە محەمەد*

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگیی غازی سروشتی زیاتر دەردەکەوێتو گەورەترین هۆکار کە وای لەغازی سروشتی کردووە وەک کاڵایەکی جیهانی سەیر بکرێت بەرزبوونەوەی خواستە لەسەر وزەی کارەبا، پێشبینییەکان ئاماژە بەوەدەکەن لە٣٠ ساڵی داهاتوودا بەرهەمهێنانی کارەبا زیاتر پشت بەغازی سروشتی دەبەستێتو خواست لەسەر ئەم کاڵا ستراتیجییە زیاتر بەرزدەبێتەوە بەجۆرێک لەساڵی ٢٠٣٠ دەگاتە ٤,٨ تریلیۆن مەتر سێجا لەهەر ساڵێکدا، ئەوکاتە پێشبڕکێیەکی بەهێز دەکەوێتە نێوان بازارو کڕیارەوە. خەمی گەورەی وڵاتانی ئەورووپا زامنکردنی بەدەستهێنانی غازە، چونکە ڕۆژانە زۆر متمانەیان لەسەریەتی.

**تێچوونی زۆرە**

لەساڵانی ڕابردوودا زۆر لەچالاکییە بازرگانییەکان مۆرکێکی جیهانییان وەرگرتبوو، تەنها غازی سروشتی نەبێت، هەرچەندە ساڵانە بایی بڕی ٥٠٠ ملیار دۆلاری لێدەفرۆشرێ، یان دەکڕدرێت کەچی هێشتا لەچوارچێوەی بازرگانە لۆکاڵییەکان یان نیشتمانییەکان دەرنەچۆتە دەرەوە. پێکهێنانی بازاڕێکی جیهانی بۆ غاز پێویستی بە خواستێکی گەشەکردوو یەدەکێکی زۆرو تێچوونێکی گەورە هەیە، پێویستە لەسەر کۆمپانیا تایبەتەکان سەرمایەی پێویستو دەرامەتی مرۆیی گونجاوی بۆ تەرخان بکەن، هیچ پرۆژەیەکی گەورەی غاز ناتوانێت سەر هەڵبدات ئەگەر بارودۆخی لەبارو هاوسەنگی قازانجی نێوان لایەنەکان نەپارێزێت.

**ڕوسیاو ژاپۆن**

هەر پرۆژەیەکی هەناردەکردنی غاز بیەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا پێویستە بەرهەمهێنو ئەو وڵاتانەی لوولە غازییەکانی پێدا تێپەڕ دەبێت لەگەڵ وڵاتانی کڕیار پەیوەندی سیاسیان ئاسایی بێت، چونکە هەر ساردییەکی نێوانیان ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆژەکە دەبێتو بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ هەموو لایەکیان، وەک ئەوەی لەهێڵێکی هەناردەی غازی ڕوسیدا ڕوویداو ئۆکرانیا ڕۆیشتنی غازی بۆ ماوەیەک ڕاگرت. بۆ زیاتر چەسپاندنی پرەنسیپی جیۆسیاسی لەبازرگانیی غازدا دەتوانین ئاماژە بە پرۆژەی شلکردنەوەی غازی سروشتی (ساخالین) لەڕوسیا بکەین کە بڕی ١٠ ملیار دۆلاری تێچووەو بەو پێیە غاز لەڕوسیاوە هەناردەی ژاپۆن دەکرێت. ئەم پرۆژەیە گەورەترین پرۆژەی بیانییە لەسەر خاکی ڕوسیا، هەردوولا پابەندبوونی حکومەتەکانیان دەربڕیوە بۆ پتەوکردنی وەبەرهێنانو پاراستنی دۆستایەتی نێوانیان.


نموونەیەکی تر پرۆژەی کۆمپانیای (غاز برۆم)ی ڕوسیایە کەبەو پێیە لەم ساڵەوە ٤٥ ملیار مەتر سێجا لەغازی سروشتی تورکمانستان بە بۆری ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکات کە بەهەرێک لەتورکمانستانو ئۆزبەکستانو کازاخستانو ڕوسیاو ئۆکرانیادا تێپەڕ دەبێت. هەروەها هەریەک لەڕوسیاو بەریتانیا یاداشتێکی لێکگەشتنیان ئیمزاکردووە بۆ دامەزراندنی گواستنەوەی غاز بەژێر دەریای بەڵتیکدا.

**ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە سیاسییەکان**

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٣٥٪ی یەدەکی غازی جیهانی لەخۆگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی لەچاو یەدەکەکەیدا زۆر کەمە. کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستو قەوقاز ٣٤٪ی یەدەکی جیهانیان لەخۆگرتووە. ئەمریکای باکوورو ئەورووپا ١٠٪ی ئەو یەدەکەیان لەلایە. ناوچەی کەنداو خاوەنی ٤٥ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتییە، لەساڵی ١٩٩٦ کارگەیەکی گەورەی شلکردنەوەی غازی سروشتییان تێدا دامەزراندو زۆربەی بەرهەمەکانیان ڕەوانەی کۆمپانیای تۆکیۆ بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دەکەن، گرێبەستەکەی نێوانیان درێژخایەنەو دەبێتە مایەی زیاتر توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی ئابووری نێوانیان کە سەرئەنجام ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە سیاسیەکان دەبێت. شارەزایانی ئەورووپاش وای بەچاک دەزانن لەمەودوا غاز لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکڕن چونکە هەرزان تر لەسەریان دەکەوێت.

بەم چەشنە دەبینین لەداهاتوودا غازی سروشتی دەبێتە مایەی زیاتر لێکنزیکردنەوەی وڵاتانی کڕیارو فرۆشیار لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لوولە غازییەکانیان پێدا تێپەڕ دەبێت. هەرێمی کوردستانیش لەداهاتوویەکی نزیکدا دەکەوێتە ناو ئەم هاوکێشەیەوە، دوای تەواوبوونی پرۆژەی هێڵی غازی (نابۆکۆ).

*شارەزا لە بواری نەوتدا



پرۆژەیەکی غازی ڕوسی

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٣٩) لە ٢٠١٢/٧/٢٥

2012 / 5/1 کوردستانی نوێ - فۆتۆ: ڕۆیتەرز
ژمارە (٠٥٧٦٦)

# بەکارهێنانی غاز بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا

فەرهاد حەمزە محەمەد*

ساڵانێکی دوورو درێژە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا خەڵوزی بەردین بەکاردەهێنن، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە پێی هەندێ داتای ئەمریکی بەکارهێنانی غاز لەسەر حیسابی خەڵوز زۆر چووەتە پێشەوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەرزانیی غازو زۆریی بڕەکەی. لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە بڕی بەکارهێنانی غاز لە بواری کارەبادا ڕۆژانە ٤ ملیار پێ سێجای هاتوەتە سەر، ڕێژەی بەکاربردنی لەو بوارەدا لە (٢١٪)ەوە بەرزبوەتەوە بۆ ٢٤٪ کەچی بەکاربردنی خەڵوز لە (٤٨٪)ەوە دابەزیوەتە ٤٥٪.

لە بارەی نرخی غازو خەڵوزیشەوە لە بازارەکاندا تێبینی دەکرێت هەردەم تێچوونی غاز لە خەڵوز کەمترە لە ڕابردوو ئێستاو ئایندەدا. بۆ بەرهەمهێنانی ١٠٠٠ یەکەی گەرمیی لەڕێگەی غازەوە پێویستی بە ٤,٧ دۆلار دەبێت خەلوزیش شەش دۆلار.

## وزەی خۆر نابێتە جێگرەوە

سەبارەت بە وزەی خۆریش دیسانەوە ناتوانێت ببێتە ڕکابەری غاز چونکە:

١-نرخی تێچوونی هەر کیلۆ واتێک کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە لە شوێنێکی وەک ئەمریکا (٢١-٣١) سەنتی تێدەچێت، ئەمە لە کاتێکدا



بەشێکی زۆری غازی سروشتی عیراق بەهەوادا دەسوتێ

بەرهەمهێنانی هەمان بڕی کارەبا بە غاز (٦,١-٦,٥) سەنتی تێدەچێت، بە وزەی کارۆئاویش هەشت سەنتو بە خەڵوز نۆ سەنت.

٢-لەکاتی دەرنەکەوتنی خۆردا ناتوانرێت هیچ وزەیەک دەست بکەوێت، بەڵام غاز هەموو کاتێک دەست دەکەوێت.

٣-لە هەموو شوێنو کاتێکدا وزەی خۆر سوود بەخش نابێت، لەوانە ناوچە بیابانییەکانو زۆر گەرمەکانو زۆر شێدارەکان. لە پلەی گەرمای زۆر بەرزدا لە سەرووی ٤٨ پلەی سەدییەوە خانەی تەختە خۆرییەکان لە کار دەوەستێت. وڵاتانی دەریای ناوەراست گونجاوترین شوێنن بۆ بەدەست هێنانی وزە لە خۆرەوە. لەناوچە بیابانەکانیشدا بەهۆی هەڵکردنی هەواوە لم لەسەر تەختەکان دەنیشێتو وزەی خۆری ناگاتێ کە بەردەوام پاکردنەوەشی پێویستی بە پارە هەیە.

## لەرووی ژینگەوە پاکترە

لە رووی پاراستنی ژینگەشەوە غاز بە بەراورد لەگەڵ نەوتو خەڵوز لە هەمویان پاکترو کەمزیانترە.

لە عیراقیشدا لە سەرەتادا سەرچاوەی وزە بۆ بەدەستهێنانی کارەبا ئاو بوو وەک لە بەنداوەکانی دوکانو دەربەندیخان دەبینرێت، پاشان پشت بە وزەی هەڵم بەسترا وەک لە وێستگەی بێجی ئەنجام دەدرێت، بەڵام وا بۆ چەند ساڵێک دەچێت روو لە بەکارهێنانی غاز کراوە وەک لە چەند وێستگەیەکی کارەبا لە باشووری عیراقو وێستگەی مەلا عەبدولڵا لە کەرکوک، وێستگەی تازە خورماتوش کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە بنیات نراوە بە غازی کێڵگەی جەمبور کاردەکات.

## کوردستان هەنگاوی باشی ناوە

هەرێمی کوردستانیش توانیویەتی لە بواری سوود وەرگرتن لە غازدا هەنگاوی چاک هەڵبێنێت بۆ بنەبڕکردنی کێشەی کارەبا لە هەرێم، ئەویش بە بەکارهێنانی غازی کێڵگەی کۆرمۆر کە غاز بۆ هەردوو وێستگەی چەمچەماڵو پیرداود دابین دەکات.

لەمانەی لە سەرەوە باسمان کرد دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە لە ئایندەدا غاز دەبێتە شای سەرچاوەکانی وزەو شوێن بە هەموو سەرچاوەکانی تری وزە لێژ دەکات.

*شارەزا لە بواری نەوت

بوو، بەڵام دوای جەنگی جیهانی ...

کوردستانی نوێ ژمارە (٥٥٠٤) لە ٣/٦/٢٠١٧

# بەرنامەی ئایندەی عیراق بۆ پەرەپێدانی غاز

فەرهاد هەمزە محەمەد*

جیۆلۆجییەکان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە خۆرئاوای عیراق بە تایبەت ئەو بەشەی لەسنووری وڵاتی ئوردونەوە نزیکە گومان دەکرێت چەندین کێلگەی غازی لەخۆ گرتبێت. ئەگەر رووپێوییەکی چاکی ناوچەکە بکرێت ئەوا زیاتر راستییەکان روونده‌بنەوە، تا ئێستاش توانراوە کێلگەی (عەککاز)ی تێدا بدۆزرێتەوە کە لەسانگی رابردوودا کۆمپانیایەکی کۆری بەمەبەستی پەرەپێدانی گرێبەستی وەبەرهێنانی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا ئیمزاکرد.

## بەچەند قۆناغێك جێبەجێ دەكرێت

لەبەرئەوەی رۆژ بەرۆژ پێویستی جیهان بۆ غاز زیاتر دەبێت، هەربۆیە وەزارەتی نەوتی عیراق لەبەرنامەیدایە کە بەدەستی شارەزایانی عیراقیو بەتوانای نشتمانیی رووپێوی بۆ 42 هەزار کیلۆمەتر دوجا لە خاکی خۆرئاوای عیراق بە دوو قۆناغ ئەنجام بدات، بەم شێوەیە:

قۆناغی یەکەم: لەنێوان ساڵانی 2016-2012 ئەنجام دەدرێت، کە ئەمانەی خوارەوەی تێدا دەکرێت:

1- جێبەجێکردنی رووپێوی سایسمیك (seismic survey)ی دوولا (two dimention) لەرووبەری 23 هەزار کیلۆمەتر دوجادا.

2- هەڵکەندنی 12 بیری ئەزموونی (exploration).

3- جێبەجێکردنی رووپێوی سایسمیکی سێلا (Three dimention) بۆ رووبەری پێنج هەزار کیلۆمەتر دوجا.

4- هەڵکەندی 36بیری هەڵسەنگاندن (evaluation well).

لەئەنجامی ئەم کارانەی سەرەوەدا پێشبینی دەکرێت بری غازی دۆزراوە بگاتە 14 ملیار پێ سێجا (14 TCF). بری تێچوونی ئەم قۆناغەش یەك ملیارو 535 ملیۆن دۆلارە.

## داواکاریی لەسەر غازی عیراقی زیاد دەکات

قۆناغی دووەم: لەنێوان ساڵانی 2019-2015 کاری تێدادەکرێتو بەم چەشنە:

1- رووپێوی سایسمیك بۆ رووبەری 19 هەزار کیلۆمەتر دوجا لەخاکی خۆرئاوای عیراق ئەنجام دەدرێت.


2- هەڵکەندنی 10 بیری ئەزموونی.

3- جێبەجێکردنی رووپێوی سایسمیکی سێلا بۆ رووبەری چوار هەزار کیلۆمەتر دوجا.

4- هەڵکەندنی 30 بیری هەڵسەنگاندن.

لەم قۆناغەدا وا چاوەروان دەکرێت بری غازی دۆزراوە بگاتە پێنج ملیار پێ سێجا (5TCF). بری تێچوونیش بۆ ئەم قۆناغە ملیارێکو 265 ملیۆن دۆلارە.

بێگومان رۆژ بەرۆژ داواکاریی وڵاتان لەسەر غازی عیراق زیاد دەکاتو هەرکاتێك پرۆژەی (نابۆکۆ) کە غازی عیراقی لێوە رەوانەی ئەورووپا دەکرێ بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا عیراق دەبێتە یەکێك لەوڵاتانی هەناردەکاری غاز.



برەودانی زیاتر بەکێڵگە غازییەکان

*ئەندازیاری جیۆلۆجی